


# حزبی سیاسی پێویستییەک بۆ
# شۆڕش و دیموکراتی

## پارتی دیموکراتی کوردستان وەک نموونە



ئەم نووسینە بە بۆنەی نزیك بوونەوەی ٦٩یەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نووسراوە، بەڵام هێندەی لەسەر حزبی سیاسی وەك پێویستییەك بۆ شۆڕش و دیموکراتی هەڵوەستە دەکەین، هێندە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوەستە نەکراوە، بە پێچەوانەوە هەوڵدراوە شێوازێکی بەراوردکاری بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پێداویستیی حزب بۆ شۆڕش و بۆ بونیادی دیموکراتی پیادە بکرێت.

ئەوەی باوە لە ئەدەبیاتی حزبی رۆژهەڵاتیدا ئەوەیە حزب هەموو شتێکە، حزب شۆڕش هەڵدەگیرسێنێت، حزب دیموکراتی بونیاد دەنێت، بۆیە زۆر جاران کە یادی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و تەنانەت رۆژهەڵاتییەکانیش دەکرێتەوە، دروشمی سەرەکییان ئەوەیە فلان حزب شۆڕشی هەڵگیرسان، فلانە حزب سەرچاوە و ئیلهامی دیموکراتی و ئازادی و تاد. بووە.

**ئێستا کوردستانییەکان نەک تەنیا لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بەڵکو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە کوردستانییەک هەبێت، سەرۆک بارزانی بەخاوەنی خۆی دەزانێت**

لێرەدا زۆر گرنگە لە ساڵیادی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە ڕاشکاوی ئەو راستییە بە نەوەکانی ئێستا بڵێین: ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەیە کە ئەو حزبە لەناو شۆڕش و بۆ رێکخستنی شۆڕشی سەرتاسەری کوردستان دروست بووە، ئەمەش واتە پارتی پێش شۆڕش دروست نەبووە، بەڵکو پارتی دوای شۆڕشی دووەمی بارزان، کە شۆڕشێکی سەرتاسەری کوردستان بووە و لیژنەی ئازادی سەرکردایەتی ئەم شۆڕشەی کردووە، هەروەها دوای چوونی پێشمەرگەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ دامەزراوە.

کەواتە ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو حزبە کوردستانی و رۆژهەڵاتییەکان و چەپەکان جیادەکاتەوە، ئەوەیە پارتی بەرهەمی پێداویستی قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووی نەتەوەیە، نەتەوە راپەڕیوە و شۆڕشی دەست پێکردووە، بەڵام ئەم شۆڕشە و بەردەوامی شۆڕشەکە پێویستی بە دامەزراوەیەکی سیاسی هەیە، بۆ ئەوەی تواناکان و هێزەکان یەکبخات و ئاڕاستەیان بکات. کەواتە پارتی بۆ ئەوە دانەمەزراوە کە بە میللەتی خۆی بڵێت راپەڕیوە و شۆڕش دەست پێبکا، بەڵکو میللەتی کوردستان راپەڕیوە و دەستی کردووە بە شۆڕش و پێداویستی ئەم شۆڕش و راپەڕینە پارتی-یە.

**لەوانەیە لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و بۆ ئیستهلاکی مەحەلی هەندێک سەرکردەی لۆکاڵ بڵێن: ئێمە لەسەر رێباز و فیکری بارزانی نارۆین، بەڵام ئەگەر ئەو سەرکردە لۆکاڵانە راستگۆن، با لەسەر ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەو خەتە سوورە ببەزێنن کە بارزانی مستەفا وەک سنوور بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان کێشاویەتی، ئەوکات دەزانن گەلی کوردستان چۆن نەفرەتیان لێدەکات**

لێرەدا کە شێوازی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پێداویستییەکی دامەزراوەیی سیاسی لە شێوەی بەرەیەکدا پێناسە دەکەین و لە حزبەکانی دیکەی جیای دەکەینەوە، لەبەر ئەوەیە لە فیکری مستەفا بارزانی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پێناسەی بۆ پارتی لە پێناسە چەپ و رۆژهەڵاتی بۆ حزب جیاواز بووە. ئەمەش لەبەرئەوەیە پێش دامەزراندنی پارتی لە کوردستان، حزبی سیاسی هەبوون،نەك یەك و دووان، بەڵکو چەندین حزبی جیاوازیش بوونیان هەبوو، ئەم حزبانە هەریەکەیان پشتگیر و هاوکاری شۆڕشی دووەمی بارزان، هەروەها بە هاناچوونی پێشمەرگەکانی ئەو شۆڕشە بوون بۆ کۆماری کوردستان، بەڵام پێداویستی ئەو قۆناخە بەوەی پێویستە هەموو حزبە سیاسییەکان تواناکانیان یەکبخەن و هەموویان بە یەك دەست تواناکانی جەماوەر رێکبخەن، بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتەئاراوە، بۆیە ئەگەر سەیری دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، بەشی هەرە زۆریان پێشتر سەرۆك حزب و ئەندامانی حزبە سیاسییەکانی دیکە بوون، ئەم مێژووە پێمان دەڵێت: پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ئەوە دروست نەبووە کە پێش خۆی حزبی سیاسی نەبووە، یان لەبەر ئەوە نەبووە حزبە سیاسیەکانی پێش پارتی پشتگیری شۆڕشەکانیان نەکردووە، بەڵکو لۆژیکی دروست بوونی پارتی، دامەزراندنی بەرەیەك بوو بۆ کۆکردنەوەی بەشی هەرە زۆری حزبە کوردستانییەکانی ئەو سەردەمە.

لایەنێکی دیکەی دامەزراندنی پارتی، بەتایبەتی ئەوەی تایبەتە بە دامەزرێنەرەکەی، ئەوەیە کە مستەفا بارزانی لەبەر ئەوە پارتی دانەمەزراندووە کە ببێتە سەرۆکی پارتی، نەخێر پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێت، مستەفا بارزانی خۆی سەرۆکی نەتەوە بووە و نەتەوەش بە شانازییەوە ئەو سەرۆکایەتییەی ئەوی قبووڵ کردووە، نەك هەر لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە هەر چوارپارچەی کوردستان، پێش دامەزراندنی پارتی بە چەند ساڵێك مستەفا بارزانی بە ناوی گەلی کوردستان و شۆڕشی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٤٣ نامەی بۆ عەبدولڕەحمان عەزام پاشا نووسیوە، کە کەسایەتییەکی گەورەی عەرەبی میسری بووە و دوای دامەزراندنی کۆمکاری عەرەبی بووەتە سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی، پێی راگەیاندووە شەڕی کوردستان لەگەڵ عەرەب نییە و لەگەڵ ئەو رژێمە زاڵمانەیە کە کورد و عەرەب پێکەوە دەچەوسێننەوە. هەروەها لەساڵی ١٩٤٤ حکومەتی پادشایەتی عێراق بە فەرمی دانوستاندنی لەگەڵ شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و خوالێخۆشبوو ماجید مستەفا کە ئەوکات وەزیر بووە، سەرۆکایەتی شاندی حکومەتی پادشایەتی عێراقی کردووە. لەمەش گرنگتر راستە لە کاتی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، بەڵام بارزانی مستەفا سەرۆکی ئەرکانی کۆماری کوردستان بوو، هێشتا سەرپەرشتی یەك کۆبوونەوەی پارتی نەکردبوو، کە قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی پێسپارد و وەك ئەمانەت دایە دەستی جەنابی مستەفا بارزانی و ئەو ئەمانەتەی تەسلیمی سەرۆك مسعود بارزانی کردووە، بۆیە لەوانەیە زۆر کەس درك بەوە نەکات، بۆچی سەرۆك مسعود بارزانی هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی

دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنێت، سەرۆك مسعود بارزانی وەك پێشمەرگەیەکی بەوەفای هەموو سەرکردە کوردەکانی پێش خۆی، تا دەگاتە شێخ مەحموودی حەفید و قازی محەمەد و مستەفا بارزانی، خۆی بە درێژەپێدەری ڕێباز و فیکری هەموویان دەزانێت، هەربۆیە ئەگەر لە ڕەفتارو هەنگاوەکانی سەرۆك مسعود بارزانی زیاتر ورد ببینەوە، لەوانەیە لە ڕوویەکەوە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، وەك ئامانجێك بخوێندرێتەوە کە مستەفا بارزانی لە سەردەمی خۆی بۆی نەهاتەدی، بەڵام ئامانجی مستەفا بارزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئامانجی قازی محەمەد بووە و قازی محەمەد-یش کە کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، ئامانجی شێخ مەحمودی حەفید و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی هێناوەتە دی. هەموو سەرکردەکانی کورد لە شێخ عوبێدوڵای نەهری تادەگاتە شێخ عەبدولسەلام بارزانی و تا دەگاتەوە سەرۆك مسعود بارزانی، هیچ کام لەم سەرکردانە پێویستییان بە نازناوی سەرۆك نەبووە، هەر بۆیە مێژووی سەرکردەکانی کوردستان پێش لێکترازانی حزبی و دروستبوونی دووبەرەکی حزبی، هەموویان وەك ئەڵقەکانی یەك زنجیرە وان و هەموو سەرکردەیەك خۆی بە پێشمەرگەیەکی سەرکردەیەکی پێش خۆی دەزانێت، هەروەك چۆن موحسین دزەیی بۆی گێڕاینەوە، مستەفا بارزانی زۆر تووڕە بووە کاتێك پێیان وتووە پێشەوا، لە وەڵامدا وتوویەتی ئێمە یەك پێشەوامان هەیە، ئەویش قازی محەمەدە.

کەواتە ئەم مێژووەی دامەزراندنی پارتی وەك حزبێکی سیاسی، دوو وانەی گرنگ فێری هەر تاکێکی کوردستان دەکات، کە دەشڵێین هەر تاکێکی کوردستان و ناڵێین هەر ئەندامێکی پارتی، بۆ ئەمەیان دەڵێین، ئەگەر ئەندام و کادرانی پارتی لێمان تووڕە نەبن، ئاشکرایە بنەمای ئەندامبوون لە پارتی کوردبوون و کوردستانیبوون بووە، پارتی ئەو حزبە نەبووە ئەندامەکانی خۆی بە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو (ئەوەی حزبە تۆتالیتارییەکان پێی دەڵێن: تەسقیفی حزبی) ئەندامەکانی خۆی ڕۆشنبیر بکات، لە فیکری بارزانیدا گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، هۆشیارە و پێویستی بە ڕۆشنبیریی حزبی نییە، ئەوەی پێویستی پێیە هۆشیار بکرێتەوە و بە زامی نەتەوەکەی ڕۆشنبیر بکرێت، ئەو کادرانەن کە میللەت نوێنەرایەتی خۆی بۆ شۆڕش پێسپاردوون، هەر بۆیە ئەگەر لە ناو مێژووی مستەفا بارزانیدا، فیکر و ئەخلاق و ڕەفتاری مستەفا بارزانی بە میتۆدێکی ئەرکیۆلۆژییانە بێنینەوە دەنگ، هەست دەکەین، بارزانی مستەفا هەموو کات گوێی لە چین و توێژە جیاوازەکانی گەلەکەی گرتووە، بۆ ئەوەی گەلەکەی هۆشیاری بکاتەوە، نەك ئەو گەلەکەی هۆشیار بکاتەوە، ئەوەی ئێستا لە نەوەکانی پێش خۆمان گوێمان لێدەبێت و لە نزیکەوە بارزانی مستەفایان ناسیوە، ئەوەی بە شانازییەوە بۆمان دەگێڕنەوە ئەوەیە کە دەڵێن بارزانی مستەفا گوێی لێدەگرتین و نەیدەهێشت هەستی پاکی کوردایەتی و کوردستانی بوون بە سیاسی بکرێت، ئەگەر لەسەر ئەم ڕاستییانە جارێکی دیکە ئەم فیکر و ئەخلاق و ڕەفتارانەی مستەفا بارزانی بێنینەوە دەنگ، ئەوا ئەو فیکرو ئەخلاق و ڕەفتارە بەشێوەیەکی دیکە سیاسەتمان بۆ پێناسە دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر سیاسەت لە پێناوی خزمەتی نەتەوە و بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە نەبێت، ئەوە سیاسەت نییە و ئەخلاقی سیاسەتیشی تیدا نییە. بۆیە هەر کەسێك، یان تاکێکی کوردستانی ئەوجا هەر بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت، ئەگەر سیاسەت لەسەر ئەو بنەمایە بکات، بەوەی بنەمای سیاسەت بەرژەوەندیی گشتی و بۆ بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیە، ئەوا ئەگەر ئەندامی پارتیش نەبێت، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پارتی نییە.

وانەی دووەم کە لەم مێژووە فێری دەبین، ڕەفتاری سەرۆك و ئەو دەستە دامەزرێنەرەن کە ئەم حزبەیان دامەزراندووە، ئەویش دروستبوونی ئەو قەناعەتەیە بوون بە پارتی بۆ پلە و پایە نییە، هەروەها بۆ ئەوەش نییە کە نوێنەرایەتی میللەتی خۆت دەکەیت، ئەوجا لە هەر پلە و پۆستێك، متمانەی میللەتی خۆت لەدەست بدەیت و لەکارەکەی خۆتدا گەندەڵی بکەیت، ئەم وانەیە بۆ ئەندامان و کادرانی پارتی زۆر گرنگە پەندی لێوەربگرن، لەبەر ئەوەی ئەندام و کادرانی پارتی لە ژێر وێنەی مستەفا بارزانی وەك سەرۆکی نەتەوە و لە بەردەم ئاڵای کوردستاندا کاری ڕۆژانەیان دەکەن، بۆیە ئەگەر بزانن ئەو ئاڵا و وێنەیە چ ئەرکێکی گرانی خستۆتە سەرشانیان، ئەوا هەرگیز ویژدانیان ڕێگەیان پێنادات، نەك گەندەڵی، بەڵکو کەمتەرخەمیش بکەن، لێرەدا جێگەی خۆیەتی لە تەفسیرێکی کورت پێناسەی ئەو ئاڵا و وێنەیە بکەین کە لە پشت سەر خۆمان دامانناوە.، ئەوە مانای ئەوەیە نەك هەر بە تەنیا لەبەر دەست و ڕۆشنایی فیکری مستەفا بارزانی کار دەکەین، بەڵکو قازی محەمەد-یش سەرۆکی یەکەمین کۆماری کوردستان لە پشتمانەوە وەستاوە و چاودێریمان دەکات، ئەو ئەمانەتەی بە مستەفا بارزانی بۆی ناردووین، چۆن ڕێزی دەگرین؟

ئەم خوێندنەوەی فیکرییە بۆ ڕۆڵ و پێداویستی حزبی سیاسی کە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان، دەکرێت لەناو شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا دووبارە پێناسەی بکەینەوە. لە وانەی یەکەمی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئاماژەمان بەوە کرد، ئەندامبوون لە پارتی پێوەندی بە پارتایەتییەوە نییە و ئەگەر پارتیش نەبی، یان حزبێکی دیکەش بیت، پارتی هەروەك ئەندامی پارتی مامەڵەی لەگەڵت کردووە، هەر بۆ نموونە هەموو سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراقی ئەوانەی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول

**مستەفا بارزانی بۆ کوردستان وەک جۆرج واشنتۆن وایە بۆ ئەمریکا، ئەوان چۆن جۆرج واشنتۆن بە باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئازادی ئەمریکا ناو دەبەن، بۆ هەر تاکێکی کوردستانیش لە هەر شوێنێکی کوردستان بێت، مستەفا بارزانی باوکی دامەزرێنەرە و نەتەوە لێی قبووڵ ناکات ئەو فیکر و ڕێبازە پێشێل بکات**

**فیکری بارزانی مستەفا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەیە، ئەگەر ئەم چارەسەرە ڕەتکرایەوە، ئەوا خەباتی چەکداری هەقێکی ڕەوای کوردە لە هەر چوارپارچەکە بەرگری لەخۆی بکات**



**پارتی یەک ئەرکی مێژوویی لەسەر شانە، ئەویش ئەوەیە پارێزەری فیکری نەتەوە بێت و ڕێگە نەدات ئەم فیکرە پاک و بێگەردە بە ئایدیۆلۆژیەتی نامۆ و دەرەکی گەردی بەر بکەوێت**

پێشمەرگە بوون، هەر هەموویان بە هاوڕێ عەزیز محەمەد -یشەوە شانازی دەکەن کە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوون لە ژێر ڕێبەرایەتی بارزانیی نەمردا، هەموو ئەوانەی هەڵگری بیری نەتەوەیی (کاژیك) بوون، نەك هەر خۆیان بە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول دەزانن، بەڵکو مستەفا بارزانی بە ڕابەری بیری نەتەوەیی دادەنێن، تەنانەت شەهیدی سەرکردە فەتاح ئاغا کە هەڵگری بیری نەتەوەیی بوو، یەکێك بووە لە فەرماندەی هێز لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا، شەهید ئیدریس بارزانی داوای لێکردووە ببێتە مامۆستا بۆ نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوەی بە بیری نەتەوەیی گۆشی بکات، ئەم مێژووە پێمان دەڵێت: پارتی یەك ئەرکی مێژوویی لەسەر شانە، ئەویش ئەوەیە پارێزەری فیکری نەتەوە بێت و ڕێگە نەدات ئەم فیکرە پاك و بێگەردە بە ئایدیۆلۆژیەتی نامۆ و دەرەکی گەردی بەر بکەوێت.

پرسێکی دیکە کە زۆر ئەرکی سەرشانی پارتی بە گشتی و سەرۆك مسعود بارزانی بەتایبەتی قورس کردووە، فیکر و تێگەیشتنی مستەفا بارزانی-یە بۆ کوردبوون و کوردستانیبوون، لە فیکری مستەفا بارزانی-دا کورد یەك نەتەوەیە و خاکەکەشی جوگرافیایەکی یەکگرتووە، لەناو ئەم جوگرافیایەی پێی دەگوترێت کوردستان، نەتەوە و ئایینی جیاواز هەن و بە درێژایی مێژوو لەگەڵ کورد لەسەر ئەو خاکە ژیاون، بۆیە کوردستان نیشتمانی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانە، ڕاستە لەم نیشتمانەی پێی دەگوترێت کوردستان، کورد زۆرینەیە، بەڵام زۆرینە بەو مانایە نییە مافی نەتەوە و ئایینەکانی دیکە پێشێل بکات، بەڵکو زۆرینە بۆ ئەوەیە بەدەنگی بەرز بە هەموو جیهان بڵێت لە کوردستان ئایین و نەتەوە کەمینە و زۆرینەی بۆ نییە و بە کەمینە و زۆرینە حیساب ناکرێت، نەتەوە و ئایین هەر نەتەوە و ئایینە و هیچ جیاوازییەکیان نییە. هەر بۆیە فیکری بارزانی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فیکری نەتەوەیی کوردی، ئەو ئاشتی و پێکەوەژیانە ئاشتییانەی بەرهەم هێناوە کە پاپای فاتیکان لە دەوڵەتی فاتیکانەوە سوپاسی سەرۆك مسعود بارزانی دەکات.

لایەنێکی دیکەی فیکری بارزانی مستەفا بۆ کوردستانیبوون و کورد بوون، پرسی کوردە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، ئەم فیکرە هەر چوارپارچەی کوردستانی لەخۆ گرتووە، ڕاشکاوانەتر فیکری بارزانی مستەفا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەیە، ئەگەر ئەم چارەسەرە ڕەتکرایەوە، ئەوا خەباتی چەکداری هەقێکی ڕەوای کوردە لە هەر چوارپارچەکە بەرگری لەخۆی بکات، بەڵام ئەگەر



دەرفەتی چارەسەری ئاشتییانە هاتە پێشەوە، نابێت بازی بەسەردا بدرێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر ورد گوێ لە هەندێك لە وەڵامەكانی سەرۆك مسعود بارزانی بگرین كە لەكاتی زۆر هەستیار و ناسكدا بۆ نموونە لەسەر خەباتی چەكداری پەكەكە دژی توركیا لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە ئاراستەی دەكرا، سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ ئەوەی باش دەزانێت توركیا بۆ كوردستان چەند گرنگە، بەڵام راشكاوانە بەجیهانی رادەگەیاند ئەگەر توركیا دەرگای ئاشتی كردەوە و پەكەكە وەڵامی نەدایەوە، ئەو كاتە من هەڵوێستی خۆم دەردەبڕم، ئەم لێدوانەمان هەم لە نێچیرڤان بارزانی و هەم لە مسرور بارزانی گوێ لێبووە، چونكە ئەمانیش پەروەردەی هەمان قوتابخانەی فیكری بارزانین. ئەوا وەك بینیومانە نێچیرڤان بارزانی زۆر راشكاوانە لەناو میدیای بینراو و نووسراوی توركیا وتوویەتی چارەسەری كێشەی كورد لە توركیا كێشەیەكی سەربازی نییە و دەبێت لەگەڵ پەكەكە دانوستاندن بكرێت، هەروەها مسرور بارزانی لەناو پەرلەمانی ئەوروپا بە جیهانی راگەیاند: ئێمە پەكەكە بە تیرۆریست نازانین. ئەگەر بە ویژدانەوە باجی ئەم لێدوانانە بخوێنینەوە كە چەند لایەنی بەرامبەری توورە كردووە، بەتایبەتی لەسەر هەڵوێستەكانی سەرۆك بارزانی بەرامبەر پەكەكە، ئەوا ویژدانمان پێمان دەڵێت:

سەرۆك مسعود بارزانی ئەگەر ژیانی خۆیشی لەسەر دانابێت، ناتوانێت لە فیكر و رێبازی بارزانی لابدات، ئەم جەختكردنەوەی سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر فیكر و رێبازی بارزانی لەبەر ئەوە نییە كە مستەفا بارزانی باوكیەتی، بەڵكو لەبەر ئەوەیە پێش ئەوەی مسعود بارزانی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لەدایك بێت و پارتیش بوونی هەبێت، نەتەوەی كورد و سەرۆكە گەورەكانی كورد بە سەرۆكی كوردستان قبووڵیان بووە، ئەوجا نەك هەر سەرۆك مسعود بارزانی بەڵكو هەموو سەرۆك حزبەكانی هەر چوار پارچەكە ئەگەر لە ماوەیەكی مێژوویيشدا خۆیان وەك دژی مستەفا بارزانی پیشاندابێت، یان نمایشی سیاسییان كردبێت، سەرەنجام هەر چوونەوە لای بارزانی مستەفا و هەر خۆیان بە پێشمەرگەی ئەو زانیوە. بۆیە مستەفا بارزانی بۆ كوردستان وەك جۆرج واشنتۆن وایە بۆ ئەمریكا، ئەوان چۆن جۆرج واشنتۆن بە باوكی دامەزرێنەری كۆماری ئازادی ئەمریكا ناو دەبەن، بۆ هەر تاكێكی كوردستانیش لە هەر شوێنێكی كوردستان بێت، مستەفا بارزانی باوكی دامەزرێنەرە و نەتەوە لێی قبووڵ ناكات ئەو فیكر و رێبازە پێشێل بكات. هەروەك چۆن ئەمریكییەكان دوای زیاتر لە ٢٣٠ ساڵ لە هیچ سەرۆكێكی قبووڵ ناكەن. ئەگەر لەم روانگەیەوە

**هەموو ئەوانەی هەڵگری بیری نەتەوەیی (كاژیك) بوون، نەك هەر خۆیان بە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول دەزانن، بەڵكو مستەفا بارزانی بە رابەری بیری نەتەوەیی دادەنێن**



**ئەگەر لە ناو مێژووی مستەفا بارزانیدا، فیکر و ئەخلاق و رەفتاری مستەفا بارزانی بە میتۆدێکی ئەرکیۆلۆژییانە بێنینەوە دەنگ، هەست دەکەین، بارزانی مستەفا هەموو کات گوێی لە چین و توێژە جیاوازەکانی گەلەکەی گرتووە، بۆ ئەوەی گەلەکەی هۆشیاری بکاتەوە، نەک ئەو گەلەکەی هۆشیار بکاتەوە**

سـەیری سـەرۆك مسـعود بارزانی بکەین کە لە هەر چوار پارچەی کوردسـتان درێژە بە هەمان رێباز و فیکر دەدات، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی پێوەندی نێوان سەرۆك مسـعود بارزانی لەگەڵ مستەفا بارزانی پێوەندی نێوان پێشـمەرگەیەك و باوکی دامەزرێنەرە، نەك پێوەندی باوك و کوڕ، ئەگەر راشـکاوانەتریش سەیری مێژووی ژیانی سەرۆك مسعود بارزانی بکەین، دەبینین هێندەی پێوەندی نێوان ئەو و مسـتەفا بارزانی پێوەندی نێوان پێشـمەرگە و باوکـی دامەزرێنەرە، هێندە پێوەندی نێوان باوك و کوڕ نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سـەرۆك مسعود بارزانی هەتا تەمەنی ١٣ ساڵی مستەفا بارزانی نەبینیوە و ئاوارە بووە، کاتێکیش مستەفا بارزانی لە کۆتایی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە وەك سەرۆکی نەتەوە لەسـەر ئاستی عێراق و کوردستان پێشوازی لێکراوە، لەمە بەدوا مستەفا بارزانی ئەرکێکی هێندە قورسی لەسەر شان بووە هەتا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١، لەوانەیە هێندە نەپەرژابێتە سـەر ئەوەی وەك باوك و کوڕ لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی مامەڵە بکات.بۆیە سـاڵی ١٩٦٢ کە سـەرۆك مسعود بارزانی دەبێتە پێشـمەرگە، لەو سـاڵەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەبـەر دەسـتی بارزانی فێـری فیکـری نەتەوەیی و پێشمەرگایەتی بووە، ئەمەش واتە پێوەندییەکە لە پێوەندیی باوك و کوڕەوە، دەگۆڕێت بۆ پێوەندی نێوان پێشمەرگەیەك و باوکی دامەزرێنەری فیکری نەتەوەیی. بۆ ئەوەی ئەمە روونتر و ئاشکراتر بێت، لەوانەیە لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و بۆ ئیسـتهلاکی مەحەلی هەندێك سـەرکردەی لۆکاڵ بڵێن: ئێمە لەسەر رێباز و فیکری بارزانی ناڕۆین، بەڵام ئەگەر ئەو سـەرکردە لۆکاڵانە راستگۆن، با لەسەر ئاسـتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی، ئەو خەتە سـوورە ببەزێنن کە بارزانی مسـتەفا وەك سـنوور بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد و کوردسـتانییەکان کێشاویەتی، ئەوکات دەزانن گەلی کوردسـتان چۆن نەفرەتیـان لێدەکات. ئەم خوێندنەوەیە بۆ پێداهەڵگوتن نییە بە شان و باڵی پارتیدا، لەبـەر ئەوەی لەوانەیە پارتییش، پێش هەر حزبێکی دیکە



لە مەحەکی فیکری مستەفا بارزانی-دا رەخنەی کەمی لەسەر نەبێت، بەڵکو ئەم خوێندنەوەیە بۆ هەر تاکێکی ئەم کوردستانەیە بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە. ئێمە پارتی وەك تەنها یەكێك لە بەرهەمەکانی فیکری مستەفا بارزانی دەخوێنینەوە و دەشزانین لەناو ئەو خوێندنەوەیەدا پارتی بێ رەخنە نابێت و رووبەڕووی رەخنەی زۆر توند دەبێتەوە، بەڵام ئامانج لەم خوێندنەوەیە ئەوەیە کە ئێستاش وەك ساڵانی ١٩٤٣ و ١٩٤٦ و ١٩٦١، پێویستمان بە پارتی دیموکراتی کوردستانە کە سەرلەنوێ نەك تەنها ریزەکانی گەلی کوردستان لە باشووری کوردستان، بەڵکو ریزەکانی گەلی کوردستان لە نیشتمانی کوردستاندا یەکبخاتەوە.

بۆ کورد جێگەی خۆشحاڵی و سەربەرزییە، لە هەفتەی رابردوو شاندێکی باکوور هاتوون بۆ لای سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەوەی یارمەتی تورکیا و پەکەکە بدات بۆ ئەوەی لە بری شەڕ ئاشتی دەست پێبکەنەوە، هەروەها بۆ کورد جێگەی شانازییە هەموو لایەنەکانی رۆژئاوا لە هەولێر و دهۆك لە دەوری سەرۆك بارزانی کۆدەبنەوە، بۆ کورد جێگەی شانازییە لایەنەکانی رۆژهەڵات لە دەوری بارزانی کۆدەبنەوە.

لەم قۆناخە مێژووییەدا، گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان بزانێت ئەرکی ئەم حزبە چەند قورسە، گرنگە بزانێت ئەرکی سەرۆك مسعود بارزانی لە ئەرکی سەرۆك حزبێك و سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەورەترە، ئێستا کوردستانییەکان نەك تەنیا لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بەڵکو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە کوردستانییەك هەبێت، سەرۆك بارزانی بە خاوەنی خۆی دەزانێت، بۆیە پێویستە لەم قۆناخە و لە ٦٩یەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەم حزبەدا، جارێکی دیکە ئەو گوتارە زیندوو بکەینەوە کە بارزانی مستەفا پارتی بۆ دامەزراندووە، پارتی ئامێرە، ئامانج نییە، دەبێت زانایانە ئەم ئامێرە بۆ سەرفرازی کوردستان بەکار بهێنین و ئەم راستییەش بە ئاشکراو بە دەنگی بەرز لەگەڵ کوردستانییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان پیشانی هەموو جیهانی بدەین.


**هەفتەی رابردوو شاندێکی باکوور هاتوون بۆ لای سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەوەی یارمەتی تورکیا و پەکەکە بدات بۆ ئەوەی لەبری شەڕ، ئاشتی دەست پێبکەنەوە**



# قەیرانی پەرلەمان و مەترسییەکانی لەباربردنی دیموکراتی

# لە کاتێکدا سیستمی حزبی سەقامگیر نەبێت و پەرلەمان نەتوانێت کاری خۆی بکات سەرۆکی هەڵبژێردراو وڵات لە کارەساتی ناسەقامگیریی سیاسی رزگار دەکات





«نەمسا نموونەیەکی دیکەی ئەو وڵاتە نیمچە سەرۆکایەتییانەیە کە سەرۆکەکەی راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، سیستەمەکەشی زیاتر لە پەرلەمانی نزیکە، تا نیمچە سەرۆکایەتی. جیۆفانی سارتۆری بیرمەندی سیاسیی ئیتاڵی هەتا ئێستاش لەسەر ئەو رایەی خۆی سوورە و دەڵێت: نابێت سیستمی سیاسیی نەمسا لە سەر سیستمی نیمچە سەرۆکایەتی پۆلین بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو دەسەڵاتانەی سەرۆکی نەمسا هەیەتی، تەنیا لەسەر کاغەزە و بەکاری نەهێناون، بەڵام هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆک و ئەو دەسەڵاتانەی پێی دراوە، وایکردووە کە نەمسا لە ریزی سیستمی نیمچە سەرۆکایەتی دابنرێت. سەرۆکی نەمسا هەتا ساڵی ١٩٢٩ هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە، بەڵام پاش ئەوەی لەو ساڵەدا هێزی نادیموکراتی و گوشارەکان لە دەرەوەی پەرلەمان بوونە رێگر لەبەردەم هەموارکردنی دەستوور، ئەوا سەرۆکی نەمسا بڕیاری دا راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، لەدوای ئەم هەڵبژاردنە سەرۆکی نەمسا دەسەڵاتەکانی دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیران و هەڵوەشانەوەی حکومەت و پەرلەمانی پێدرا. لە ناو دەستووردا سەرۆکی نەمسا وەک بەرگریکارێکی بێلایەن لە کۆماری نەمسا دەستنیشان کرا، بەمەش سەرۆکی نەمسا هەمان رۆڵی پێسپێردرا کە پادشای بەریتانیای مەزن لە دەستووردا پێی دراوە.»

یو چانگ شین
توێژینەوەی «پەرەپێدانی سیستمی نیمچە سەرۆکایەتی: بەرەو شێوە سەرۆکایەتی، یان شێوە پەرلەمانی»
زانکۆی تۆنگی تایوان

### • حزبی تۆتالیتاری و تێکدانی هاوسەنگیی سیستمی دیموکراتی

گەورەترین کێشەی پرۆسەی بونیادنانی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، یان ئەوانەی پێیان دەگوترێت وڵاتانی دوای شەڕ و تەنگژە، نەبوونی حزبی بەهێزی دیموکراتییە، راشکاوانەتر لەو وڵاتانەدا حزبە سیاسییەکان بەرهەمی پرۆسەی دیموکراتی و پێویستی کۆمەڵگە نین، هەتا حزبەکان بتوانن نوێنەرایەتی خواست و داواکارییەکانی خەڵکەکەیان بکەن، هەربۆیە کاتێك حزبە سیاسییەکان لە نوێنەرایەتیکردنی خواستی خەڵك فەشەل دەهێنن، ناتوانن پێناسەی کێشەکان بکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، هەروەها ناتوانن لەبەر رۆشنایی بارودۆخ و قۆناخە ناسکەکانی نەتەوە رەفتار بکەن، لەو کاتەی پێویستە ئامانجە گرنگەکانی نەتەوە رەچاو بکەن، هەر بۆیە لە ئاکامی ئەم رەفتارە حزبییە نابەرپرسیارانەدا، ئەوا کۆی حزبەکانی ناو کۆمەڵگە لە سەر ئاستی رای گشتی بێ متمانە دەبن، زیاتر لەمەش حزبی سیاسی لە بری ئەوەی ببێتە بەشێك لە چارەسەر بۆ کێشەکانی ناو کۆمەڵگە، خۆیان دەبنە کرۆکیی کێشە و ململانێی سیاسی، لە ناو پەرلەمانیش کاریان بۆ خواست و داواکاریی خەڵك دەگۆڕێت بۆ ململانێ لە سەر بەرژەوەندیی حزبایەتی تەسك.

ئەم دیاردەیەی کە حزبە سیاسییەکان لە یەکێك لە قۆناخەکانی مێژووی نەتەوە هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن، لە مێژووی کۆن و نوێی نەتەوەکاندا شتێکی تازە نییە، بەڵام مەترسی ئەم حاڵەتە ناتەندروستە ئەوەیە، رەفتاری نابەرپرسانەی حزبە سیاسییەکان ببێتە هۆکار و زەمینەخۆشکەرێك بۆ دروستبوونی فشار لە دەرەوەی ئیرادەی نەتەوە، یان لە دەرەوەی پەرلەمان، یان ژینگەی ناو پەرلەمان بگۆڕێت بۆ هۆڵێکی کراوەی وتووێژ و موزایەدەی حزبی، بە بێ ئەوەی رەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکرێت.

کەواتە گرفتی سەرەکیی قەیرانی پەرلەمانی لە دیموکراتییە تازە پێگەیشتووەکاندا، بە پلەی یەکەم لەو حزبە سیاسییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بڕوایان بە دیموکراتی نییە، دیارە بڕوابوون بە دیموکراتی بەو مانایە نییە کە دابنیشن پێناسەی دیموکراتی بکەن و فەرزی ئایدیۆلۆژیای حزبی خۆیان بە ناوی دیموکراتییەوە بە سەر خەڵکدا بسەپێنن. راشکاوانەتر بڕوابوون بە دیموکراتی ئەو پرسیارەیە کە پێویستە حزبە سیاسییەکان لە خۆیان بپرسن: «ئایا دیموکراتی چییە؟« ئەمەش بەو مانایەی هەر میکانیزمێکی دیموکراتی، با ئەو میکانیزمەش لەناو پرۆسەی یەکێك لەو وڵاتانەی دیموکراتی پیادە دەکەن، بوونیشی هەبێت، بەڵام ئەگەر پیادەکردنەوەی ئەم میکانیزمە، یان ئەم میتۆدە نەیتوانی وەڵامی سەقامگیری و سیاسەتی کۆمەڵایەتی و حوکمڕانی و ئابووری ئەو کۆمەڵگەیە بداتەوە، ئەوا ناتواندرێت وەك میکانیزمێك، یان میتۆدێکی دیموکراتی پێناسە بکرێت، لەمەش گرنگتر کەلتوور، یان رۆشنبیریی دیموکراتی خوێندنەوەی ئینتیقائییانە بۆ پرۆسە و میتۆدە دامەزراوەییەکانی کۆمەڵگە قبووڵ ناکات، ئەگەر لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەك بکەین، دیارە پرۆسەی کەمینە و زۆرینە یەکێکە لە گرنگترین پرەنسیپەکانی دیموکراتی لە یۆنان-ەوە تا ئێستا، بەڵام ئەم پرۆسەیە کاتێك بە میتۆدێکی دیموکراتی لە قەڵەم دەدرێت کە هیتلەر، یان مۆسۆلینی، یان لە مێژووی هاوچەرخدا سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بەرهەم نەهێنێتەوە، ئەم حاڵەتە بۆ عێراق و لوبنان-یش راستە، هەر بۆیە لە دووبارە دروستکردنەوەی سیستمی سیاسی بۆ عێراق و لوبنان، زۆرینە و کەمینەیان نەکردۆتە بناخە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، بەڵکو ئەوەی بنەمایە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، مۆزایکی کۆمەڵگەی عێراق و لوبنانییە. پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەوەی بۆ عێراق و لوبنان راستە، بۆ وڵاتێکی دیکەش راستە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تایبەتمەندی و کەلتووری و قۆناخی نەتەوەکە دەیداتەوە. لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سادەترین دەربڕین کە ئەویش دەربڕینەکەی تۆماس جیفرسۆن -ە و توانیویەتی شتێك لەسەر دیموکراتی دەرببڕێت، بەڵام نەیتوانیوە پێناسەی بکات، ئەوەیە کە (دیموکراتییەت حوکمڕانیی گەلە، واتە لە گەلەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆ گەلیشە)، ئەگەر سەرنج لەم دەربڕینە بدەین بە دەربڕینێکی دیکەی گرێ بدەینەوە کە دەڵێت: «بە بێ باجدان دیموکراتی نوێنەرایەتی بوونی نییە»، ئەمە مانای ئەوەیە خەڵك پارە دەدات بە نوێنەرەکانی بۆ ئەوەی لە حوکمڕانیی وڵاتدا نوێنەرایەتی بکەن. لەم حاڵەتەدا کە حزبی سیاسی لە بری خەڵك نوێنەرایەتی دەکات، خۆی خاوەنی هیچ گوتارێکی سیاسی نییە، بەڵکو گوتاری سیاسیی حزب بریتییە لە خواست و داواکاری ئەو خەڵکە، بەڵام کاتێك حزبی سیاسی خۆی بەرنامە دادەڕێژێت و دەیەوێت لە سەر ئەو بەرنامەیە خەڵك کەسب بکات، ئەوا هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و حزب لە بری گەل دەبێتە کارەکتەری حوکمڕانی و خەڵك دەبێت نوێنەرایەتی حزب بکات، دەرەنجامیش وەك بە راشکاوی دەبینین لە کوردستان لە بری ئەوەی خەڵك پارە (باج) بدات

■

**ئەم حاڵەتە ناتەندروستەی بە دەست فیکری تۆتالیتاری بەشێک لە حزبە سیاسییەکانەوە رووبەڕووی پرۆسەی سیاسیی کوردستان بۆتەوە، لە ئێستادا نەک هەر گەورەترین ئاستەنگی درووست کردووە، بەڵکو کوردستانی خستۆتە سەر لێواری کارەساتێک و خەریکە زەمینە بۆ ئاژاوەیەکی گەورە دروست دەبێت**

■

**بە راشکاوی دەبینین لە کوردستان لە بری ئەوەی خەڵک پارە (باج) بدات بۆ ئەوەی نوێنەرەکانی لە بری ئەو حوکمڕانی بکەن، ئێستا حزبە سیاسییەکان پارە بە خەڵک دەدەن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی حزبەکان بکەن**

■

**کەلتوور، یان رۆشنبیریی دیموکراتی خوێندنەوەی ئینتیقائییانە بۆ پرۆسە و میتۆدە دامەزراوەییەکانی کۆمەڵگە قبووڵ ناکات**

# هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە فاکتەرێکی گرنگە بۆ دیموکراتییە تازەکان

**دوای ئەو مشتومڕانەی کران دەربارەی ئەوەی ئایا سیستمی سەرۆکایەتی، یاخود سیستمی پەرلەمانی کاریگەری خوازراوی لەسەر درێژەدان بە دیموکراسی لێدەکەوێتەوە؟ ئێستا ژمارەیەکی زیاتری دیموکراسیيە نوێیەکان، لە نێویاندا وڵاتانی دوای کۆمۆنیزم و وڵاتانی دوای کۆڵۆنیاڵیزم، دەستوورێکی نیمچە سەرۆکایەتییان تەبەنی کردووە، کە ئەمەش سیستمێکە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك و بەرپرسیاربوونی حکومەت لە بەردەم پەرلەماندا لە خۆ دەگرێت.**

**سەرچاوە:**

Presidentialized Semi-Presidentialism in Taiwan: View of Party Politics and Institutional Norms

**لە نوسینی یو چانگ شین**

بۆ ئەوەی نوێنەرەکانی لە بری ئەو حوکمڕانی بکەن، ئێستا حزبە سیاسییەکان پارە بە خەڵك دەدەن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی حزبەکان بکەن.

ئەم حاڵەتە ناتەندروستەی بە دەست فیکری تۆتالیتاری بەشێك لە حزبە سیاسییەکانەوە ڕووبەڕووی پرۆسەی سیاسیی کوردستان بۆتەوە، لە ئێستادا نەك هەر گەورەترین ئاستەنگی درووست کردووە، بەڵکو کوردستانی خستۆتە سەر لێواری کارەساتێك و خەریکە زەمینە بۆ ئاژاوەیەکی گەورە دروست دەبێت، کە بە هیچ شێوەیەك گەلی کوردستان خوازیاری نییە و نایەوێت حزبەکان ئەو کارە لە بری ئەوان بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ناو سیستم و پرۆسەی دیموکراتی، گەل لەو خاڵانەدا نوێنەرایەتی بە حزبەکان دەدات، کە خۆی نەتوانێت ڕاستەوخۆ بەشداری پرۆسە سیاسییەکە بکات. هەر بۆ نموونە لە پرسی داڕشتنی دەستووری وڵات، گەل نوێنەرایەتی خۆی نادات بە حزبە سیاسییەکان، تەنانەت پرسی دیاریکردنی سیستمی سیاسی کە بەستراوەتەوە بە دەستوور، یان بە یاسایەکی تەئسیسی کە هێزی دەستووری هەبێت، بۆ ئەوەیە حزبەکان خۆیان سیستمێکی سیاسی دیاری نەکەن، وەك ئەوەی لە ئیتاڵیا حزبەکان دیارییان کردووە و ناویان لێناوە حزبۆکراتی، یان بیرۆکراتیەتی حزبی، نەك دامەزراوەیی. ئەم حاڵەتە ئەگەر لە مێژووی حوکمڕانیی ئیتاڵیا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەیری بکەین، ڕاشکاوانە هەست بەو جیاوازییەی سیستمی حوکمڕانیی ئیتاڵیا دەکەین کە لە زیاتر لە نیو سەدەیە بە دەست ناسەقامگیری حکوومییەوە دەناڵێنێت.


لایەنێکی دیکەی ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیەتی تۆتالیتاری بە شێوەیەکی نەرێنی لەسەر کۆی جومگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگە، -ئەوجا ئایدیۆلۆژیەتی تۆتالیتاری چەپ بێت، یان ئایینی، تەنانەت سکۆلاریزیمیش- وەك ئەوەی ریجس دوبریە ناوی لێناوە سکۆلاریزمی کوێرانە، دەبێتە هۆکاری پووکانەوەی سەروەریی یاسا و نەمانی ڕۆڵی دامەزراوەکان و تێکدانی هاوسەنگیی نێوان دامەزراوەکانی سیستمە دیموکراتییەکە و دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی کە پرۆسەی سیاسی وڵات دەخاتە ناو بازنەیەکی بەتاڵەوە.

**گرفتی سەرەکیی قەیرانی پەرلەمانی لە دیموکراتییە تازە پێگەیشتووەکاندا، بە پلەی یەکەم لەو حزبە سیاسییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بڕوایان بە دیموکراتی نییە**

### ● پێداویستی سەرۆکی بەهێز بۆ دەرهێنانی پرۆسەی سیاسی لە قەیرانی تۆتالیتاری

بیرمەندی ئیتاڵی جیۆفانی سارتۆری زۆر جوان وەسفی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی نەمسای کردووە کە دەڵێت: «سەرۆکی نەمسا ڕاستە دەسەڵاتی زۆری پێدراوە، بەڵام دەسەڵاتەکان تەنیا دەسەڵاتی سەر کاغەزن و بەکاری نەهێناوە، بۆیە بێجگە لە سەرۆکێکی

## سیستمی شێوە پەرلەمانی لە وڵاتی فینلەندا



**فینلەنـــدا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ســـەرۆکەکەی لەلایەن خەڵکـــەوە هەڵدەبژێردرێت و سیســـتمی حوکمڕانییەکەی زیاتر شـــێوەی پەرلەمانییە تا شـــێوەی سەرۆکایەتی، هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکیش لە فینلەندا بەسەر چوار قۆناخدا دابەش دەبێت:**

**١. لە ساڵانی ١٩١٧ –١٩٣٩ کە ماوەی شەڕ بووە، سەرۆک ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوە.**

**٢. ١٩٤٤– ١٩٨٢ لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی سەرۆک ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوە.**

**٣. ١٩٨٢ – ٢٠٠٠ سیستمەکە بۆتەوە پەرلەمانیی موجەڕەد و سەرۆک لە ناو پەرلەمان هەڵبژێردراوە.**

**٤. لە ســـاڵی ٢٠٠٠– تا ئێستا، جارێکی دیکە سیستمەکە بۆتەوە شێوە پەرلەمانی و سەرۆک ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت.**

**لە ســـاڵی ٢٠٠٠ کە بڕیاردرا جارێکی دیکە سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ســـەرۆکی فینلەند بە گەلەکەی ڕاگەیاند، ســـەرۆک ســـەرکردەیەکی سیاسیی چالاکە و کاراکتەری ســـەرەکیی بڕیار دروستکردنە و پێویســـتە بە ئاستی ئەو ڕۆڵەی هەیە، دەسەڵاتیشی هەبێت.**

تەشریفاتی، هیچ دەسەڵاتێکی خۆی پیادە نەکردووە»، لە بەرامبەردا پرۆفیسۆر (یو چانگ شین) ئوستادی زانستی سیاسەت لە زنکۆی تۆنجی لە تایوان، هۆکاری پێدانی ئەم دەسەڵاتە دەستوورییانەی بە سەرۆکی نەمسا ئاشکرا کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە، سەرۆکی نەمسا هەتا ساڵی **١٩٢٩** پێویستی بە هیچ دەسەڵاتێك نەبووە و دەسەڵاتی زۆر ســـنووردار بووە، بەڵام کاتێك هێزی نادیموکراتی پەیدابوون و گوشـــار لە دەرەوەی پەرلەمان بۆ ســـەر پەرلەمان دروست بوو، ســـەرۆکی نەمسا لە دەستوور نازناوی پارێزەری بێلایەنی کۆماری نەمسای پێدرا، ئەمەش بەو مانایەی سەرۆکی نەمسا پێویستی بە دەسەڵات نییە، بەڵام ئەگەر کۆماری نەمسا کەوتە بەر هەڕەشـــە، ئەوا سەرۆکی نەمســـا ئەو دەسەڵاتەی هەیە ڕووبـــەڕووی هێزە نادیموکراتییەکان و گوشـــارە دەرەکییـــەکان ببێتـــەوە و دەســـەڵاتەکانی خۆی بەکار بهێنێت. ئەگەر سەیری ماوەی ساڵانی **١٩٢٩- ١٩٣٩**ی نەمسا بکەین کە هیتلەر داگیری کرد، هەست دەکەین نەمســـا نموونەی کۆمەڵگەیەکی کراوە و سیستمێکی دیموکراتـــی ڕەگداکوتاو بووە، بۆیە فەیلەســـوفێکی وەك کارل پۆپـــەر لەگەڵ داگیرکردنی نەمســـا کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی) نووسیوە. ئەمەش مانای ئەوەیە لە ماوەی ئەو ١٠ ســـاڵەی ســـەرۆکی نەمسا بەهێز بووە، بەرهەمی ئەم سەرۆکە کۆمەڵگەی کراوە و دیموکراتییەکی ڕەگداکوتاو بووە، لە بەرامبەردا ئەوانەی دژی دەســـەڵاتە بەهێزەکانی سەرۆکی نەمسا بوون، کارل پۆپەر ناوی لێناون (دوژمنانی کۆمەڵگەی کراوە). ئەگەر لەم خاڵەوە بەراوردێکی دەســـەڵاتەکانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان بکەیـــن، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی ســـەرۆکی نەمسا هەیەتی، دەبینین ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی زۆر سنووردارترن و توانای هەڵوەشانەوەی حکومەت و پەرلەمانی نییە، تەنانەت بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمانیش توانای جووڵاندنی هێزە چەکدارەکانیشـــی نییە. بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین، کێن ئەوانەی لە دەسەڵاتەکانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان دەترسن؟ ئەگەر ســـەرنج لە شـــێوازی پیادەکردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان بدەین، لە ماوەی ســـەرۆکایەتی ســـەرۆك بارزانی، ئەوجا چ بە ئەمری واقیع سەرۆکی کوردستان بووبێت، یان وەك ئەوەی دوو خولە بە شێوەیەکی یاســـایی و دەستووری، تەنیا لەو کاتەدا دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار هێناوە کە هێزی نادیموکراتی دەرکەوتوون، یان کوردستان کەوتۆتە ژێر فشاری دەرەکی، یان هەموو کورد نائومێد بووە و بە تەنیا تەحەددای سەرســـەخترین دوژمنی کوردســـتانی کردووە. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی سەرۆك بارزانی بکەین:

١. ســـەرۆك بارزانـــی لـــە ســـاڵی ١٩٨٨ هیـــچ

**کاتێک حزبە سیاسییەکان لە نوێنەرایەتیکردنی خواستی خەڵک فەشەل دەهێنن، ناتوانن پێناسەی کێشەکان بکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە**

# سیستمی حوکمڕانی شێوە سەرۆکایەتی  لە تایوان



**تایوان وڵاتێکە هەتا ساڵی ١٩٧١ ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە و بەناوی چینی نیشتمانی نوێنەرایەتی تایوان و چینی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، بەڵام لە دوای ئەوەی کۆماری چین بووە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، تایوان ئەندامیەتی لێوەرگیرایەوە. کەواتە تایوان دەوڵەتی ئەمری واقیعە. ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعە، ماوەی زیاتر لە چل ساڵە کۆماری چینی میللی وەک بەشێک لە چین حیسابی بۆ دەکات، بەڵام سیستمی حوکمڕانیی تایوان لە دوای ساڵی ١٩٤٩ تا ئێستا سیستمێکی جیاواز بووە لە کۆمۆنیستی، راستە بە تەواوەتی دیموکراتی نەبووە، بەڵام لەسەر بنەمای ئابووری ئازاد وڵاتی بونیاد ناوەتەوە. ئەم وڵاتە هەتا ساڵی ١٩٩٧ سیستمەکەی سەرۆکایەتی بووە و سەرۆکی وڵات راستەوخۆ سەرۆکی حکومەت بووە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩٧ و هەموارکردنی دەستوور سیستمەکە بووە نیمچە سەرۆکایەتی – شێوە سەرۆکایەتی– ، ئەمەش واتە سەرۆکی وڵات بە هاوشێوەی سەرۆک وەزیران دەسەڵاتی هەبووە، ململانێی سیاسی لە تایوان لە نێوان دوو پارتی سەرەکیدایە کە بریتین لە پارتی کۆمینتاگ (KMT) و پارتی گەشەپێدانی دیموکراتی (DPP).**

**گەورەترین کێشەی پرۆسەی بونیادنانی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، یان ئەوانەی پێیان دەگوترێت وڵاتانی دوای شەڕ و تەنگژە، نەبوونی حزبی بەهێزی دیموکراتییە**

دەسەڵاتێکی دەستووری نەبووە، بەڵام لە بەر ئەوەی خۆی بە پارێزەرێکی بێلایەنی خەڵك و خاکی کوردستان زانیوە، خۆی بڕیاریداوە لە خواکورك گەورەترین داستان تۆمار بکات و لووتی سوپا زەبەلاحەکەی سەدام حوسێن بشکێنێت.

٢. لە ساڵی ١٩٩١ و لە میانەی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان، سەرۆك بارزانی، نە سەرۆکی هەڵبژێردراو بوو، نە دەسەڵاتی دەستووریشی هەبوو، بەڵام بینیمان چۆن لە دەربەندی کۆڕێ کە تەنیا ٢٠کم لە ناوەندی شاری هەولێر دوورە، رووبەڕووی دوژمن بووە و نەیهێشت کوردستان داگیر بکرێتەوە.

٣. سەرۆك بارزانی لە ساڵی ١٩٩٨ بڕیاری دا ئاڵای کۆماری کوردستان لە باشووری کوردستان بە فەرمی هەڵبکرێت، هەتا ئێستاش زۆر کەس بە شەرمەوە ئەو ئاڵایە هەڵدەکەن و بە بیانووی لابە لا داوای گۆڕینی ئەو ئاڵایە دەکەن.

٤. لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆك بارزانی هیچ دەسەڵاتێکی دەستووری نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ویژدانی هەر تاکێکی ئەم وڵاتە پارێزەرێکی بێلایەنی خەڵك و خاکی کوردستانە، بە ئاشکرا رایگەیاند سوپای تورکیا بەسەر لاشەی ئەودا دێنە ناو خاکی کوردستانەوە.

٥. لە دوای رووخانی رژێمی بەعس و پاشان حوکمڕانیی کاتیی ئەمریکا لە عێراقدا، هەموو خەڵکی کوردستان و عێراق شاهیدن، کە ئەمریکییەکان دەیانویست پێشمەرگە بە میلیشیا ناوزەد بکەن و بیکەن بە پاسەوانی سنوور لەسەر ئاستی وەزارەتی ناوخۆ، ئەوکاتیش سەرۆك بارزانی دەسەڵاتی دەستووری نەبوو، بەڵام رایگەیاند هیچ هێزێك نییە بتوانێت دەستکاری هێزی پێشمەرگە بکات.

٦. لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، رۆژنامە ئەمریکییەکانی وەك وۆڵ ستریت جۆرناڵ و فاینشیاڵ تایمز راشکاوانە دەیانووسی: گوشار مەخەنە سەر مسعود بارزانی، لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی تەنیا ملکەچی گوشاری گەلەکەیەتی، بۆیە گوشار خستنە سەر بارزانی سوودی نییە، لەو کاتەشدا هێشتا سەرۆك بارزانی بە فەرمی و یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبوو.

٧. لە میانەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٥-٢٠٠٩ سەرۆك بارزانی دەسەڵاتی خۆی بەکار هێناوە، ئەویش لەسەر چارەنووسی کەرکووك بووە کە لە راپۆرتی بیکەر هاملتۆن وەك راسپاردە هاتبوو چارەسەری کێشەی کەرکووك وازی لێ بهێندرێت، سەرۆك بارزانی لە بەغداوە بە جیهانی راگەیاند: «ئێمە پابەند نابین بە راسپاردەکانی راپۆرتی بیکەر هاملتۆن.»

٨. سەرۆك بارزانی هەر لە خولی یەکەمی

## سیستمی  شێوه پەرلەمانی لە سلۆڤینیا.. ئەزموونێکی تازەی پۆست کۆمۆنیست



سلۆڤینیا دەوڵەتێکی تازەی دیموکراتی پۆست کۆمۆنیستە، لە سەرەتای دەستپێکی پرۆسەی دیموکراتی و لە کاتی وتوویژکردن لەسەر نووسینەوەی پرۆژەی دەستوور، دەستەبژێری ئەو وڵاتە پێیان باش بوو کە دەستووری وڵاتە شێوە پەرلەمانی موجەڕەد بێت و سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام حزبە سیاسییەکان لە نێوان سەرۆکایەتی و پەرلەمانی مشتومڕیان بوو، بۆیە وەک چارەسەری مامناوەندی دەستوورەکە بەو شێوەیە دارێژرا کە سیستمەکە پەرلەمانی  بێت و سەرۆک راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. ئەم سیستمەی سلۆڤینیا، لەگەڵ ئەوەی سەرۆک لە لایەن خەڵکیشەوە هەڵدەبژێرێت، بەڵام دەسەڵاتەکانی سەرۆک هاوشێوەی دەسەڵاتی ئەو سەرۆکانەیە کە لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن، بۆیە سەرۆکی هەڵبژێردراوی سلۆڤینیا نوێنەرایەتی کۆماری سلۆڤینیا دەکات. سەبارەت بەم لایەنە پسپۆڕانی یاسایی و دەستووری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک پەیوەستە بە سیستمێکی حزبیی سەقامگیر و پەرلەمانێک کە کارا بێت بۆ بەرژەوەندی خەڵک، نەک پەرلەمانێک ببێتە هۆڵێک بۆ وتوویژی حزبایەتیی تەسک. لەم حاڵەتەدا کە سیستمی حزبی سەقامگیر و پەرلەمانیی کارا، بوونی نەبوو، ئەوا زۆر گرنگە سەرۆک دەسەڵاتی هەبێت بۆ ئەوەی وڵات لە قەیرانی پەرلەمانی رزگار بکات.

سەرۆکایەتییەکەیدا جارێکی دیکەش دەسەڵاتی خۆی بەکار هێنا، ئەویش راگەیاندنی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان بوو، کە لە بەر چاوی کامێرەکانی سەتەلایت و لەگەڵ مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق پێکەوە لە یەکی حوزەیرانی ٢٠٠٩ جاڕی ئەم سەرکەوتنەیاندا.

٩. لە ماوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، دیسان سەرۆك بارزانی چەند جارێك دەسەڵاتی خۆی بەکار هێناوە، یەکەمیان هۆشداریدان بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەگەر پابەند نەبێت بەو رێککەوتنەی حکومەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە، ئەوا ناچار دەبێت ئەم راستییە رووبەڕووی گەلی کوردستان بکاتەوە و گەلی کوردستان چ بڕیارێك بدات، ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکات.

١٠. دوای پێکهێنانی هێزی دیجلە کە مالیکی دەیویست لاسایی ژەنراڵ پەتریوس بکاتەوە و دەیویست بەم بیانووە کەرکووك داگیر بکاتەوە، سەرۆك بارزانی دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا و هێزی پێشمەرگەی جووڵە پێکرد بۆ ئەوەی رێگە نەدات بە بیانووی لابەلا کوردستان داگیر بکرێتەوە، هەر لەو ماوەیەدا گوێبیستی هەندێك لە سەرکردەی حزبەکان بووین کە ناڕاستەوخۆ بەرگرییان لە هێزی دیجلە دەکرد.

١١. لەگەڵ داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی فەرمانی بە هێزەکانی پێشمەرگە کرد، ئەو ناوچە کوردستانییانەی کە پێشتر پێیان دەگوتن ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پێشمەرگە بیانپارێزێت.

١٢. لە دوای داگیرکردنی شنگال و بەشێك لە دەشتی نەینەوا، سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی سەرتاسەری و یەکلاکەرەوەی لە ژێر دروشمی (کوردستان، یان نەمان) دا. لەماوەی ئەو ساڵەشدا خۆی وەك پێشمەرگە هاوشانی پێشمەرگە لە شنگال تا جەلەولا لەگەڵ پێشمەرگە بووە بە بێ جیاوازی، وەزیری پێشمەرگە و تەواوی فەرماندە سەربازییە مەیدانییەکانی پێشمەرگە بە بێ جیاوازی بیربۆچوونی سیاسی، هەموویان لە میانەی دیمانەکانیان لەگەڵ گوڵان رۆڵی سەرۆك بارزانی- یان لەم شەڕەدا بەرز نرخاندووە و ئاماژەیان بەوە کردووە رۆڵی سەرۆك بارزانی نەبووایە، تێکشکانی تیرۆریستانی داعش ئاسان نەبوو.

لە بەرامبەر ئەم چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن، دەکرێت ئەو پرسیارە بورووژێنین کە ئایا سەرۆك مسعود بارزانی لە ماوەیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە، بۆ یەکجاریش دەسەڵاتەکانی خۆی بەوجۆرە بەکارهێناوە کە کاریگەرییەکی زۆر بچووکی لە سەر ئازادیی رادەبڕین و چالاکیی سیاسی و حزبایەتی و رۆژنامەگەری ئازاد هەبووبێت؟ ئەگەر بەکاری هێناوە هەقە ئاشکرا بکرێت.

**هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەو راستییە دەزانن شکۆ و پێگەی سەرۆک بارزانی لەناو ویژدانی خەڵکی کوردستان لە چ ئاستێکدایە، بەڵام هەندێک لەو حزبانە تووشی شڵەژانێکی ئەوتۆ بوون، کە هیچ باکیان نییە ئەگەر موجازەفە بە هەموو ئایندەی کوردستانیشەوە بکەن**

# سیستمی حوکمڕانیی حزبەکان لە ئیتاڵیا

**لــە کۆماری یەکەمــدا، ئیتاڵیا بریتی بوو لە دیموکراسـیی پارتە سیاسـییەکان، واتە پارتە سیاسـییەکان تاکە کاراکتەری پرۆسـەی نوێنەرایەتیکردن و بڕیاردان بوون، بەو مانایە کە لە بری ئەوەی پارتە سیاسـییەکان حوکمڕانی سیسـتمە دیموکراتییەکە بکەن، زاڵ ببوون بە سەر ئەو دیموکراسـییەتەی لە ئارادابوو. دەرئەنجامی ئەمەش بریتی بوو لە دیموکراسـییەتێک کە توانایەکی سـنووورداری بڕیاردانی هەبوو، بە هۆی بڵاوبوونەوەی دەسـەڵاتی ڤیتۆ و ناڕۆشنیی بەرپرسـیارێتییەکان. لە کۆمـاری دووەمی ئیتاڵیا، هێنانەئارای گۆڕانکاریی سیاسـی لە ڕێی ئەنجامدانی ڕاپرسـی جەماوەرییەوە، بووە نەریتێکی چەسـپیو و پیادەکراو. ئەوەی شـایەنی ئاماژەپێکردنە لێرەدا ئەوەیە کە لەساڵی ٢٠٠٨دا، هەڕەشەی ئەنجامدانی ڕاپرسیی جەماوەری، پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی ناچار کرد بە سەر لۆجیکی پێکهەڵپژان و ئاژاوەدا زاڵ بن، یاخود هاوپەیمانێتییە سلبییەکان تێپەڕێنن. مەبەستیش لە هاوپەیمانی سلبی نێوان حزبەکان، ئەوەیە حزبــەکان لە بری ئەوەی هاوپەیمان بن بۆ برەودان بــە دیموکراتی و پیادەکردنی بەرنامەیەکی سیاسیی جێگر، سەرقاڵبوون بە بەرهەڵستیی حزبیی یەکترییەوە.**

سـەرچاوە: The Transformation of Italian Democracy

**نووسینی: سیرجیۆ فابرینی**

لێرەدا هەقە ئەو پرسـیارەش ئاراستەی رای گشتیی کوردسـتان بکەین و گریمانەی ئـەوە بکەین، ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی تەشریعی و غەیرە تەشـریعی نەبێت، ئایا کە کوردسـتان کەوتە بەر مەترسی، کەس دەتوانێت سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی دابنێت؟ ئایا کاتێك کوردسـتان هەڕەشەی لەسەر بێت، گەلی کوردستان لە سەرۆك مسـعود بارزانی قبووڵ دەکات دەستەوەستان دابنیشـێت و سەیری ڕووداوەکان بکات، ئەویش بڵێت وەڵا من دەسـەڵاتی دەسـتووریم نییە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئەوانەی لە مێژووی گەلان نەشـارەزان و یاری بە میکانیزمەکانـی دیموکراتی دەکەن، ئەوەیە کە واباشـترە بچـن مێژوو بخوێننەوە و لە ئەزموونـی گەلانەوە ئەو راسـتییە فێر بن، هیچ سـەرۆکێك بە دەسەڵاتی تەشریعی و غەیرە تەشریعی، نە بەهێـز بووە، نە لاواز بووە، هەر بـۆ نموونە کاتێك ئەڵمانیا فەرەنسـای داگیرکرد، کەس داوای لە دیگۆل نەکرد فەرەنسـا ئازاد بکاتەوە، دیگۆل توانی فەرەنسا ئازاد بکات و ماوەیەکیش خۆی سـەرۆکی حکومەتی کاتیی فەرەنسا بوو، هەتا کۆماری چوارەم راگەیەندرا، حزبەکانی کۆماری چوارەم بە هەموو تێگەیشتنی خۆیان پێیانوابوو ئەگەر دیگوڵ دەسـەڵاتی نەبوو، ئیتر ئەوان دەتوانن ببنە هاوشـانی، بەڵام ١٢ ساڵ دوای ئەوەی دیگۆل فەرەنسـای ئازادی تەسلیم کردن، خەریك بوو فەرەنسایەکی داگیرکراوی بدەنەوە دەست، بۆیە مێژوو سـەلماندنی ئەوە فەرەنسایە پێویستی بە سەرۆکایەتی دیگۆل -ە نەك دیگۆل پێویسـتی بە سـەرۆکایەتی فەرەنسا بێت.

مێژوو ئەو راسـتییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ کاتێك پێشێلی دەسـەڵاتەکانی پەرلەمانی نەکردووە، لەمەش زیاتر لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن. لەوانەیە هەندێك بڵێن دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن لای نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتییە، بۆیە سەرۆك دەستێوەردانی نەکردووە، بەڵام لە ماوەی ٣ سـاڵی سەرۆك وەزیرانی د.بەرهەم سـاڵح کە جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان بووە، با خۆی ئاشکرای بکات، ئایا لە ماوەی ئەو سـێ سـاڵەی ئەو سەرۆك وەزیران بووە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چ دەستێوەردانێکی کردووە؟ لە کاتێکدا ئەو دەسەڵاتەشی هەبووە. لەوانەیە د.بەرهەم ساڵح لە ماوەی ئەو ٣ ساڵەدا گلەیی لە کادر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان هەبووبێت، بەڵام قەت گوێمان لەوە نەبووە، باسـی ئەوەی کردبێت کە گلەیی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەبووبێت، ئەمەش بەو مانایەی لەو سیسـتمانەی کە سەرۆك لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، دەسەڵاتی جێبەجێکردن

**دەتوانن لە رەشنووسی دەستوورەکە سیستمی سیاسیی کوردستان دیاری بکەن، بەڵام ئەوەی ئەو سیستمە پەسەند دەکات، گەلی کوردستانە، نەک حزبە سیاسییەکان**



**تویژەران لە ئیتاڵیا دەستەواژەی سیستمی سیاسی داخراویان «Blocked Political System» داهێنا، کە ئەمەش بەردی بناغەی ئەو قەیرانە سیاسییە بوو کە لە ساڵی ١٩٩٢–١٩٩٤ بەرۆکی ئەو وڵاتەی گرتبوو. ئەو سیستمە بێوێنە و دەگمەنەی کە لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە لە ئارادابوو، نە سیستمێکی سەرۆکایەتی بوو، نە سیستمێکی پەرلەمانتاری، بەڵکو سیستمێکی سیاسی بوو کە لە سەر بنەمای خواست و ویستی پارتە سیاسییەکان بنیاد نرابوو، ئەویش بریتی بوو لە «Partitocracy»، کە لە مێژووی کورتی دوای شەڕدا ئیتاڵیا دووچاری چەندین قەیرانی سیاسی بۆوە، هۆکاری بوونی زۆرێک لە دۆخی هەمیشەیی قەیرانەکان، سیستمە سیاسییە داخراوەکە بوو کە پرۆسە سیاسییەکەی شێواندبوو.**

**سەرچاوە:**
Italy: Political Stability، Real or Perceived

**نووسینی: برۆنۆ ماسیتێلی**

دوو لقە، لقکێیان لای سەرۆکی هەرێم بووە، وەك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لقێکیش لای سەرۆك وەزیران بووە، بەڵام ئایا سەرۆکی هەرێم تاچەند ئەم دەسەڵاتەی پیادە کردووە؟ بۆیە ئەگەر بە ویژدانەوە هەڵسەنگاندن بۆ سەرۆکایەتی بارزانی بکەین، ئەوا هەموو لایەك بە دۆست و دوژمنەوە ئەو شاهیدییە بۆ بارزانی دەدەن کە سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، سەرۆکێکی سیمبولیك بووە و پارسەنگی هاوسەنگی و یەکریزی حزب و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان بووە، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەکی پارێزەرێکی کوردستان بووە و زۆرێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ ئەوە بەکار هێناوە کە شکۆ و سەروەریی کوردستان بپارێزێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو موناقەشەی حزبە سیاسییەکان لەسەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەیکەن، بۆ ئەوەیە سەرۆکی کوردستان لەبەرامبەر دوژمنانی کوردستان و دوژمنانی دیموکراتی سەرۆکێکی لاواز و بێدەسەڵات بێت؟ ئەگەر پرسەکە بەوجۆرە نییە، ئایا چ دەسەڵاتێك لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەردەگرنەوە.

**● ترس لە شکۆ و پێگەی بارزانی بەشێك لە حزبەکانی تووشی شڵەژان کردووە**

ئەو سەمەرە سیاسییەی ئێستا لە ناو پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە دەچێت، دوو سیناریۆیە، یەکەمیان پێکهێنانی لیژنەیەکی ٢١ کەسییە بۆ دووبارە نووسینەوەی دەستووری کوردستان، دووەمیان پرۆژەی هەموارکردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوەی سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، نەك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە. ئەم دوو سیناریۆیە راستییەکیمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە نە حزبەکان ئەو مافەیان هەیە بە رێگەی پەرلەمان و بە یاسای ئاسایی سیستمی سیاسی کوردستان بگۆڕن، نە ئەو لیژنە ٢١ کەسییەی دەستوورەکەش دەنووسنەوە ئەو مافەیان هەیە سیستمی سیاسی بگۆڕن. سەبارەت بە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، راستە دەتوانن لە رەشنووسی دەستوورەکە سیستمی سیاسیی کوردستان دیاری بکەن، بەڵام ئەوەی ئەو سیستمە پەسەند دەکات، گەلی کوردستانە، نەك حزبە سیاسییەکان.

کەواتە لەم حاڵەتەدا هەوڵی بەشێك لە حزبەکان و بزووتنەوەی گۆڕان و شەخسی نەوشیروان مستەفا ئەوەیە، کە پرسی سیستمی سیاسیی کوردستان کە مافی خەڵکی کوردستانە، بڕیاری لەسەر بدەن، واتە دەیانەوێت بیگۆڕن بە سەفقەیەکی سیاسی و مامەڵەی پێوەی بکەن! بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە هەتا ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستانیش بێتە ناو ئەم مامەڵە سیاسییە و سازان لەسەر ئەوە بکات کە بەم شێوازە

**سەرۆک بارزانی لە ساڵی ١٩٩٨ بڕیاری دا ئاڵای کۆماری کوردستان لە باشووری کوردستان بە فەرمی هەڵبکرێت، هەتا ئێستاش زۆر کەس بە شەرمەوە ئەو ئاڵایە هەڵدەکەن و بە بیانووی لابەلا داوای گۆڕینی ئەو ئاڵایە دەکەن**

**سەرکردەی ئەو حزبە سیاسییانەی کوردستان کە شارەزای مێژووی حوکمڕانیی دیموکراتیی وڵاتانی جیهان و سەرکردە جیهانییەکانن، دەزانن هیچ سەرۆکێک وەک مسعود بارزانی کە پارتێکی گەورەی وەک پارتی دیموکراتی کوردستانی لەپشتە و خاوەنی نفووزێکی گەورەی جەماوەرییە و هەموو کات لە خۆشی و ناخۆشیدا دەیان هەزار پێشمەرگە لە ژێر فەرمانی ئەودان، ئەوا ئەم سەرۆکە نە دەسەڵاتی تەشریعی و نە غەیرە تەشریعی دەسەڵاتی زیاد ناکات**

**سەرۆک بارزانی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، سەرۆکێکی سیمبولیک بووە و پارسەنگی هاوسەنگی و یەکڕیزی حزب و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان بووە، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەکی پارێزەرێکی کوردستان بووە و زۆرێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ ئەوە بەکار هێناوە کە شکۆ و سەروەری کوردستان بپارێزێت**

نادەستوورییە سیستمی سیاسیی کوردستان بگۆڕێت، ئایا نەوەکانی داهاتوو چی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێن؟ لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانە داکۆکی و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەم مافە هی حزبەکان نییە و مافی گەلی کوردستانە و تەنیا ئەوان دەبێت ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە.

لایەنێکی دیکە کە هەڵوەستەی جددی هەڵدەگرێت، ئەوەیە کە پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە پێویستە لە دەستوور دیاری بکرێت و خەڵکی کوردستان رای خۆی لەسەر بدات، بۆچی هەندێك لە حزبەکانی کوردستان لەگەڵ ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك مسعود بارزانی تێکەڵی دەکەن و نهێنی ئەم تێکەڵکردنە چییە؟

لەوانەیە ئەم دوو پرسیارە ئەگەر رووبەڕووی پسپۆڕێکی یاسای دەستووری، یان زانستی سیاسەت لەسەر ئاستی جیهان بکەینەوە، هەروەك چۆن ئێمە وەك گوڵان لێمان پرسیون، ئەوان بە سەرسوڕمانەوە وەڵامیان داینەوە، بۆچی دەبێت لەیەك کاتدا دوو پرۆژە بۆ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك بوونی هەبێت؟ یان کە لیژنەیەك خەریکی نووسینەوەی دەستوور بێت، گۆڕینی سیستمی سیاسی بە یاسای ئاسایی چ مانایەکی هەیە؟ بۆیە هەوڵدان بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی زانستی سیاسەت و یاسای دەستووری لە مەرامی حزبەکانی بەناو خاوەن پرۆژە لە کوردستان تێبگەین، کارێکی بێهوودەیە و ناچارین بگەڕێینەوە





سەر ئەو مەرامانەی حزبەکان لە پشت پڕۆژە یاساکانەوە هەیانە:

١. پیادەکردنی شـێوازی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆك لە سیستمی دیموکراتیدا کوفرێکی سیاسی نییە، هەروەها موناقەشـەکردنیش لەسەر شێوازە جیاوازەکانی سیسـتمی دیموکراتی کوفرێکی سیاسی نییە، بەڵام کاتێك بەشـێك لە حزبەکانی کوردسـتان راشکاوانە و بێ ئەوەی هیچ رێزێك بۆ خەڵکی کوردسـتان دابنێن، دەڵێن سیستمی پەرلەمانی دیموکراتییە و سەرۆکایەتی دیکتاتۆرییـە، لـە کاتێکدا موناقەشـەکە لـە نێوان پەرلەمانی و سـەرۆکایەتی نییە، بەڵکو موناقەشەکە لەسەر شـێوازە جیاوازەکانی نێو سیستمی پەرلەمانییە، دیارە ئەمە راسـتییەکە هیچ پێوەندی بە رۆشـنبیری یاسایی و دەستوورییەوە نییە و تەنیا چەند دروشمێکی دیماگۆگی حزبییانەیە بۆ چەواشەکردنی رای خەڵکی کوردستان.

٢. سەرکردەی ئەو حزبە سیاسییانەی کوردستان کە شـارەزای مێژووی حوکمڕانیی دیموکراتیی وڵاتانی جیهان و سەرکردە جیهانییەکانن، دەزانن هیچ سـەرۆکێك وەك مسـعود بارزانی کە پارتێکـی گـەورەی وەك پارتی دیموکراتی کوردستانی لەپشتە و خاوەنی نفووزێکی گەورەی جەماوەرییە و هەموو کات لە خۆشی و ناخۆشیدا دەیان هەزار پێشـمەرگە لە ژێر فەرمانی ئەودان، ئەوا ئەم سـەرۆکە نە دەسەڵاتی تەشریعی و نە غەیرە تەشریعی دەسەڵاتی زیاد ناکات، دەسەڵاتیشـی کەم دەکات، ئەم قسـەیە بۆ سەرۆکێك راستە حزبی گەورە لەپشت نەبێت و نفووزێکی گەورەی جەماوەری نەبێت.

٣. دیسـان ئەگـەر هەر بگەڕێینـەوە بۆ مێژووی دەوڵەتانـی دیموکراتـی و شـێوازی هەڵبژاردنـی سـەرۆکەکانیان، ئایا دەسەڵات لای سـەرۆك وەزیران بێت، یان سەرۆك، سەرۆکی حزبی گەورە و جەماوەری کام پۆسـت هەڵدەبژێرێـت؟ ئەمەش مانـای ئەوەیە ئەگەر لە سیسـتمی پەرلەمانی سـەرۆك سیمبولیك بێت، ئەوا سـەرۆکی حزبی گـەورە و جەماوەری ئەو پۆسـتە هەڵدەبژێرێت کە بە کردەیی خۆی سـەرۆکە، نەك پۆسـتی سەرۆکی وڵات، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا بە کردەیی سەرۆك وەزیران سەرۆکی عێراقە، شیعەکان لەدوای رووخانی سەدام حوسێن -ەوە وازیان لە پۆستی سەرۆك کۆمار هێناوە، لە داهاتووشدا پۆستی سەرۆك وەزیران هەر بۆ شیعە دەبێت.

ئەم گەمە سیاسـییەی بەشـێك لە حزبـەکان بۆ ئەوەیـە هەرچۆنێك بێت، سـەرۆك لەلایـەن خەڵکەوە هەڵنەبژێردرێت، چونکە دەزانن هەڵبژاردنی سـەرۆك لەلایەن خەڵکەوە لە سـەفقەی سیاسـی دەردەچێت و دەبێتە ویژدانی خەڵك، ئەوجا زۆر باش دەزانن ویژدانی خەڵکیان پێ لە خشـتە نابرێـت، خەڵك خۆی دەزانێت دەنگ بە کێ دەدات بۆ ئەوەی سەرۆکی بێت، هەموو حزبە سیاسـییەکانی کوردستانیش ئەو راستییە دەزانن شکۆ و پێگەی سەرۆك بارزانی لەناو ویژدانی خەڵکی کوردستان لە چ ئاستێکدایە، بەڵام هەندێك لەو حزبانە تووشـی شڵەژانێکی ئەوتۆ بوون، کە هیچ باکیان نییە ئەگەر موجازەفە بە هەموو ئایندەی کوردستانیشـەوە بکەن.



**لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی، ئەوجا چ بە ئەمری واقیع سەرۆکی کوردستان بووبێت، یان وەک ئەوەی دوو خولە بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری، تەنیا لەو کاتەدا دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار هێناوە کە هێزی نادیموکراتی دەرکەوتوون، یان کوردستان کەوتۆتە ژێر فشاری دەرەکی، یان هەموو کورد نائومێد بووە و بە تەنیا تەحەددای سەرسەخترین دوژمنی کوردستانی کردووە**

**ئایا ئەو موناقەشەی حزبە سیاسییەکان لەسەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەیکەن، بۆ ئەوەیە سەرۆکی کوردستان لەبەرامبەر دوژمنانی کوردستان و دوژمنانی دیموکراتی سەرۆکێکی لاواز و بێدەسەڵات بێت؟ ئەگەر پرسەکە بەوجۆرە نییە، ئایا چ دەسەڵاتێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەردەگرنەوە**



پڕۆفیسۆر بینگهام پاوڵ

سەرۆکی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# ئەگەر دەسەڵاتەکان هەموویان بدرێنە پەرلەمان پرۆسەی سیاسی رادەوەستێت و دەبێت ماندێلایەک راستی بکاتەوە

پڕۆفیسۆر جی بێنگهام پاوڵ ئوستادی سیاسەتی بەراوردکارییە لە زانکۆی ریچستەر و تایبەتمەندە لە سیســـتمی حوکمڕانی و دیموکراتییەتی هاوچەرخ و بەشـــداری سیاسی و سەقامگیری و توندوتیژی، بۆ قسەکردن لەسەر سیســـتمە جیاوازەکانی دیموکراتی و بەڕێوەبردنی وڵات لە ناو قەیرانی پەرلەمانیدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پڕۆفیسۆر پاوەل ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

*** تا چ ڕادەیەك قەیرانی پەرلەمانی مەترسی دەخاتە سەر پرۆسەی گەشەی دیموکراتی؟**

- ئەم مەسەلەیە پشت دەبەستێت بە تایبەتمەندییەکانی دیکەی سیاقە سیاسییەکە، بۆیە هەندێك وڵات کە خاوەنی سیستەمی پەرلەمانتارین و کێشەیان هەیە لەوەدا کە حکومەتێکی زۆر کورتخایەنیان هەیە، بەڵام ئەمە هەڕەشە لە بوونی دیموکراسی ناکات. ئەو حکومەتانەی کە زۆر دەمێننەوە،وەك فینلاند و دانیمارك کە وڵاتانی ئارامی دیموکراتین، زیاتر پشت دەبەستن بە ئاستی گەشەی ئابووری و پاڵپشتی هاونیشتمانییان و ئەو تەحەددییە دیاریکراوانەی کە ئەو سیستەمە سیاسییانە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

**کاتێک دەسەڵاتە جیاوازەکان هەمووی بدەی بە دەزگای یاسادانان، ئەوا بۆخۆی پەل دەکێشێت بۆ وەستانی پرۆسەی سیاسی**

*** لەو وڵاتانەی کە سیستەم پەرلەمانییە، دەبینین کە سەرۆك ڕەمزێکە، یان پاشایە لە وڵاتدا، هەندێك جار لەم بارودۆخەدا قەیرانی نائارامیی بەڕێوەبردن ڕوودەدات، بۆ نموونە: لە ئیتاڵیا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، ئایا نائارامیی بەڕێوەبردن کارناکاتە سەر تواناکانی بەڕێوەبردن و حکومەت؟**

- نائارامیی حکوومی وادەکات بۆ پارتەکان قورس بێت ئەو بەڵێنانە جێبەجێبکەن کە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵکانی خۆیان داوە. واتە ئەو پێوەندییە دەپچڕێنێت و هاونیشتمانییانیش نارەحەت دەبن بەو نائارامییە حوکمڕانییە. بۆیە دەبێت زۆر بەئاگا بین لەبەر ئەوەی نائارامیی حکوومی، بە مانای تەواو بە بنبەست گەیشتن دێت، یاخود تەنیا بە مانای سەرلەنوێ گۆڕینی هەمان ئەو تەرتیبەی پارتەکانە بە جیاوازییەکی کەمی ڕێکخستنەوە، کە زۆرجار لە ئیتاڵیا بینراوە. لە حاڵەتی دووەمدا، مەرج نییە مەسەلەکە پێوەندی هەبێت بە گۆڕانێکی سیاسی قورسەوە، هەرچەندە زۆرجار پێوەندی هەیە بە سیاسەت و دژوارییەکانی چارەسەری کێشەکان.

*** هەندێکجار لە وڵاتدا تەنیا پارتێك ناتوانێت بۆ پێکهێنانی حکومەت زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتێکی تریش نییە لە وڵاتدا کە کێشەکان یەکلایی بکاتەوە، لەم بارەوە ڕاتان چییە؟**

- پێویستە زۆر بەئاگا بین لە قەیرانەکانی ناو سیستەمەکە و پێوەندی نێوان دژوارییەکانی پێکهێنانی حکومەت، جا چ حکومەتی تاك لایەنە، یان ئیئتلافی بێت، شتێك کە لە حاڵەتێکی لەو جۆرە ڕوودەدات، ئەوەیە کە هەندێك لە پارتەکان حکومەتێکی کەمینە پێکدەهێنن و دەگەڕێن بە شوێن هاوبەشێکی ئارامدا کە لە حکومەتدا نەبێت، بۆ ئەوەی لە دەرەوە پشتگیرییان بکات، ئەمەش بەگشتی لە سۆشیال دیموکراتەکانی سوید بینیومانە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ کە پشتیوانی کۆمۆنیستەکانیان لە دەرەوەی حکومەت بەدەستهێناوە، حکومەتەکەش نائارام نەبووە، هەرچەندە کەمینەش دروستی کردووە. بۆیە دەبێت زۆر وریا بین و جیاوازی بکەین لە نێوان ئەم دوو شتەدا، هەروەها حاڵەتی تریش هەیە کە حکومەتی کەمینە پشتیوانی تاکەکەسان لە ناو پارتە جیاوازەکاندا بەدەست دەهێنێت لە بارەی چەندین مەسەلەی سیاسیی جیاواز، وەك ئەوەی لە دانیمارك دەیبینین. بۆیە نەبوونی حکومەتی زۆرینە بۆخۆی مانای ئەوە نییە کە قەیران دروست ببێت. بەڵام لەوەدا تەواو ڕاستی کە لەوانەیە ببێتە هۆیەك بۆ دروستبوونی قەیران، ئەمەش کاتێك دەزگای یاسادانان بە تەواوی جەمسەربەند دەبێت و پارتەکان لە یەك دوور دەکەونەوە، زۆر قورس دەبێت کە حکومەتێکی ئارام دروست ببێت و چارەسەری هەر کێشەیەك بکات کە وڵات ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

*** ئەگەر قەیرانی پەرلەمانی لە وڵاتە فرەنەتەوەکاندا وەك عێراق و لوبنان ڕوویدات کە پارتە سیاسییەکان نوێنەرانی کەمینە، یان نەتەوە و ئایینەکانن، تا چ ڕادەیەك قەیران لە وڵاتێکی ئاوادا مەترسی دەخاتە سەرتاپای سیستەمی دەوڵەت و بەرەو دارمانی دەبات؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە جێگەی مشتومڕە کاتێك پارتەکان نوێنەرایەتی تەرتیبە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکەن، وەك گرووپە ئیتینی و ئایینییەکان، ئەمەش دەکەوێتە سەر سەرکردەی پارتەکان کە بتوانن ڕێگەی سازان بدۆزنەوە لە ناو پەرلەماندا. ئەمەش دوو بوار لە خۆ دەگرێت: یەکەم ئەگەر گرووپەکان لە هەردوولا زۆر لە یەکەوە دوور بن، یان زۆر دژی یەك بن و پەیڕەوی سیاسەتی زۆر جیاواز بکەن، ئەوا پەرلەمان ناتوانێت بەردەوام بێت، بەم شێوەیە دەکەوێتە سەر سەرکردە سیاسییەکان کە ڕێگەچارە بدۆزنەوە بۆ ئەم حاڵەتە، بەڵام هەندێك جار جیاوازی و پەرتییەکان ناتواندرێت بە هەوڵی سەرکردە سیاسییەکان تێپەڕێندرێت، لەبەر ئەوەی سەرکردەکان ناتوانن دەنگ و پشتیوانی تەواو لەناو گرووپەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، ئەمەش پەلدەکێشێت بۆ چەندین ساڵ نائارامی و کێشە لەناو پارتە سیاسییەکان و وەستانی تەواوی پرۆسەی سیاسی و هەندێکجار شەڕی ناوخۆ

**هەندێک جار جیاوازی و پەرتییەکان ناتواندرێت بە هەوڵی سەرکردە سیاسییەکان تێپەڕێندرێت، لەبەر ئەوەی سەرکردەکان ناتوانن دەنگ و پشتیوانی تەواو لەناو گرووپەکانی خۆیان بەدەست بهێنن**

دەمەوێت شتێکی تر لەوبارەیە بڵێم، تەنگژەیەکی دژوار هەیە بە چاوپۆشین لە تەرتیباتی دەستووری،

ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو گرووپانەی کە زۆر دژی یەکن ڕێك نەکەون و سەرکردەکان نەتوانن بگەن بە سازان، ئەوا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ چارەسەری دەستووری، بەڵام کێشەی ئەمەش لەوەدایە کە سازان بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بە شێوەیەکی باش ناڕوات، بۆیە دروستکردنی فشار لە سەر پارتی زۆرینە و سەرۆك بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ سازان شتێکی باشە، لە بەرئەوەی پارتەکان ناتوانن دەنگدەرانیان ڕازی بکەن، بەو سازشەی کە دەیکەن، بۆیە پێویستی بە سەرکردایەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان گرووپەکان، ئەگەر زۆرینە نەبوو لە پەرلەماندا، ئەو بارودۆخە چارەسەر بکات.

*** لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا کە سیستەمی پارتایەتی بەرهەمی پرۆسەی دیموکراتی نییە، واتە پارتەکان خۆیان لەناو سیستەمی دیموکراتیدا لە دایك نەبوون، پارتی پۆستکۆلۆنیال، یان پۆست دیکتاتۆرین، لە سەرەتای دەستپێکی دیموکراتیدا، ئەم پارتانە دەیانەوێت دیموکراتی بن، لەکاتێکدا خۆیان بنەمای پارتەکانیان دیموکراتی نییە. بە بۆچوونی ئێوە لەم بارودۆخەدا چۆن دەبێت دەستپێکی پرۆسەی دیموکراتی بەم پارتانە بکرێت، یان بە سەر قەیرانی پەرلەمانیدا زاڵ بن؟**

- بەدڵنیایەوە ئەمە پرسیارێکی جوانە. دروستکردنی سەرکردایەتیەك کە ئەو قەیرانانە چارەسەر بکات و سازان بکات زۆر قورسە لەو بارودۆخەدا، لەبەر ئەوەی پارت و سەرکردە جیاوازەکان لە بارودۆخێکی وەك ئەوەی باستکرد سەریان هەڵداوە و کە بە تەواوی بێ متمانەن لە ئاست یەکتریدا، ئەمەش حاڵەتێکە کە مایەی تێگەیشتنە و دروستکردنی توانایەك بۆ گفتوگۆکردن زۆر قورس دەبێت و پێویستی بە نیلسۆن ماندێلایەك دەبێت لەبەر ئەوەی توانایەکی بەرچاوی هەبێت بۆ ئەوەی بەسەر ئەمەدا زاڵ بێت.

*** لەو وڵاتانەدا کە پەرلەمان و سەرۆکی هەڵبژێردراو هەن، تا چ ڕادەیەك سەرۆکی هەڵبژێردراو دەتوانێت کێشەکانی پەرلەمان چارەسەر بکات؟**

- چاودێران و توێژەرانی زانستی زۆر ناهاوڕان لەسەر ئەم جۆرە پرسیارە، لە بەر ئەوەی پرسیارێکی زۆر قورسە، بەتایبەت کاتێك دەسەڵاتە جیاوازەکان هەمووی بدەی بە دەزگای یاسادانان، ئەوا بۆخۆی پەل دەکێشێت بۆ وەستانی پرۆسەی سیاسی، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکان بدەی بە یەکێك لە ئەکتەرەکان، ئەوا هەموو شتەکان بە ئارەزووی ئەوان دەڕوات و بەرەنگاری ئۆپۆزسیۆن دەبنەوە کە بیەوێت چارەسەری کێشەکان بکات و لە بەرژەوەندیی تەنیا خۆیان ئیش دەکەن، بۆیە پێویستمان بە زۆر لە نیلسۆن ماندێلاکان دەبێت.

*** ئەگەر لەکاتی جەنگدا قەیرانی پەرلەمانی هەبێت، ئەمە تا چ ڕادەیەك دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵات بەرەو حوکمێکی سەربازی، یان دیکتاتۆری ببات؟**

- بە دڵنیایەوە حاڵەتی لەم جۆرەمان هەیە، بۆ نموونە چیلی لە ١٩٧٣، هەروەها حاڵەتی ترمان هەیە کە سەرۆك خۆی باری نائارامی ڕاگەیاندووە و دیموکراسی هەڵوەشاندووەتەوە، زۆر لە سیستەمە سەرۆکایەتییەکان ئەمەیان ئاسان کردووە بۆ سەرۆك کە بیکات، ئەوەمان لە هیندستان لە ساڵی ١٩٧٤ بینی کە سەرۆك وەزیران خاتوو ئەندێرا غاندی باری نائاسایی ڕاگەیاند و هەڵبژاردنەکانی هەڵوەشاندەوە و سەدان و هەزار کەسی سەر بە موعارەزەی گرت، ئەمەش لە سیستەمە پەرلەمانی و سەرۆکایەتییەکاندا ڕوودەدات کە دەسەڵاتی سەربازی بیانووەیەك، یان هۆیەکی هەبێت بۆ ئەوەی دیکتاتۆری دابمەزرێنێت، واتە چەندین حاڵەتی لەوجۆرە لە مێژوودا هەبووە.

*** پێتوایە تا چ رادەیەك وڵات پێویستی بە سەرکردەیەکی نیشتمانی و کاریزما هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە تازە بەرەو سەربەخۆیی، یان قۆناغی بونیادنانی دیموکراسی دەڕوات؟**

- ئەگەرئەو سەرکردەیە بتوانێت دەربکەوێت و بتوانێت گەورەیی و دەسەڵات و باشییەکانی بگوازێتەوە بۆ ئەوانی تر، ئەوا شتێکی زۆر باشە. بەڵام بەداخەوە، هەندێکجار ئەو سەرکردە کاریزمایە دەبێتە دیکتاتۆر، بەڵام حاڵەتیش هەیە کە سەرکردە توانیویەتی وڵات یەکبخات و سەریان بخات بۆ قۆناغی داهاتوو، بەڕاستی من نازانم چ سەرکردەیەك کامیان دەکات، بەڵام هەردوو حاڵەتەکە لەبەردەستدایە.

*** لەکۆتایدا چی دەڵێیت بۆ ئەوانەی کە لە قۆناغی گەشەی دیموکراتیدان؟**

- سیحرێك نییە تا ئەمە بکات، ئەوە نەبێت کە دەبێت بزانن ئەوان بە ڕێگەیەکی سەخت و دژواردا دەڕۆن و هاونیشتمانییان دەبێت بزانن چ جۆرە سەرکردەیەکیان دەوێت و هەڵیدەبژێرن، کە زانا و تێگەیشتوو بێت و بتوانێت کارەکانی بە باشی بکات. لە کۆتاییدا دیموکراسی پشت بە هاونیشتمانییانی دەبەستێت، هەندێکجار هاونیشتمانییان ڕاستن، هەندێجاریش وا نییە.

**کاتێک دەزگای یاسادانان بە تەواوی جەمسەربەند دەبێت و پارتەکان لە یەک دوور دەکەونەوە، زۆر قورس دەبێت کە حکومەتێکی ئارام دروست ببێت و چارەسەری هەر کێشەیەک بکات کە وڵات ڕووبەڕووی دەبێتەوە**

**نائارامیی حکوومی وادەکات بۆ پارتەکان قورس بێت ئەو بەڵێنانە جێبەجێبکەن کە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵکانی خۆیان داوە**

پرۆفیسۆر ولیام کراوسەر پسپۆڕ لە دیموکراتییە تازەکان بۆ گوڵان:

# قەیرانی پەرلەمانی وادەکات خەڵک سیستمی پەرلەمانی لە بەرچاو بکەوێت و روو لە سەرۆکایەتی، یان نیمچە سەرۆکایەتی بکات



**پرۆفیسۆر ولیام ئی کراوسەر، ئوستاد و سەرۆکی بەشی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس داما، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە دیموکراتییە تازەکانی وڵاتانی پۆست کۆمۆنیست و ناوەڕاستی ئەوروپا. بۆ قسەکردن لەسەر سیستمە جیاوازەکانی دیموکراتی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی یەکێك لەو سیستمانە بۆ دیموکراتییە نوێیەکان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر کراوسەر ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** زۆر جار لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو فراکسیۆنە حزبییەکانی ناو پەرلەمان زۆر لێك دوور دەکەونەوە و ئەمەش جۆرێك قەیران لەناو پەرلەمان دروست دەکات، ئایا ئەم حاڵەتە ناسەقامگیری دێنێتە ئاراوە؟**

- خۆی لە خۆیدا مشتومڕەکان لە پەرلەماندا مایەی کێشە نین، بەڵکو لە راستیدا ئەمە بەندە بە بنەماکانی پارتە سیاسییەکانەوە، کاتێك پارتە سیاسییەکان دەبنە پارتی بە شەخسەنەکراو و چیتر ناتوانن هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئیتر پەرلەمان بەدڵنیایەوە ناتوانێت وەزیفەی خۆی بەباشی ئەنجام بدات، ئەمەش بەرەنجامی ئەو حاڵەتەیە کە پارتە سیاسییەکان هێندەی بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە، هێندە بیر لە بەرژەوەندیی گشتی ناکەوە، هەربۆیە ئەگەر پارتەکان لە بەرژەوەندییە راستەقینەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەیان گرتبێت و لەناوخۆیاندا دیموکرات بن، ئەوا بەگشتی مونافەسە لە پەرلەماندا دەبێت، چونکە لە پەرلەماندا مامەڵە لەگەڵ پرسە سیاسییەکاندا دەکرێت و دەتوانن لە سەر ئەو پرسانە سازان بکەن، بەڵام ئەگەر پارتەکان لە دەوری سەرکردە سیاسییەکان کۆببنەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، ئەوکاتە ناتوانین باس لە سیاسەت بکەین، بەڵکو ئەو کاتە مەسەلەکە دەبێت بە دەستبەسەردا گرتنی سەرچاوەکانی دەوڵەت و بەم شێوەیەش زۆر قورس دەبێت بە سازان بگەن.

*** ئایا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە دیموکراتییەت ساوایە و بە قۆناخی راگواستن تێدەپەڕن، تاچەند بوونی سەرکردەیەکی بەهێز ئەو قەیرانە پەرلەمانییە تێدەپەڕێنێت؟**

- بەدڵنیایەوە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە سەر بەڕێوەبردنی وڵاتەکە.، ئەمە پشت دەبەستێت بە سیستەمی سیاسی لە وڵاتەکەدا، هەروەها پشت دەبەستێت بە کەسەکە. کێشەی دیموکراتی لەم بارەدا ئەوەیە کە خەڵکی بێزار دەبن لە سیاسەتی پەرلەمانی و زیاتر دەسەڵاتێکی بێسنووری سەرۆکیان دەوێت، تا بتوانێت کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە باشترە لە پەرلەمانێك کە نەتوانێت هیچ بڕیارێك بدات، دەرئەنجامی بێزاریی خەڵکیش ئەو دابەشبوونانەیە کە لە پەرلەماندا هەیە، کێشەکەش ئەوەیە پێدانی ئەو هەموو دەسەڵاتە بە تەنها بۆ یەك کەس، زۆر جار کێشە بۆ دیموکراتی دروست دەکات، وەك لە زۆربەی وڵاتانی پێشووی سۆڤیەتدا کە خەڵکی گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتییەکی ناوەندی، لە بەر بێزارییان لە سیاسەتی دیموکراتی لە پەرلەماندا کە نەیاندەتوانی رێگەچارەی سیاسی بدۆزنەوە بۆ کێشە جیاوازەکان. ئەمە چارەسەرێکی درێژخایەن نییە، چونکە کێشەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، بەڵام لە سیستەمی سەرۆکایەتی، یاخود سیستەمی نیمچە سەرۆکایەتی، یان سیستەمی پەرلەمانیمان هەیە. لە بارودۆخێکی ئاوادا کە باست کرد، بوونی سەرکردایەتییەکی بەهێز لە بەڕێوەبردندا وەك لە سیستەمی نیمچە سەرۆکایەتیدا دەتوانێت یارمەتیدەرێکی زۆر باش بێت.

*** بەڵام ئەگەر قەیرانی پەرلەمانی لە وڵاتە فرەنەتەوەکانی وەك عێراق و لوبنان کە پارتە سیاسییەکان**

**کارێکی ئاسانە کە نائارامی دروست بکرێت، وەک لەوەی کە ئارامی بگەڕێندرێتەوە. لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکیشە کە بیر لە ئامانجی دوور بکەنەوە نەک لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی بەرتەسک**

**سەر بە گرووپە ئیتنییە جیاوازەکان، روو بدات، تا چ رادەیەك ئەمە مەترسیی دەخاتە سەر سەرتاپای سیستەمی دەوڵەتەکە و پەلدەکێشێت بۆ فەشەلی دەوڵەت، ئەگەر لە سەرەتای پرۆسەی گەشەدا بن؟**

- ئەمە بە تەواوی راستە و لەگەڵ بۆچوونەکەتدام. لێرەدا سیاسییەکان ئەوەندە پێگەیشتوو نین، لەوە تێبگەن کە بە سەرئەو کێشانەدا زاڵ ببن و تەنیا بۆ بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان هەوڵنەدەن. کێشەکە ئەوەیە لەو وڵاتانەی دابەشبوونی نەتەوەییەکانی تێدایە، سەرکردەکان هەندێکجار ناتوانن ئەمە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر بیکەن، ئەوا لەلایەن سەرکردە زیاتر رادیکاڵەکانی ترەوە جیگەیان پێ لێژ دەکرێت. تەنانەت ئەگەر لە خۆیان پێگەیشتووتریش بن، ئەوا سنووردار دەبن لەوەی کە دەیکەن لەبەر پێکهاتەکەیان، بۆیە من پێموا نییە چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە هەبێت.

*** مەرجی سەرەکی بۆ دیموکراتییەکی سەقامگیر بوونی سیستمێکی پارتایەتی دامەزراوەییە، هەروەها پێویستە پەرلەمان کارا بێت، بەڵام لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ئەم سیستمە پارتایەتییە دامەزراوەییە بوونی نییە، ئایا بونیادی دیموکراتی لەم وڵاتانە چۆن دەبێت؟**

- بە تەواوی لە گەڵتا هاوڕام، لەبەر ئەوەی نەبوونی پارتی دیموکراتی بەهێز، بەڕاستی ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، ئەم پارتانە خۆیان لەناوخۆیاندا دیموکرات نین، یان پارتی کەسیین، یان پارتی ئیتنین، لە کۆمەڵگەیەکدا کە کێشەی ئیتنی زۆر مەترسیدارە، هەموو ئەمانە رێگرن لە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆسەی دیموکراتی. بەبۆچوونی من، لەم حاڵەتەدا دەبێت ئیش زیاتر لەسەر پارتە سیاسییەکان بکرێت، بەوەی زیاتر لە ناوەوە دیموکراتی بن و پاشانیش لەسەر کۆمەڵگە لەسەر ئاستی لۆکاڵی کە خەڵکی باوەڕیان بە سەرکردایەتییەکەیان هەیە. پاشان بە تیپەڕبوونی کات، ئومێدی گۆڕان دروست دەبیت، هەرچەندە ئەمە وەڵامێکی گەشبینانەی پرسیارەکەت نییە، بەڵام تەنیا وەڵامێکە کە من هەمە بۆ ئەم بارودۆخە، لەبەر ئەوەی ئیشکردن لەسەر ئاستی نیشتمانی زۆر زۆر قورسە لە ژێر ئەم جۆرە بارودۆخانەدا.

*** لە قۆناغی بنیادنانی نەتەوەدا، وادەردەکەوێت کە رۆڵی سەرکردە زۆر گرنگ بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیارە چارەنووسسازەکان بدات، بەتایبەتی لە کاتە زۆر گرنگەکاندا. تا چ رادەیەك سەرکردەی نەتەوەیی لە کاتە گرنگەکاندا بۆ سەرکردایەتی خەڵك لە قۆناغی بنیادنانی دەوڵەتدا رۆڵی هەیە؟**

- پێموایە زۆر گرنگە و دەتوانین ببینین لە قۆناغە جیاوازەکاندا کە تەنیا سەرکردەیەکی نەتەوەیی باوەڕبەخۆ چۆن گۆڕانکاری زۆر گەورەی ئەنجامداوە. بەڵام بەداخەوە سەرکردەی خراپمان زیاتر لە سەرکردەی باش بینیوە، کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی قۆرخ کردووە بۆ خۆی و خێزانەکەی، لە جیاتی ئەوەی بۆ هەموو نەتەوە کار بکات. بۆیە ئەمەش کێشەیە.

*** لە ئێستادا لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا، کەمکردنەوەی سەقامگیری کارێکی ئاسانە و گەڕانەوەشی کارێکی زەحمەتە، بۆیە پارتە سیاسییەکان دەتوانن بە خێرایی نائارامی دروست بکەن، بەڵام ناتوانن بەئاسانی دەستەبەری بکەنەوە. کەواتە چۆن دەستەواژەی نائارامی لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیدا لێکدەدەیتەوە، وەك بینیمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چۆن بوونە هۆی دروستبوونی نائارامی؟**

- بەدڵنیاییەوە، پێموایە توانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیای نوێ بۆ کەوتنی رژێمەکان، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رژێمەکان خۆیان زۆر بەهێز نەبوون و بەر ئەو جۆرە کەوتنە کەوتوون. رژێمی بەهێز و لاوازمان هەیە، رژێمە بەهێزەکان وەك رژێمی ئەسەد دەبینین کە هەر نەکەوت و مایەوە، بۆیە، من پێموایە گێڕانەوەی دیموکراسی پاش رووخانی رژێمێك، پێوەندی بە نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیە، ئەگەر خەڵکی بە باشی رێکخراببن لە کۆمەڵگەکانیاندا، ئەوا پاش رووخانی رژێمەکان ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە کە درووست دەبێت، بەڵام بەداخەوە لە زۆر لەو وڵاتانەی کە رژێم تیایدا رووخاوە، رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزمان نییە، تا خۆیانی پێبگرنەوە.

*** لە وڵاتێکدا کە جەنگ لەگەڵ لایەنێکی دەرەکیدا دەکات، تا چ رادەیەك قەیرانی پەرلەمانی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیکتاتۆری و گۆڕینی وڵات بۆ دەوڵەتێکی میلیتاری وەك میسر، هەروەها ئێستای عێراقیش کە لەگەڵ تیرۆریستاندا شەڕ دەکات؟**

- گومان لەوەدا نییە، ئەوەی لەسەر میسر باست کرد، ئەوەیە کە زیاتر پێوەندی بە جەنگەوە نییە و گۆڕینی دەسەڵاتێکی مەدەنی بە سەربازی، یان دەسەڵاتێکی سیاسی کە زۆر پێوەندیداربێت بە دەسەڵاتی سەربازییەوە، شتێکی چاوەڕوانکراوە و روودەدات لە حاڵەتێکی ئاوادا. بۆیە سیستەمێکی دیموکراتی ناتەواو دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە بە دیموکراسی لە بەرژەوەندیی شتێك کە دەستبەجێ کاریگەر بێت.

*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گوڵان سەبارەت بە نائارامیی سیاسی لە پەرلەماندا بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا چییە؟**

- کارێکی ئاسانە کە نائارامی دروست بکرێت، وەك لەوەی کە ئارامی بگەڕێندرێتەوە. لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکیشە کە بیر لە ئامانجی دوور بکەنەوە نەك لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی بەرتەسك و کەم، لەئێستادا بیر لە دەرئەنجامە دوورەکانی ئەو شتانە بکەنەوە کە ئێستا دەیکەن. بەڕاستی زۆر زۆر گرنگە کە لە ئێستادا بەرژەوەندییە کورتماوە بەپەلەکان تێپەڕێنن.

**بەداخەوە لە زۆر لەو وڵاتانەی کە رژێم تیایدا رووخاوە، رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزمان نییە، تا خۆیانی پێبگرنەوە**

**گێڕانەوەی دیموکراسی پاش رووخانی رژێمێک، پێوەندی بە نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیە**

**توانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیای نوێ بۆ کەوتنی رژێمەکان، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رژێمەکان خۆیان زۆر بەهێز نەبوون**

**کاتێک پارتە سیاسییەکان دەبنە پارتی بە شەخسەنەکراو و چیتر ناتوانن هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئیتر پەرلەمان بەدڵنیاییەوە ناتوانێت وەزیفەی خۆی بەباشی ئەنجام بدات**

# قسەیەکی ڕاست و مەرامێکی نابەجێ



پارێزەر مستەفا ئیبراهیم

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەر چاودێرێکی سیاسی کە لە کاروباری کورددا پسپۆڕ نەبێت، وا دەزانێت کە مافی ئەوەی هەیە لەوەدا کە هەرێمی کوردستان بۆتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و سنوورێکی ئارامی هەیە و لەنێو دەوڵەتانیشدا دانی پێدانراوە و ئەندامیشە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و باڵوێزخانەی لە چەندین دەوڵەتان هەیە، هەروەها ئابوورییەکی سەربەخۆو پێشکەوتووی هەیە و هاووڵاتیان بە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ژیان دەگوزەرێنن، هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییەو وەك سویسرا یان هەر دەوڵەتێکی ئەسکەندنافیا لە سایەی سوپایەکی زۆروزەوەندەدا خاوەن تازەترین چەکە، هاوکات داعش بوونی نییە چ لەنزیك پایتەختەکەی یان شارەکانی دیکەیدا و گەلی کوردستانیش لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە هەزار شەهید و بە هەزاران بریندارى لە سەنگەر نەداوە بۆ بەرگریکردن لە خاك و شەرەفی هاووڵاتیاندا، هەروەها چڕنوکی داعش نەگەیشتبێتە جەستەی زیاتر لە هەزار ژن و کچی کورد کە لە بازاڕدا بازرگانی پێوە دەکەن ئەمە سەرباری چەندین کارەسات وماڵوێرانیی دیکە کە بەرۆکی ئەم گەلەی گرتووە، کوردستانیش گەیشتۆتە پێگەیشتنێکی سیاسی و فیکری و گەشەی ئابووری.. تاد، هیچ لەبەردەم هێزە سیاسییەکاندا نەماوە تەنیا پەرژانە سەر گۆڕینی سیستەمە سیاسییەکەی نەبێت لە( سەرۆکایەتی ) یەوە بۆ( پەرلەمانی ) وەك بڵێی ئەوان بەو سیستەمە دەتوانن میلیشیاکانی داعش و هی دیکە لەناوببەن و بە چاوتروکانێك ناوچە کوردییە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی ئەوان ڕزگاردەکەن، بۆ نموونە وەك ناوچەی شنگال، هەروەها سیستەمی پەرلەمانی حوکمڕانانی بەغدا ناچاردەکەن شایستە داراییەکانی هەرێم بنێرن بێ دواکەوتن و خۆدزینەوە، خۆشحاڵیش دەردەبڕن بە بڕیاری حکومەت بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، هاوکات یەکسەر ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ دەکرێت و کوردستانیش دێتە ڕیز دەوڵەتانی پێشکەوتووی جیهان، بۆیە هیچ لەبەردەم هێزەسیاسییەکانیدا نەماوە تەنیا داوابکەن بە پێویستی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە چونکە سەرچاوەی شەرعییەتە هەر وەك ئەوان وای دەچن، نەك لەلایەن گەلەوە هەموو گەل کە جگە لەو هیچ دامەزراوەیەکی دیکە سەرچاوەی شەرعییەت و تەنیا خاوەنی ویلایەت نییە، بۆ چەسپاندنی مافەکانی و بڕیاردانی چارەنووس، بۆیە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرایەتی ڕێژەیەکی دیاریکراوی گەل دەکەن، بەڵام ئەوان بریکاری گەل نین بەوەکالەت کە قابیلی لابردن یان هەموارکردنی بەندەکان بن، چونکە هەروەك دەگوترێت ئەگەر ئاو هەبوو تەیەممومم بەتاڵ دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەسڵەکە هەبوو ئەوا دەسەڵاتی بریکار نامێنێت، ئەندامانی پەرلەمان چەند کەسێکن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێن، بەڵام گەل تا دنیا مابێت هەر دەمێنێت، زۆر بە کورتی خاوەنی ئەو گوتارە توندە خەیاڵیان وایە یان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سیستەمی پەرلەمانی بریتییە لە هەتووان و دەرمان بۆ چارەسەری هەموو دەردو مەینەتییەکانی ئێستاو ئاییندەمان، لە کاتێکدا کە لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و تازە پڕن لە ڕاستی کە ئەو خەیاڵ و مەزەندانە ڕەت دەکەنەوە، چونکە چەندین دەوڵەت هەن بە هۆی سیستەمە پەرلەمانییەکانیان لە ماوەیەکی پێوانەییدا لەبەردەم هێرشی دەوڵەتانی دیکە هەرەسیان هێناوەو لە جەنگی دووەمی جیهاندا چەندین کۆماری پەرلەمانی چارەنووسیان بەکوێ گەیشت، لە کاتێکدا هیچ مێژوونووسێك یان چاودێرێك ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە بەریتانیا بە سیستەمە پاشایەتییەکەی و دەستوورە نەنووسراوەکەی توانی لووتی هێزەکانی سوپای ئەڵمانیای نازی و حوکمڕانە ستەمکارەکەی بخاتە نێو قوڕەوە، بە هەمان شێوەش ئەمریکا سیستەمەکەی سەرۆکایەتییە کە گەورەترین و بەهێزترین دەوڵەتی سەربازی و ئابووری و پیشەسازیی لە جیهاندا، لە سایەی سیستەمە سەرۆکایەتییە گومانلێکراوەکەی بە دەسەڵاتەکانی دەبینین کە دەسەڵاتی جێبەجێکاری و یاسادانان تێیدا زۆر بە هێمنی و شەفافییەت دەستاودەست دەکرێت لەڕێی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی ئازادو پاکەوە لەلایەن گەلەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە بەهێزترین سەرۆکی لە مێژووی خۆیدا کە (نیکسۆن) بوو لە دەسەڵات لادا و هەر شرۆڤەکارێکی بەویژدان جورئەتی ئەوە ناکات گومانی لەو وڵاتە هەبێت لە ئازادیی فیکرو ڕاو ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە کە سیستەمەکەی سەرۆکایەتییە.

سیستەمی حوکم و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆر قسەو لێدوانی وروژاندووە تا ئەو ڕادەیەی کە هەموو هەڵەو گوناحەکانی پێشوو و ئێستای ئەو کارەسات و مەینەتییانەی ڕووبەڕووی گەلی کورد بۆتەوە دەخەنە ئەم چوارچێوەوە،

ڕەنگە گوتاری ئێستایان تا ڕادەیەك پەسند بێت ئەگەر ئەوان هێزی ئۆپۆزسیۆن بوونایە بە واتا سیاسی و دیموکراتییەکەی هەروەك پێشتر بەم شێوەیە بوون، بەڵام ئەوان بە چ پاساوێك و چۆن شەریکی دەسەڵاتن و دیارترین پۆست و پایەیان هەیە، ئەوان ڕەزامەندبوونە لەسەر بەرنامەی حکومەت و لە ناو هۆڵی پەرلەمان سوێندی یاساییان خواردووە لەسەر بەرنامەکەی، کەواتە بە چ لۆژیکێکی سیاسی، یان حزبی دەبنە بناغەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی و لەهەمان کاتیشدا ئاڵای ئۆپۆزسیۆن دژ بە دەسەڵات لە شەقام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان بەرزدەکەنەوە، بە ڕاستی دیموکراسییەتێکی سەیرو سەمەرەیە لە دروستکراوی کوردە. سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا تێکەڵەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانییە هەروەك فەرەنسا، چونکە زۆربەی دەستوورەکانی جیهان و یاساکانیان لە یاساکانی فەرەنساوە وەرگیراون کە کلتوورو بۆماوەی شۆڕشی فەرەنسییە، ئایا گەلی کورد و هەرێمی کوردستانیش توانیویانە پێش گەل و دەوڵەتی فەرەنسا بکەون؟

زۆر قسەیان کردو دنیایان هەڵگرت دەربارەی گەندەڵیی دارایی و ئیداری کاتێ ئەوان ئۆپۆزسیۆن بوون و منیش بەشداری ڕاوبۆچوونی ئەوانم دەکردو هەستم بە خۆشی دەکرد وەك هەموو هاووڵاتیانی هەرێم بە کابینەی هەشتەم و بەشداریکردنی هەموو هێزە سیاسییەکان کە تێیدا بەشدارن، هەندێ لە ئۆپۆزسیۆنە چاکسازخوازەکان پۆستی باڵایان وەرگرت کە لە زۆر پۆستی دیکە زیاتر بۆنی گەندەڵیان لێدێت، بۆیە لێرەدا هاووڵاتی و دەنگدەران و لایەنگرانیان مافی ئەوەیان هەیە لێیان بپرسن ئایا توانیوتانە سەربکەون لە ڕیشەکێشکردنی ئەو پەتا نەفرەتییە لە سنووری پۆست و دەسەڵاتەکانتاندا؟

بەپێی شرۆڤە و دەرئەنجامەکانم وابزانم داواکاریی (کوتلەی حوکمڕانی ئۆپۆزسیۆن) لەدوو خاڵدا کورتکراوەتەوە:

١- دیاریکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم.

٢- هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە نەك لەلایەن گەلەوە، کەواتە چ دەسەڵاتێکی ڕەها کە ئەم سەرۆکە لەماوەی حوکمڕانیدا پیادەی کردبێت و ترس و دڵەڕاوکێی وروژاندبێت و کاولکاریی لە وڵاتدا بڵاوکردبێتەوە؟ چەند جاریش هێزەکانی ئەو سەرۆکە بە ئاسن و ئاگر ڕووبەڕووی جەماوەر و خۆپیشاندانەکان بوونەتەوە کە بە گۆڕەپان و شەقامەکاندا تێپەڕیون و ڕێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانانەیان زیندانی کردوون و دەزگا ئەمنییەکان ئەشکەنجەیان داون و سەرانەیان لێسەندوون. دوور لە مۆڕاڵ و ڕەوشت مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، ئایا وەك ئەو ڕەفتارو هەڵسەکەوتانەیە کە حوکمڕانانی بەغدا دژ بە هاووڵاتیانیان گرتوویانەتەبەر، ئایا ڤایرۆسی ( دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك) لە دەوڵەتی یاساوە بۆ کوردستان گوازراوەتەوە؟

دواتر چ دەسەڵاتێك و لە چ ڕوانگەیەکەوە ئەم حوکمڕانە ستەمکارە دەسەڵاتە دەستووری و یاساییەکانی لە پارێزگای سلێمانی بە قەزاو ناحیەکانەوە پیادەکردووە؟ پاشان ئەمە پرسیارێکی ڕەواو یاساییە کە دەبێ یەکەم جار بەرپرسانی ئەم پارێزگایە و دوومیش ئۆپۆزسیۆن و سێیەمین خەڵکی کوردستان وەڵام بداتەوە.

پاشان ئایا سەرکردەی ئەو حزبانە دیموکراتخوازن و دەسەڵاتیان سنووردارە؟ یانیش دەسەڵاتی ڕەها و ئیمتیازی بێ سنووریان هەیە دوور لە چاودێری و خۆیان بە پۆستەکانیانەوە گرتووە تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا و فەرمانی چاکە بە خەڵك دەکەن بەڵام خۆیان لە گێلی دەدەن؟

بەپێی پاشخانی ڕۆشنبیریی یاساییم و کارکردنم وەك پارێزەر بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ وای دەبینم کە سەرۆك بارزانی یان هەر سەرۆکێکی دیکە ڕاستەوخۆ لەگەلەوە هەڵبژێردرێت، ئەمە یاسایە، بەڵام جگە لەمە لە شێوازو ئامرازی دیکە ئەوا شتێکی ئیسیتیسنائییە، وەك ئێران و تورکیا بە هەردوو ڕێبازی ئاینییەوەو میسر وەك عەلمانی و ئەمریکا و فەرەنسا وەك مەسیحی کە سەرۆکەکانیان ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەمەیە دیموکراسییەت و ماف و حوکمی گەل.

کوردستان کە ژمارەی دانیشتووانی لە ٤٠ ملیۆن کەس زیاترەو بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆی بەدناو تاکە گەلی جیهانە کە نە دەوڵەت و نە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە، هەندێ هەن بە ئاشکرا و بە نوێژی نیوەڕۆ داوای دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن، کە یەکەم جاریشە کەشوهەوایەکی گونجاو و لەباری نێودەوڵەتی لەئارادایە کە پشتیوانیی لەم هەنگاوە دەکات، هەروەها نوێنەرانی بەشی باکوور بە ٢٠ ملیۆن کەسەوە ئەم گوتارە ڕەت دەکەنەوە و بەتوندی دژی دەوەستن، کەواتە چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئەوانەو لە نێوان ئەو شاندە کوردییەی یاوەری عیسمەت ئینۆنۆ بوون لە کۆنگرەی لۆزان کە سێ بەندی پەیماننامەی سیڤەری سڕییەوە کە تایبەت بوون بە بڕیاری مافی کورد لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ هەتا ئەگەر لەسەر ڕووبەێکی دیاریکراوی کوردستانیش بێت، من پێشتر ئەوە دەزانم کە هەندێ لە خوێنەران وا حوکمم لەسەر دەدەن کە گوایە موریدی بارزانیی نەمرم ئەمەش تۆمەتێکە ڕەتی ناکەمەوە و شەرەفێکی گەورەشە، بەڵام داوای ناکەم، بەڵام من هەر لە سەردەمی لاوێتیمەوە بڕیارم داوە دووربکەومەوە لە شاعیرانی کۆشك و ئامۆژگاری سوڵتان و بەرپرسان و نامەوێ سوپاس و پاداشت لەکەس وەربگرم، دوای ئەوەی گەیشتوومەتە پاییزی تەمەن و تاکە ئامانجم ئەوەیە کە مێژوو بە لاریی و ساختەیی نەنووسرێتەوەو ئەوی بۆ قەیسەرە پێی بدەین و ئەوەی بۆ خوایشە هەر بۆ خوا بێت، لەکۆتاییدا بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێم لە جووڵەو بزاڤ و کێشمەکێش دەگوزەرێت دەربارەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك بارزانی ( قسەیەکی ڕاستە بەڵام بە مەرامێکی نابەجێ )ئەگەر لەپشت ئەم قسانەوە مەبەست و نیازخراپی نەبێت، کە ئەوەیە لێی دەترسم کە بۆ هیچ سونبل و هێمایەکی نیشتمانی کوردی و هێزێکی سیاسی لە هەر چوار گۆڕەپانی کوردستان بە ئومێدی ناخوازم، چونکە گەل و مێژوو ڕوحم بە هیچ کەسێك ناکەن.

**ئەندامانی پەرلەمان چەند کەسێکن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێن، بەڵام گەل تا دنیا مابێت هەر دەمێنێت، خاوەنی ئەو گوتارە توندە وا دەزانن کە سیستەمی پەرلەمانی بریتییە لە هەتووان و دەرمان بۆ چارەسەری هەموو دەرد و مەینەتییەکانی ئێستاو ئایندەمان**

**ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێم لە بزاڤ و کێشمەکێش دەگوزەرێت دەربارەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک بارزانی، ئەگەر لەپشت ئەم قسانەوە مەبەست و نیازخراپی نەبێت، قسەیەکی ڕاستە، بەڵام بە مەرامێکی نابەجێ**

**ئایا ئەو ڕەفتار و هەڵسەکەوتانەی کە حوکمڕانانی بەغدا دژ بە هاووڵاتیانیان گرتوویانەتەبەر و ڤایرۆسی (دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک) لە دەوڵەتی یاساوە بۆ کوردستان گوازراوەتەوە؟**



**د.سەباح بەرزنجی** سەرۆکی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری:

# کاک مسعود بارزانی کەسایەتیەکی مێژوویی و پێشمەرگەیەکی دێرینە

## شەرەفێکی گەورەیە سەرۆکی وڵاتمان پێشمەرگە بێت

لە ناو فرەبیروڕاو ڕوانینە هەمەچەشنەکاندا، هەمیشە بژاردەیەك دەبیندرێتەوە کە بێلایەنانە و زانستییانە باس لە ئاریشە و پرس و ڕووداوەکان دەکەن و بە شوێن چارەسەری گونجاودا دەگەڕێن کە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا برەو پێبدات. بۆ نرخاندن و بەهەندوەرگرتنی بیروڕای زانایان و پیاوانی ئایینی ئیسلامی سەبارەت بە پرسە هەنوکەییەکانی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د.سەباح بەرزنجی سەرۆکی سەنتەری زەهاوی ئەنجامدا و بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

*** لە ئێستادا دووچاری گرفتێکی گەورەی شەڕی تیرۆریستانی داعش بووینەتەوە کە لە ژێر پەردەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ئیهانەی کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکرێت، گەلی کوردستانیش گەلێکی موسڵمانە، ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە پێویستە شەڕێکی فیکری دژی تیرۆریستانی داعش بکەین، بە چ شێوەیەك ئەم شەڕە ئەنجام بدەین؟**

- ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی چ بە ناوی ئایینەوە بێت یان بە ناوی ئایدیۆلۆژیاییەوە، پێویستی بە زەمینەیەکی فەرهەنگی و کەلتووری و زانستی هەیە، برەودان بە ناوەندە زانستییەکان و بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی و هاوکات گرنگیدان بە گوزەرانی خەڵك، پاشان گەڕانەوە بۆ مێژووی ئاینی ئیسلامی لە کوردستان و هەڵدانەوەی لاپەڕە پرشنگدارەکانی لێبوردەیی ئایینی، زەمینەی لەبارو فاکتەری کاریگەرن بۆ ڕێگەگرتن و کەمکردنەوەی توندڕەوی، سەرەتا دەبێ بزانین توندڕەوێتی دیاردەیەکی جیهانییە، ئێستا یەخەی گەلی کوردستانیشی گرتووەتەوە، پێش ئەوەی لە ڕووی سەربازی و سیاسیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، پێویستە لە ڕووی فکری و هۆشیاری و کەلتووریەوە ڕەگ و ڕیشەکانی بۆ خەڵکی ڕوونبکەینەوە، بیسەلمێنین کە ئەمە حاڵەتێکە نەخوازراوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێویستمان بە توانایەکی هەمەلایەنەیە لە ڕێی پێکەوە گرێدانی هەموو تواناو بەهرەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستانی.

*** بەشێکی زۆر لە زانایانی ئایینی ئیسلام لەسەر ئاستی جیهاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو توندڕەوییەی لە جیهادی سەلەفی قیتالی دروست بووە، بەرهەمی ژینگەیەکی خۆماڵی وڵاتانی عەرەبیە، بە دیوێکی دیکەدا هەن دەڵێن ئەم توندوتیژیە بەرهەمی مزگەوت و قوتابخانەکانی وڵاتانی عەرەبیە،بەشێك لەم کەلتورە دزەی کردۆتە کوردستانیشەوە، چی بکەین بۆ ئەوەی کەلتورێکی هاوشێوە لە کوردستانیشدا توندڕەوێتی بەرهەم بهێنێت؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا نیم بڵێین ئەمە بەرهەمی عەقڵی عەرەبیە، بەڵام دەکرێت بڵێین بەرهەمی عەقڵی بەداوەتی ئەعرابیە، بەرهەمی سادەییانە حاڵیبوونە لە ئایین، لە هەر شوێنێك کە مرۆڤ دۆگما بوو بێت، پیرۆزی دا بێت بە مەزهەبێك و فیکرێکی دیاریکراو، تۆلێرانس و زانستێکی لێبوردانەی وای پێ نەبێت، ڕەگ و ڕیشەی بیروبۆچوونەکانی توندڕەویی لا دروست دەبێ، چونکە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا وەك حەزرەتی یەعقوب دەفەرموێت(اخاف ان یأکله الذئب) وتی دەترسم گورگ یوسف بخوات، مەبەستی گورگە گیانلەبەرەکە نەبووە، بەڵکو مەبەستی لەوە بوو کە لە ناخی براکانیدا گورگێك هەبووە، ئەو گورگە پەلاماری یوسف بدات، لە ناخی هەر کەسێکدا ئەگەر ڕەوشت و ئایین و ئینسافی لەگەڵ نەبێت، گورگێك بوونی هەیە، گەر دەرفەتی بۆ دروست بێت پەلاماری هاوشێوەکانی خۆی دەدا، ئینجا ئەمە ڕەنگی داوەتەوە لە ناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا لەم قۆناغەداو دەقە شەرعیەکانیشی لەسەر تەوزیف کراوە، بۆ گەیشتن بەو مەرامە سیاسیانەی کە هەیانە، یان بۆ کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دنیادا، بەڵام دڵنیام لەوەی ئەمە حاڵەتێکی تێپەڕەو حاڵەتی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیداو لە ناو میللەتانی موسڵماندا بریتیە لە لێبوردەیی و ئاشتی و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ.

*** ساڵێك زیاتر بەسەر ڕەشەکوژی و جینۆسایدی داعش دژ بە ئێزدییەکان تێدەپەڕێت، داعش بە هەزاران کچ و ژنی ئێزدییان فڕاندو کڕین و فرۆشتنیان پێکردن، وەك زانایەکی ئایینی چۆن ئەم ڕەفتارەی داعش شرۆڤە دەکەیت و ئەمە لە کوێی ئایینی ئیسلامدا جێگەی دەبێتەوە؟**

ـ ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت نەك تەنیا ئێزیدیەکان، بەڵکو ئەو موسڵمانانەشی کە وەك ئەوان بیرناکەنەوە هاوشێوە پاکتاویان دەکەن، کۆیلەو زەلیل و یەخسیریان دەکەن، ئەگەر بێینە سەر واقیع، کێ ئەو مافەی پێداون ببنە بکوژو ببڕ بەسەر خەڵکی ترەوە، ئایا موسڵمانان هەڵیانبژاردون؟ ئایا ئەهلی حەل و عەقد ئیسلامی لە زانایان و بیرمەندانی کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو نەتەوەکانی ئیسلام ئەوانەی هەڵبژاردووەو ئەو مافەیان پێ داون بچن بە ناوی خواو بە ناوی پێغەمبەری خواوە شارەکان داگیربکەن و قەتلوعامی خەڵکی بکەن؟ خەڵکانی سەر بە ئایینە جیاوازەکانی تر بە دیل و بە کۆیلە بگرن؟ نەخێر، کەواتە ئەوان دەسەڵاتەکەیان شەرعی نییەو هەموو زانایانی موسڵمان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا بە تایبەتی زانایانی ئەزهەرو عەرەبستانی سعودی و عیراق و شام و تورکیاو پاکستان و مەغریب و باکووری ئەفەریقیا هەر هەموویان دژ بەو ڕەفتارانەن و پێیان وایە ئەو توندڕەوانە گرووپێکن، ملهوڕانە لەسەر بناغەی زۆردارێتی و خۆسەپاندن دەسەڵاتیان بە خۆیان داوە.

*** لەماوەی ئەمساڵدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژای ١١٠٠ کیلۆمەتری بەرەی شەڕ بەرگرییان لە کوردستان کردو لەم پێناوەشدا زیاتر لە ٨٠٠٠ پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون، ئایا تا چەند ئەم بەرگریەی**

**ئەگەر سەحابەکانیش لە ژیاندا بوونایە هەر وەک پێشمەرگە بەرگرییان لە کەرامەت و حورمەتی گەلی کورد دەکرد**

**مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هۆشیارە لەوەی نەیویستووە لایەنگیری بکات لەو ململانێ مەزهەبیەی نێوان سوننەو شیعەو ئاین و ئاینزاکانی تر، لەمەشدا لایەنگیری نە شیعەی کردووە لەسەر حسابی سوننە نە لایەنگیری سوننەی کردووە لەسەر حسابی شیعە**

**پێشـــمەرگە وەك جیهاد لە پێناوی خوا سەیر دەکرێت؟ چونکە ئەگەر هێزی پێشـــمەرگە نەبوایە، جینۆسایدی ئەنفال بە دەستی داعش دووبارە دەبووەوە؟**

- بـــە پێی شـــەریعەت و بـــە پێی هەمـــوو ئایینە ئاسمانیەکان و شەریعەتە مرۆڤکردەکان، داکۆکیکردن لە ماڵ و خاك و ناموس و نیشتمان ئەرکێکی شەرعیانەو نیشـــتمانیی پیـــرۆزە، ئەوەی کە پێشـــمەرگەکان پێی هەڵدەســـتن، لە ڕاستیدا ئەگەر سەحابەکانیش لە ژیاندا بوونایـــە وەك ئەوانیان دەکرد، بەرگرییان لە کەرامەت و حورمەتی گەلی کورد دەکرد، لەبەرئەوە پێویســـتە ئێمە بە هەموو شێوەیەك پاڵپشت بین بۆ ئەو برا پێشمەرگانەو دوعای سەلامەتییان بۆ بکەین و دوعای پلەی بەرز بۆ شەهیدان بکەین، خوای پەروەردگار بەرزترین پلەیان پێ ببەخشێت و ســـەبووری بە کەسوکاریان بدات، ئەوانیش بکاتە شەفاعەتکاری کەسوکاریان لەڕۆژی ئاخیرەتدا.

**بۆ ئێمە شانازی بە ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و نالی و مەولەوییەوە نەکەین، دەتوانین لە ڕێگای ئەم کلتوورو رۆشنبیرییەوە فەزای پێکەوەژیان و لێبووردەیی پتەوتر بکەین و خەڵکی فێر بکەین بەخۆشی و تەباییەوە بژین**

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەماوەی ئەمساڵدا خۆی راســـتەوخۆو هاوشانی پێشـــمەرگە لەبەرەکانی شـــەڕدا بووەو توانی یەکڕیزی پێشـــمەرگەو یەکڕیزی گەلی کوردســـتان بپارێزێت و لەشەڕەکەشدا سەرکەوتوو بێـــت، ئایا تا چەند رۆڵی ســـەرۆکی وڵات لە ســـاتە چارەنووسسازەکاندا بۆ نەتەوە گرنگە؟**

ـ بێگومان هەموو نەتەوەیەك دەبێ سەرۆکی هەبێت، ئـــەو عەقڵی بیرمەندێتی و بەڕێوەبەری ئەو میللەتەیە، گەلی کوردســـتان بـــە بێ ســـەرۆك ناتوانێت پێکهاتە جیاوازەکانی لەژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە، لە منداڵیمەوە کەسایەتی بەڕێز کاك مسعود بارزانی دەناسم، دیراسەتم کردووەو لە نزیکی دانیشـــتوم، کەسایەتیەکی مێژوویی و پێشـــمەرگەیەکی دێرینی کوردستانە، ئەو خۆی پێش هەر وەسفێك شـــانازی بە پێشمەرگایەتی دەکات، ئەمە شـــەرەفێکی گەورەیە کە ســـەرۆکی وڵات بە جوهدو هەوڵ و تێکۆشانی پێشمەرگەیی بووەتە سەرۆك، جگە لـــەو قووڵاییـــە مێژوویەو زەعامەتـــە ڕەمزیەی کە لە خوالێخۆشبوو مەلامستەفا بۆی ماوەتەوە، خۆیشی لەسەر ئاستی جیهان و هەرێمایەتی و کوردستان کەسایەتییەکی دیارە، لە مەرحوم مامۆســـتا شێخ محەمەدی بەرزنجی باوکمم بیستووە کە کاك مسعود بارزانی سەراپا ئەدەبە، ئەمانە ڕەصیدن بۆ ئەو پیاوە کە بە شایســـتەیی ببێتە سەرۆك، دڵنیاشم کە ئەو سازانەی کە پێویستە لە نێوان لایەنە سیاســـیەکان لەسەر ئەم کەسایەتیە بەرزە دروست دەبێـــت و ئەویش لە جاران زیاترو بەرزتر ڕۆڵی خۆی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لە کۆکردنەوەی بیرو بۆچوونـــە جیاوازەکان دەبینێت و دوعای ســـەرکەوتن و پایەداری بۆ دەکەین.

**پێویستە ئێمە بە هەموو شێوەیەک پاڵپشت بین بۆ پێشمەرگەو دوعای سەلامەتییان بۆ بکەین و دوعای پلەی بەرز بۆ شەهیدان بکەین**

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نەتەوەکەمان دیارە مێژووی کورد و مێژووی ئیسلام لە کوردستان تێکەڵاوە، ئـــەوەی لەم مێژووە کوردییە ئیســـلامیە دەخوێنرێتەوە، خۆشەویســـتی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و ئاشـــتیە، بۆچی تەنیا مێژووی کوردو ئیســـلام پێکەوە ئاشتی و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی بەرهەمهێناوە؟**

ـ ئیســـلام لە سلم و ئاشتی وەرگیراوە، ئاینێکە لەسەر بناغـــەی قەناعەت دەڕۆیتە ناویـــەوە، دەتوانی هەموو پرســـیارێکی تێدا بکەی، لـــە بنەماتریـــن بنەمایەوە تاوەکو لق و پۆپەکانی ئەم ئایینە، بواری قســـەکردن و گفتوگۆکردن و دیالـــۆگ و قەناعەتپێکردنی تێدایە، ناڵێم ئێمە وەك گەلی کورد لە بەرەبەیانی ئیســـلامەوە یەکســـەر ئیســـلاممان وەرگرتووە، بـــەڵام ئەوانەی کە وەچەی یەکەمی موسڵمانانی کوردستان پێکدەهێنن، بە قەناعەتەوە ئیسلامیان وەرگرتووەو وردە وردە ئەم ئایینە هەر بە قەناعەت لە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە، چونکە پێش دەسەڵاتی ئیســـلام، کورد لە ژێر دەسەڵاتی فارسەکان و ڕۆمەکانـــدا بووەو غـــەدری زۆری لێکراوە، خاوەنی بەروبـــووم و تواناکانی خۆی نەبـــووە، بەڵام بە هاتنی ئیســـلام گەلی کورد بووەتە پێشـــەوا لە وڵاتی خۆیدا، لەبەرئەوەی کورد ئاشتیخواز بووەو بینیویەتی ئەم ئایینە ئاشـــتیخوازانەیەو ڕزگاریخوازەو داکۆکی لە گەلان و کەسانی ژێردەستە دەکات، بۆیە ئامێزیان بۆ کردۆتەوەو ئێمە بە درێژایی ســـێزدە ســـەدە، هەر لە کوردســـتانی خۆمانـــدا نزیکەی ٦٣ میرنشـــینمان هەبـــووە، کە بە دەربڕینی ئەمڕۆکە نیمچە سەربەخۆیی بوون، تەنیا لە سیاســـەتی گشتیدا تابیعی خەلافەتی ئیسلامی بوون، ئەگینا لـــە وردەکاریەکانی کاروباری ناوخۆی خۆیاندا ســـەربەخۆ بوون، سوپا و ئاڵاو دراوی تایبەتیان هەبووە، ئەمە نیشـــانەی ئەوەیە کە میللەتی کورد هەمیشـــە ویســـتویەتی لە خزمەتی ئاشتی و ئاشتیخوازیدا بێت، خزمەتی بە ئاینی ئیسلام گەیاندووە، لە پاڵ برا عەرەب و تورکمان و فارس و نەتەوەکانی تری موســـڵماندا، تا هێزەکانی کۆلۆنیالزم هات و میراتی دەوڵەتی عوسمانی دابەش کـــرا و غەدرێکی گەورە لەگەلی کوردســـتان کرا و ڕێگایان نەدا خاوەنی کیانی ســـەربەخۆی خۆی بێت، بێ پرســـکردن بە گەلی کوردستان کوردستانیان بەســـەر چوار وڵاتدا دابەش کرد، لەڕووی شـــەرعیەوە هەق وایە گەلی کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێـــت، نەتەوەکانی دراوســـێمان ئەگەر پەیڕەوی شـــەریعەتی خودا بکەن، دەبێت بە سنگێکی فراوانەوە پێشوازی لە داخوازییە سیاسی و ئابووری و کلتووری و کۆمەڵایەتیەکانی گەلی کوردستان بکەن.

*** بەشـــی زۆری شـــاعیرە گەورەکانمان پەروەردەی حوجرەو مزگەوتەکانن، بەڵام کاتێك وەســـفی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) بە شـــیعرەکانیان دەکەن، هەست دەکەین لەناو خۆشەویســـتی پێغەمبـــەر(د.خ) تواونەتەوە، ئەم خۆشەویستیەیان گواستۆتەوە بۆ ناو خەڵکی کوردستان، بەڵام کاتێك باسی مێژووی ئیسلام دەکرێت، ئەم مێژووە کوردییە ئیســـلامیە فەرامۆشکراوە، زۆر کەم مزگەوت و شـــوێنە ئایینەکان بەناوی ئـــەو زانا گەورانەی کورد دەکرێت، ئایا ئێستا کاتی ژیانەوەی ئەو مێژووە کوردییە ئیســـلامیە نییە؟ چۆن دەســـت پێبکەیـــن، بەرای تۆ هەنگاوەکان چۆن بن؟**

- پێویستمان بە هەڵمەتێکی نیشتمانی هۆشیاری هەیە بـــۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە لـــە گەنجینە کەلتووریەکەی خۆی شـــارەزا بێت، کەسایەتی و زاناو بیرمەندانمان لە خوێندنگاکان بخوێندرێن، باســـی مەولانا خالیدو کاك ئەحمەدی شـــێخ و موفتی زەهاوی و مەلا عەبدوڵای بیتۆشی و مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و دەیان شـــاعیرو کەســـایەتی تری نەتەوەکەمان بەشێوەیەکی وردتـــرو دەوڵەمەندترو قووڵتر بکرێـــت و گرنگی زیاتر پێ بدرێت، هەروەکو چـــۆن کاری وەزارەتی ئەوقاف و رۆشنبیری و شـــارەوانییە خەڵکی هان بدەن نەك تەنیا مزگەوتەکان بەڵکو شوێنە گشتیەکان بەناوی زاناو رەمزە مێژوویيـــەکان ناوببرێن، رەنگـــە زۆر خەڵکی ئێمە هەر نەزانێت مەلاعەبدوڵای بیتۆشـــی و موفتی زەهاوی و بەدرخانەکان و شێخ سەعیدی پیران و شێخ عوبێدوڵلای نەهری و ســـەید تەهای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کێن، چونکە وەکو پێویست توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە، ئەرکی سەرشانی خوێندەوارانی ئێستایە رێز لەم کەلەپوورە بگرن، ئەمە ئەرکی بەرزترین دەزگا تەشریعی و جێبەجێکارەکانە کاری پێ بکەن و کۆنفرانس و کۆنگرەی لەســـەر ببەستن و میدیای کوردســـتانی بە گرنگیەوە رووماڵی بکات بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکان، نەوەی پێشوو تۆمەتبارە بەوەی نەیتوانیوە ئەو شاعیرو بیرمەندو زانایانە بەنەوەی ئێســـتا بناســـێنێت، نەیتوانیوە حاجی قـــادری کۆیی و کانی لەهەولێـــر و ئەختەر لە کۆیە و سەید کاملی ئیمامی کە کەڵە شاعیرێکی گەورەیە لە کوردستانی ئێران و دەیان شاعیرو کەسایەتی ناسراوی تری گەلەکەمان بناسێنێت، وەزارەتەکانی شارەوانی و ئەوقاف و رۆشنبیریی و میدیاکاران نەهاتوونەتە مەیدان(ئەوەی شـــانازی بە رابردووی خۆی نەکات ئێستاو داهاتووشی نابێت)، ئێرانیەکان ئێســـتاش شـــانازی بە فیردۆسی و ســـەعدی و حافیزەوە دەکەن، تورکەکان شانازی بە نازم حیکمەت و شـــاعیرو کەسایەتی و سەرکردە گەورەکانی خۆیانەوە دەکەن؛ عەرەبەکانیش شـــانازی بە موتەنەبی و ئەبـــو تەمام و دەیان شـــاعیری تریانـــەوە دەکەن، بۆ ئێمە شـــانازی بە ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و نالی و مەولەوییەوە نەکەیـــن، دەتوانین لە رێگای ئەم کلتوورو رۆشنبیرییەوە فەزای پێکەوەژیان و لێبووردەیی پتەوتر بکەین و خەڵکی فێر بکەین بەخۆشی و تەباییەوە بژین.

*** یەکێك لەو گرفتانەی کە ئێســـتاکە بووەتە هۆی دروستبوونی توندڕەویی دەسکاریکردنی فیقهی ئیسلامیە یاخود بە هەڵە خوێندنەوەیەتی یا بەشـــێوەیەك داڕێژراوە کە لەگەڵ بۆچوون و کلتووری نەتەوەکانی دەوروبەرمان دەگونجێت و لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکان لایان داوە، وەکو شـــارەزا لەزانستی شەریعەت و فیقهی ئیسلامی چۆن دەڕوانیتە ئەم مەسەلە هەستیارە.**

- بەداخەوە فیقهی ئیسلامی پارچە پارچە جێبەجێ کراوەو وەکو سیســـتەمێکی یەکگرتوو بەکار نەهێنراوە، ئەمەش رەنگدانەوەی جیهانی ئیسلامییە کە یەکگرتوو نەبـــووە، رەنگـــە لە گۆشـــەیەکدا لایەنێکـــی فیقهی ئیســـلامی باش جێبەجێ کراوە لە گۆشـــەیەکی تردا باش جێبەجێ نەکراوە، ئەمـــە تایبەت نییە بە جیهانی ئیســـلامی بەڵکو لەهەمـــوو دنیادا دیـــن لەخزمەتی سیاســـەتدا بەکارهێنراوە، ئێمەش لەهەرێمی کوردستان هیچ بەربەستێك نییە لەبەردەممان ئیسلام بەشێوەیەکی کوردانـــە خوێندنەوەی بۆ بکەین و بـــەکاری بهێنین و جێبەجێـــی بکەین بۆ خزمەتکـــردن بە دنیای خۆمان و دابینکردن و مســـۆگەرکردنی دوارۆژمان، لەم پێناوەدا پێویســـتە گوتاری ئاین یەك بخرێت و زانا و مامۆستا ئاینیەکان بەرەو یەك ســـتراتیژی بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد لەرێگای فقهی ئیســـلامی و ئەخلاقی ئیسلامی و دەقە شـــەرعیەکانەوە کار بکەن. ئەمە بەو مانایە نایەت کە رێـــگا بەبیروبڕواکانی تر نەدرێت، با ئێمە دیالۆگی بەردەوامان لەگەڵ ئاین و بیروبڕواکانی تر هەبێت.

*** ئێســـتاکە ململانێیەکی تونـــدی مەزهەبگەرایی لەناوچەکەدا هەیە، بەو پێیەی گەلی کوردستانیش کە دابەش بووە بەسەر ئەو وڵاتانەدا کە ئەو شەڕە خوێناویی و ململانێ توندە تائیفیەی تێدایە، هەربۆیە مەترســـی بۆ ســـەر ئێمەش هەیە، تەنانەت لەنـــاو بیروبۆچوون و ئاڕاستەی زۆر لە حزبە کوردستانیەکان رەنگی داوەتەوە، چۆن گەلی کوردســـتان و ســـەرکردەکانمان دەتوانن لەو شـــەڕە خوێناوییـــە خۆیان بە دوور بگـــرن و تێکەڵ بە شەڕی تائیفی نەبن.؟**

- کورد کێشـــەی مەزهەبی نەبووەو دەبێت کێشـــەی

**لە ناخی هەر کەسێکدا ئەگەر رەوشت و ئایین و ئینسافی لەگەڵ نەبێت، گورگێک بوونی هەیە، گەر دەرفەتی بۆ دروست بێت پەلاماری هاوشێوەکانی خۆی دەدا، ئینجا ئەمە رەنگی داوەتەوە لە ناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا لەم قۆناغەداو دەقە شەرعیەکانیشی لەسەر تەوزیف کراوە، بۆ گەیشتن بەو مەرامە سیاسیانەی کە هەیانە**

**لەبەرئەوەی کورد ئاشتیخواز بووەو بینیویەتی ئەم ئایینە ئاشتیخوازانەیەو رزگاریخوازەو داکۆکی لە گەلان و کەسانی ژێردەستە دەکات، بۆیە ئامێزیان بۆ کردۆتەوە**

مەزهەبی سوننەو شیعەش کۆتایی بێت چونکە خودای گەورەو میهرەبان ناوی ناوین موسڵمان نەك سوننەو شیعە، لەبەرژەوەندی کوردیشە ڕەنگێکی مەزهەبی دیاریکراو بەخۆیەوە وەرنەگرێت و ڕێز لەهەموو مەزهەبەکان بگرێت. باشترین بژاردە بۆ ئێمە ئەوەیە یەکەم لەو شەڕە مەزهەبییەی لە عێراق و ناوچەکە دروست بووە بەشداری نەبین و بانگەشەی ئەوە بکەین ئەم ئاسمانە چەترێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، نەك تەنیا بۆ ئاین و ئاینزاکان بەڵکو بۆ ئەوانەشی کە بڕوایان بەئاین نییە.

*** پێت وانییە لەم قۆناغەدا کورد بەگشتی و سەرۆك بارزانی هەمان بۆچوونی هەیە و هەوڵی ئەوە دەدا کلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان هەموو ئاین و ئاینزاو نەتەوەو پێکهاتەکانی کوردستان و عێراق گەشە بکات ؟**

- سەرکردایەتی سیاسی کوردو مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هۆشیارە لەوەی نەیویستووە لایەنگیری بکات لەو ململانێ مەزهەبییەی نێوان سوننەو شیعەو ئاین و ئاینزاکانی تر، لەمەشدا لایەنگیری نە شیعەی کردووە لەسەر حسابی سوننە نە لایەنگیری سوننەی کردووە لەسەر حسابی شیعە، بە پێچەوانەوە دەرگایەکی کراوەی لەبەردەم سوونەو شیعە کردۆتەوە بۆ ئەوەی بە کیانێکی هاوبەش و ڕوئیایەکی برایانە کێشەکان چارەسەر بکرێت.

*** زۆرجار خەڵکی گلەیی ئەوەیان هەیە کە لەهەندێك وتاری مامۆستایانی ئاینی ڕۆژانی هەینی زۆر بەکەمی باس لەو فیتنەو هێرشە دڕندانەیە دەکرێت کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و لەسەر ئەو تاقمە تیرۆریستیەی کە بەناوی خەلافەتی ئیسلامیەوە زیانیان بەکەرامەت و سەروماڵی کوردستانیەکان گەیاندووە.؟**

- من پێم وانییە نەمامۆستایانی ئاینی نە وەزارەتی ئەوقاف کەمتەرخەمن لەوەی بەپێی پێویست باس لە تیرۆرستانی داعش و ئەو مەترسییە ناکەن کە دەکرێتە سەر گەلی کوردستان، لەکوردستان هەندێك کێشەی سیاسیمان هەیە کە کاریگەری داناوە لەسەر وتاری مامۆستایان و وتاری خەڵکیش، هەموومان دەبێت یەك دەنگ بین لەسەر پاراستنی خەڵکی کوردستان و مەترسی داعش و هاوفیکرەکانی داعش، ڕەنگە مامۆستایەکی ئاینی ئەوەندەی پێویست بەوە نەبێت بڵێت داعش کافرە، چونکە کافری تریش هەیە لەکوردستان و خەڵك کێشەی لەگەڵدا نییە، نە ئێمەو نەمامۆستایانی ئاینی پێویستیان بەوە نییە کەس تەکفیر بکەین، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت نەڵێین ئەمە هەڵەیە و ستەم و تاوانە و فیتنەیە کە لە کوشتن مەترسیدارترە(الفتنە اکبر من قتل)، هەربۆیە مامۆستایانی ئاینی لەمبارەیەوە درێخیان نەکردووە، دڵنیا بن لەوەی مامۆستای ئاینی زامنی داکۆکیکردنە لە کیانی سیاسی و سەرکردایەتی کوردستان و هەر بەرگریکردن و پاراستنێکی کوردستان لەتیرۆریستان و خراپەکارێك، هەربۆیە دەسەڵاتی سیاسیش دەبێت موراجەعەی خۆی بکات بەوەی بۆچی ڕۆشنبیران و نووسەران و مامۆستایانی ئاینی و زانکۆ و زۆر لە چین و توێژەکانی تر دەنگیان زۆر بڵند نییە، خۆ دەسەڵاتی سیاسیش گلەیی لەخۆی هەیە، باشە ئەو هەموو کێشە سیاسیانەی لەنێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە هەیە، ئەو هەموو کۆبوونەوەیەی دەوێت با چی لەبەرژەوەندی کوردە ئەوە بکەن و ئەو هەموو لێدوانە دژ بە یەك و پرۆژەیە چییە با ڕۆژێك لەهۆتێلێکدا دانیشن و مۆبایلەکانیان لێبسەنن کاریگەری دەرەکی و ناوخۆیان لەسەر لابچێت، دەگەنە دەرئەنجام و چارەسەر، حزبە سیاسیەکان و دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان کاریگەری زۆریان لەناوچەکەو جیهان دەبێت ئەگەر بەیەکەوە بن و هەریەکەو لەدۆڵێك بخوێنن و سەدان گرفتی خزمەتگوزاری هەبێت و ژیانی خەڵك چاك نەکرێت مامۆستایانی ئاینیش هەر لەدژی داعش بخوێنن، ئەمڕۆ دۆخێك و قۆناغێکی زۆر هەستیار دروست بووە کورد لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەیەکڕیزی و یەکبوون هەیە، تەنانەت ئەو گفتوگۆو ململانێیەی ئێستا لەنێو حزبە کوردستانیەکان لەسەر درێژکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دروست بووە کاتی ئەوە نەبوو، با کێشە سیاسی و بارودۆخەکەو بژێوی ژیانی خەڵك و خزمەتگوزاری چاك بکەین.

*** وەکو ئاشکرایە لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەنێو حزبە کوردستانیەکان ململانێیەك هەیە، باشە حزبە ئیسلامیەکان لەناو پەرلەمان و دەسەڵاتدا بۆ دەبێت پاڵپشتی لایەنێك لەدژی لایەنێکی تر بکەن و ڕۆڵی چاکسازیی نەگێڕن لەکاتێکدا خودای گەورەو میهرەبان و فەرموودەکانی پێغەمبەریش باس لەو ڕۆڵە دەکەن.؟**

- ئەگەر پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەگوێی حزبە ئیسلامیەکان بکەن، کێشەکە چارەسەر دەبێت، ئێمە تەماعی دەسەڵاتمان نییە، حزبێکی ئیسلامی بۆ ئەوەی ناوەندگیری لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان بکات ئەو مافەی بدەیتێ هەندێکجار ڕەخنە لە تۆش بگرێت و هەندێکجاری تر لەلایەنەکەی تریش، ئەگەر ئەو سێ لایەنە بڕیار بدەن ئێمە وەکو ئیسلامیەکان دەیانگەیەنین بە دەرئەنجام و چارەسەر.

**ئەو سازانەی کە پێویستە لە نێوان لایەنە سیاسیەکان لەسەر ئەم کەسایەتیە بەرزە دروست دەبێت و کاک مسعودیش لە جاران زیاترو بەرزتر ڕۆڵی خۆی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لە کۆکردنەوەی بیرو بۆچوونە جیاوازەکاندا دەبینێت**

# نەوت فاکتەری بنەڕەتییە لە دروستکردن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتدا



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت پێویستی بە فەراهەمکردنی زەمینەو بنەمای سەرەکییە بۆ بنیادنانی، هاوکات ئابووریش کە نەوت یەکێکە لە دیارترین بنەماکانی دروستکردنی دەوڵەتدا، لەبەر ئەوەی هێزێکی ئابوورییە و هەماهەنگی و یەکێتیی گەل بە هەموو توێژەکانیەوە سەبارەت بە بابەتی دروستکردنی دەوڵەت( دەوڵەتی کوردستان)بەهێز دەکات، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە گرنگیی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان دەردەخات بۆ پاڵپشتی و پشتگیریی دەوڵەتانی جیهان لە هەنگاوەکانی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، بەو ناوەی کە بەرژەوەندییەکانی ئابووریی کە خۆی لە نەوت و غازدا دەبینێتەوە دەبێتە رەگەزێك پێوەندییەکان بە هەموو لایەنەکانییەوە بەهێزدەکات لە نێوان دەوڵەتی کوردستان و دەوڵەتانی جیهان کە پشتیوانیی لە دروستکردنی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن لە ئایندەیەکی نزیکدا.

نەوت لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا فاکتەر نییە تاکو هەرێم هەوڵی ئەوە بدات بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەکاری بێنێت، بەڵکو فاکتەرگەلی دیکە هەن لەوانە (سیستمی فیدراڵی، هەوڵدان بۆ کۆنفیدراڵیی، ئیرادەی میللی و سیاسی، پتەویی ناسنامەی کوردی، هەستکردن بە پەراوێزخستنی مێژوویی و پێویستی وەدیهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەیی وەك مافێکی سروشتیی دەستەبەرکراو بۆ هەموو گەلان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەردەوامبوون بە گرتنەبەری سیاسەتی پەراوێزکردنی کورد (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە لەمیانی پابەندنەبوون بە دەستوورو ڕێکەوتننامەکان کە لە نێوان هەردوو لادا مۆر کراون، ئەمانە هەموویان وایان لە سەرکردایەتیی سیاسی و لەسەروویانەوە سەرۆکی هەرێم کردووە بیر لە شێوازی کۆنفیدراڵی بکاتەوەو لەسەر گەلیش پێویستە بڕیاری خۆی دەست نیشان بکات سەبارەت بە ئاییندەی هەرێم.

**● ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

چەمکی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان پێویستی بە ڕەگەزێکی دیکەی گرنگ هەیە، ئەویش ڕۆڵی سەرۆکە، هەروەها ڕۆڵی سەرکردایەتییەکی دلێرانەو بەهێز کە بتوانێت گشت هەنگاوەکانی دروستکردنی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکات لەڕێی بەهێزکردنی ڕێڕەوەکان کە هەرێم بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبەن، لە حاڵەتی داپۆشین یان لابردن یانیش پەراوێزخستنی هەر شتێك کە ببێتە هۆی پەکخستنی ڕێڕەوی دروستکردنی سەربەخۆیی کە کۆتایی بهێنن بە کات و دەرفەتی گونجاو لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان. بۆیە پێویستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ گرنگیی بە دۆسیی نەوت بدات و ڕاستەوخۆش ئاگاداری داواکاریی و خەمی هاووڵاتیان بێت، هەر کاتێکیش ئیرادەی میللی و هێزی ئابووری بەیەکەوە بوون ئەوکاتە بنەماو بناغەکانی دامەزراندنی دەوڵەت بەهێز دەبن، فرەیی سیاسی و ڕۆشنبیری و تایفی لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە بەشداریکردنی گشت لایەك هەیە (گەل و حکومەت) لە پەرەپێدان و بنیادنانی دەوڵەت بێ پشتگوێ خستن یان پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئەم و ئەو، هەروەها دانانی بەرژەوندیی نیشتمان و گەل لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوە کە دەکرێ ببێتە هاندەر بۆ گەیشتنی ئەم کاروانە بە ئامانجی دیاریکراوی خۆی، هەروەها لە دروستبوونی دەوڵەت بە شێوەی سروشتی لە جیاتی لەدایکبوون بە نەشتەرگەری کە سروشت و شێوەکانی دەوڵەت دەشێوێنێت.

**چەمکی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان پێویستی بە ڕەگەزێکی دیکەی گرنگ هەیە، ئەویش ڕۆڵی سەرۆك و سەرکردایەتییەکی دلێرانە و بەهێزە کە بتوانێت گشت هەنگاوەکانی دروستکردنی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکات**

**● دۆسیی نەوت هێزی سەرەکییە لە دروستکردنی دەوڵەتدا**

لەم ماوەیەی دواییداو بە هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانی بایەخدان بە سامانە سروشتییەکان لە نەوت و غاز، هەرێم بوو بە هەرێمێکی ئابووری لەسەر نەخشەی وزەی جیهاندا، دواژمارەکان دەربارەی دەوڵەمەندبوونی هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت کە ٤،٥٪ی یەدەگی جیهانیی نەوت پێکدەهێنێت، ئاشکرا دەکات و نزیکەی ٦ ترلیۆن مەتر سێجای غاز بووە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی نەوت و غاز لە هەرێمدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی بۆ زیاتر لە نیو ملیۆن بەرمیل لە نەوتی خاو بەرزبێتەوەو توانای بەرهەمی لە ساڵی ٢٠١٦ بگاتە نزیکەی یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، وێڕای بەرهەمهێنانی نزیکەی ٣٥٠ ملیۆن پێی سێجا لە غازی سروشتی کە سەرچاوەی سەرەکیی غازی خۆماڵی و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە لە هەرێمی کوردستان، لەپاڵ دامەزراندنی پاڵاوتگەکانی نەوت بۆ دابینکردنی سووتەمەنی لە هەرێم، بۆیە قەبارەی یەدەگ و بەرهەمهێنانی هەرێم لە نەوت و غاز دوو ئەوەندە دەبێت دوای زیادکردنی ئەو ناوچە کوردیانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە نەوت و غازیان تێدایە کە ئەوانیش کەوتونەتە پارێزگاکانی نەینەواو هەولێرو کەرکوك و دیالە، لەبەرئەوە پێویستە پەلەبکرێت لە بەڕێوەبردنی و ڕێکخستنی کەرتی نەوت لە میانی دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکان کە لە یاسای نەوتی ژمارە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٧ دیاریکراون، چونکە زەحمەتە و تەنانەت ئەستەمیشە بەم شێوەیە دۆسیی نەوت بەڕێوە ببرێت، دوای ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە ساڵی ٢٠١٦ دەگاتە یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، دامەزراندنی ئەو دامەزراوە نەوتییانە لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی بووژاندنەوەو پتەوکردنی هێزی ئابووری بە شێوەیەکی ڕوونتر، هاوکات گەل و قەوارە سیاسیەکانیش لە هەرێم بە تەواوی پشتیوانیی دەکەن. ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم لە دۆسیی نەوت دیارترین ڕەگەز بوو کە بووە هۆی قووڵبوونەوەو فراوانبوونی پێوەندییەکانی هەرێم بە دەوڵەتانی جیهان(ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕوسیاو دەوڵەتانی دیکە) هەروەها سووککردنی کەشوهەوای ڕووبەڕووبوونەوەو ڕەتکردنەوە لەلایەن حکومەتەکانی دەوڵەتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش زیاتر زەمینە خۆش دەکات بۆ کارکردن لە پێناو ئەنجامدانی سەربەخۆیی بۆ هەرێمی کوردستان.

**لەم ماوەیەی دواییدا و بە هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانی بایەخدان بە سامانە سروشتییەکان لە نەوت و غاز، هەرێم بوو بە هەرێمێکی ئابووری لەسەر نەخشەی وزەی جیهاندا**

**● دژایەتیکردنی هەرێم بەمەبەستی پاشگەزبوونەوە لە ئەنجامدانی سەربەخۆیی**

لە میانی بەدواداچوونی ئەم دواییەی سەرهەڵدانی پرۆسەکانی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژە دەکرێت بۆ دژایەتیکردنی هەرێم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە مەبەستی قووڵکردنەوەی قەیرانی دارایی و ئابووری و خزمەتگوزارییەکان دواتر قەیرانە سیاسییەکان کە بە نەرێنی کاریگەریان هەبووە بۆ سەر گوتاری کوردی و شەقامی کوردستانی لە هەموو ڕوویەکەوە لەوانە جموجۆڵ بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەم هەوڵە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەش کە دروستکراون و نەخشەو پیلانیان بۆ داڕێژراوە بەم شێوەیە:

١. بڕینی پشکی هەرێم لە بودجەی حکومەتی فیدراڵ لەوەتەی ١٨ مانگەوە.

٢. فراوانکردنی هێرشەکانی تیرۆر بە درێژایی سنووری هەرێم کە بووە هۆی فراوانبوونی هێڵی بەرەی شەڕ بە زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر.

٣. چۆڵکردنی ناوچەیەکی فراوان لە دانیشتووان بە درێژایی بەرەی شەڕ و بەرزبوونەوەی ژمارەی ئاوارەکان بۆ هەرێم کە گەیشتۆتە نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی.

٤. دژایەتیکردنی جووتیاران بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە میانی دواخستن یان پێنەدانی پارەی گەنمی جووتیاران کە بە حکومەتی فیدراڵ فرۆشراوە.

٥. بەرزکردنەوەی ڕێژەی باجەکان بە پاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە داراییەکان، کە ئەمەش بارگرانیی زیاتری خستۆتە سەر شانی هاووڵاتیان ( ئاو، کارەبا، سووتەمەنی، تەلەفۆن، تەندروستی، ژینگە) و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری.

٦. کردەوەکانی تێکدان بە ڕووی پرۆژەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، هەر لە هەوڵی تیرۆریستان بۆ دەست بەسەرداگرتنی بیرو دامەزراوە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردییەکانی چوارچێوەی ماددەی ١٤٠، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی کە بە نەوت دەوڵەمەندن لە پارێزگاکانی کەرکوک و هەولێر و نەینەوا، بەڵام بە ئازایەتی و خۆڕاگریی گەل و پێشمەرگە قارەمانەکان و پشتیوانیی نێودەوڵەتی ڕێگەنەدرا خەونی چەپەڵی تیرۆریستان بێتەدی.

٧. تەقاندنەوەی بۆریی نەوت کە نەوتی پێدا هەناردە دەکرێ بۆ تورکیا، لەپاڵ هەوڵەکانی دابەزینی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێم و دەوڵەتانی دراوسێ بە مەبەستی زیاتر قووڵکردنەوەی قەیرانی دارایی لە هەرێم لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە کەمکردنەوەی گرنگیی ڕۆڵی دۆسیێی نەوت و غاز و پلان و بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم لە بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت و غاز کە بە ئەرێنی کاردەکاتە سەر کاراکردن و بە هێزکردنی کۆدەنگیی ناوخۆو دەرەوە دەربارەی پێگەی دۆسیێی نەوت و غاز لە دروستکردنی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.

٨. خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت لە بازنەی نەوتیی نێوان قەزوین لە باکوورو کەنداو لە باشوور و باکووری ئەفریقا لە ڕۆژئاوا، ئەمە ڕکابەری و ناکۆکی لە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی نێو ئەو بازنە نەوتییە هێنایە ئاراوە، بە تایبەتیش بە لای تورکیاو عێراق و سوریا، کوردستانی عێراقیش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم بازنەیەو ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە قۆستنەوەی سیماکانی پێگەی کوردستان(ئاسایش و سەقامگیریی و دەوڵەمەندیی لە نەوت و غاز) تا کوردستان ببووە بە پێگەیەکی گرنگ لە نەخشەی هێڵەکانی گەیاندنی نەوت و غاز لە کوردستانەوەو بە پێچەوانەوە بۆ بەندەرەکانی دەریا لە سەر دەریای سپیی ناوەڕاست، ئەمەش بووە هۆی قووڵکردنەوەی قەیرانەکە لە ناوچەکەدا، هەروەها بۆ تەقاندنەوەی بۆریی نەوتی کوردستان لە تورکیادا، هاوکات بۆ ئەگەری تەقاندنەوەی بۆرییەکانی نەوت لە حەوزی دەریای قەزوین و لە باکووری ئەفریقاو جارێکی دیکەش هەڕەشە بۆ سەر ڕێڕەوە ئاوییەکان (گەرووی هورمزو گەرووی عەدەن و نۆکەندی سویس و جەبەل تاریق) بە ڕووی دەریاوانیی نەوتی و بازرگانیدا.

٩. سەرەتاکانی قووڵکردنەوەی قەیرانی سیاسی نێوان هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە میانی وروژاندنی دۆسیێی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پرۆژەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، بە مەبەستی کەمکردنەوە لە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە جووڵاندن و بایەخدان بە گەورەترین و گرنگترین دۆسیێ، کە دۆسیێی ئەنجامدانی سەربەخۆییە تا دەگاتە(ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان) لە دەرفەتێکی گونجاودا، ئەمەش بەسە بۆ پێشکەشکردنی کەمترین زیان لە هەر دەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی ناوخۆیی یان ئیقلیمی، هەروەها پاراستنی قەوارەکەمان بە پشت بەستن بە هێزو ویستی گەل و بنەماکانی دەوڵەت(ئابووری و نەوت و غاز) هاوکات پشت بەستن بە هاوپەیمانەکانمان چ ئەمڕۆ بێت یان سبەی.

**دوای زیادکردنی ئەو ناوچە کوردییانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە نەوت و غازیان تێدایە، قەبارەی یەدەگ و بەرهەمهێنانی هەرێم لە نەوت و غاز دوو ئەوەندە دەبێت**

---

*** ڕاوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

### پرۆفیسۆر ژوبین گودەرزی لە سەنتەر ووردۆ وڵسن بۆ گوڵان:

# پێشبینی دەکەم ئەمریکا و هاوپەیمانان نەک هەر لە رووی سەربازییەوە بەڵکو لە رووی مرۆییشەوە زیاتر هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن

پرۆفیسۆر ژوبین گودەرزی، ئوستادی پێوەندییە دەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ژنێڤ لە سویسرا و توێژەری باڵا و شرۆڤەوانی سیاسییە لە سەنتەری وۆردۆ وڵسون، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشـــتی و سووریا و ئێران بەتایبەتی. تازەترین کتێبیشـــی کە لە مانگی ئایاری رابردوو بە ناونیشانی (ســـووریا و ئێران: کۆتایی رێگەکە؟) چاپ کراوە. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵات و گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ناوچەکە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.



*** چۆن بارودۆخی نالەباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکدەدەیتەوە و ئایا پێتوا نییە بارێکی بێهیوایە و وڵاتەیەکگرتووەکان لەوانەیە لەم ناوچەیە بڕواتە دەرەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە، واتە راستە ناوچەکە زۆر لە ئاژاوەدایە و هەر وەك هەمووومان دەزانین لەبەر بەهاری عەرەبی ٢٠١١ و جەنگی ناوخۆیی لە سووریا و سەرهەڵدانی داعش و پەلهاویشتنی بۆ عێراق، هەروەها ئەو ناسەقامگیرییەی کە پێشتریش هەبووە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە رەگ و ریشەی کێشەکە دوو لایەنەیە، یەکەمیان: لەبەر ئەوەی زۆربەی رژێمەکانی ناوچەکە رژێمی دەسەڵاتخوازن و مافەکانی مرۆڤ بوونیان نییە و چەوساندنەوە و جیاکاری لە ئارادایە، ئەمەش بەشداری کردووە لە قەیرانەکانی میسر و سووریا و سەرهەڵدانی بزووتنەوە توندڕەوەکانی وەك داعش لە سووریا و عێراق و رژێمی دەسەڵاتخوازی ئێران، کە پێموایە هەموو ئەمانە یەکەم هۆی ناسەقامگیرین. هۆکاری دووەم، پێموایە، سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکانە بەوەی کە دەستیان وەرداوەتە ناوچەکە، هەر لە ئەفغانستانەوە لە ٢٠٠١ و عێراق (هێندەی پێوەندی بە دەرئەنجامەکانییەوە هەبێت) لە ٢٠٠٣ و هەروەها لیبیا لە ٢٠١١ دا، پێش ئەو دەستێوەردانانە، دەستێوەردانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان یارمەتیدەر بووە و لە هەندێك حاڵەتیشدا شتەکانی خراپتر کردووە. لە هەمان کاتدا، پێموا نییە زلهێزەکان، ولاتەیەکگرتووەکان و رۆژئاوا، دەستبەرداری دۆخەکە بن، بەڵکو هەوڵدەدەن ئیحتوای بکەن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە باشترین شێوە کە دەکرێت بپارێزن. بەڵام من تا رادەیەك سەرم سوڕماوە لەوەی کە پێوەندی بە سنووورداری کردارەوە هەیە لە عێراق و ئەوەشی لە عێراق و سووریادا دەگوزەرێت، بەوەی کە هەوڵبدرێت شەڕەکە لە سووریا کۆتایی پێبهێندرێت لە رێگەی سەربازی، یان دیپلۆماسییەوە، یان ئەوەی لەعێراقدا هەیە، سەبارەت بە دابینکردنی یارمەتی و هەوڵدان بۆ ئەوەی هەڕەشەی داعش لە ناو ببردرێت.

*** لە روانگەی عێراقییەکانەوە، دەبینین کە دەستێوەردانەکە تا رادەیەك باش نەبووە، بەڵام کاتی کشانەوەی سەربازانی ئەمریکاش ئەمەی خراپتر کرد، چونکە عێراقی بەجێهێشت تا بچێتە دەستی تیرۆریستانی داعشەوە، ئەمەش بەهۆی بەڵێنی هەڵبژاردنی ئۆباماوە کرا، چۆن ئەو کاتی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبینیت؟**

- با بە جیا سەیری هەریەك لە دەستێوەردانەکان بکەین. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە یەکەم دەستێوەردانی ئەمریکا و بیانووەکانی بۆ ئەو دەستێوەردانە بۆ رووخانی سەدام حوسێن کارێکی باش بوو، بەڵام ئەگەر دەرئەنجامە دەستبەجێکانی لێکبدەینەوە، هەر لە دروستکردنی حاکمی مەدەنی و دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی و پۆل بریمەر و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ئەیاد عەلاوی و پاشان بۆ ئیبراهیم جەعفەری و دواتر بۆ نوری مالیکی، هەندێك شت لەم ناوەدا بە شێوەیەکی نادروست کرا. سەرەتا چەند هەڵەیەك کرا لەلایەن ئەمریکیەکان و دواتر لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە، ئەمەریکا سوپای تەواوی بڵاو نەکردبووەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش لە عێراق، تەنیا ١٧٥ هەزار سەربازی بڵاو کردبووەوە، کە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و مەبەستی سەربازی پێویست بوو ٤٥٠ هەزار سەرباز بڵاوبکاتەوە، ئەمەش نەکرا، هەڵەیەکی تر ئەوە بوو کە دەستبەجێ هێزی سوپای عێراق و پۆلیسیان هەڵوەشاندەوە، هەرچەندە دوایی دروستیان کردەوە، بەڵام دەبوایە ئاسایش بە هێزە لۆکاڵییەکان بپارێزن، یان چەکیان پێبدانایە، یاخود هێزی خۆیان بەکار بهێنایە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئارامی، ئەمەش بووە هۆی خراپبوونی ئاسایش و سەرهەڵدانی یاخیبوون. هەڵەیەکی تریش ئەوە بوو کە عێراق پاش ٣٥ ساڵ لە دیکتاتۆری لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا و زنجیرەیەك جەنگ وەك جەنگی عێراق ئێران و جەنگی کوێت و پاشان ساڵی ٢٠٠٣ و ١٣ ساڵ سزای ئابووری و داڕووخانی ژێرخانی ئابوری، پێویستی بە سیاسەتێکی ئابووریی باش هەبوو لەلایەن حکومەتەوە پیادە بکرایە، بەڵام ئەمانە هیچی نەکران و بووە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی زۆر و خراپ بەڕێوەبردن. بۆیە من پێموایە پێدانەوەی دەسەڵات بە عێراقیەکان لە لایەن ئەمریکییەکانەوە پێویست بوو، بەڵام دەبوو سەرەتا رایانبگەیەندایە کە ئێمە تەنیا بۆ ماوەیەك وەك داگیرکار دەمێنینەوە، تاوەکو بارودۆخەکە لە رووی ئەمنی و ئابوورییەوە بەرەوپێش دەچێت، واتە دەبوایە لەو کاتەدا ئەمریکییەکان ئاسایش و سیاسەتێکی ئابووری راستیان رادەستی عێراقییەکان بکردایە، بەڵام ئەوان هەر زوو دەسەڵاتیان دایەوە دەست عێراقییەکان. من پێموایە کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان میراتێکی زۆر خراپی حوکمدارییان بۆ مابووەوە، بۆ نموونە زۆر خەڵك رەخنەیان لە نووری مالکی دەگرت و هەڵەی زۆریشی کرد، حکومەتەکەی مالکی بە خراپ بەڕێوەبردن و گەندەڵی و لایەنداری بۆ شیعەکان دەناسرایەوە، لە هەمانکاتیشدا میراتییەکی ئابوری و ئیداری خراپی بۆ مابووەوە، بۆیە بارودۆخەکە بەرەو خراپی چوو، سیاسەتی جیاکاری دژی عەرەبە سوننەکان پیادە کرا و یاخیبوون دروست بوو، کە دەستەبەری سەربازییان بۆ داعش کرد. بۆیە من پێموایە ئەگەر ئەمریکیەکان رێککەوتنی تایبەت بە کشانەوەیان بە باشی جێبەجێبکردایە، ئەوا دەیانتوانی پاش ١١ ساڵ زۆربەی هێزەکانیان بکشابانەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمەی نەکرد، بۆیە دەتوانین بڵێین کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کاتی خۆی نەبوو، هەروەها نووری مالکی فشارێکی زۆری لەلایەن ئێرانەوە لەسەر بوو، کە نەیاندەویست ئەمریکا بە پاڵەوانی لە عێراق بچێتە دەرەوە.

**داعش یەکێکە لەو هێزانەی شەڕ لەگەڵ رژێمی بەشار ئەسەد دەکات، ئەمەش شتێکە کە لە دوورمەودا دەبێتە هۆی لەناوبردنی رژێمی ئەسەد و هەروەها لاوازکردنی ئێران**

**پێویستە رۆژئاوا و هێزە نێودەوڵەتییەکان زیاتر بێنە مەیدان و دەستەبەری یارمەتی مرۆیی و سەربازی بکەن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دڵنیایی بدەنە حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بارگرانییەکی زیاتر لەسەر حکومەت و خەڵکەکە دروست نەبێت و بە تەنیا نەبن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوارەکاندا**

**گرنگە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی هەوڵبدات بگاتە خۆگونجانێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و کێشە و ناکۆکییەکان وەک هێزێك بەکارنەهێنێت بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی کە رووبەڕووی کورد و عێراق و ناوچەکە بۆتەوە**

*** ســـەرەڕای بوونی بەرهەڵستی ســـەبارەت بە بوونی سوپای ئەمریکی لە عێراق لەلایەن قاعیدەو لە هەمانکاتدا ســـوننە و شـــیعەکانیش لـــە ململانێیەکی تونـــدا بوون و ئەمەش هەر تەنیا لەعێراقدا نییە و پێوەندی بە ســـەرجەم ناوچەکەوە هەیە. ئاگایانی سیاســـی پێیانوایە کە هەموو ئەمانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پەرت کردووە و سیستەمی دەوڵەتیان خســـتووەتە بەر هەڕەشەوە، ئایا پێتوایە ئەمریکا دەتوانێت چی بکات بۆئەوەی شتەکان چاك بکاتەوە؟**

- لەجیهانی ئیســـلامدا ســـوننە زۆرینەیە و شـــیعە کەمینەیە، شـــیعەکان زۆرینەن لە ئێران و عێراق و بەحرێن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمە لەسەر مەزهەب نییە، بەڵکو هەموو شتەکان لەسەر بەهێزکردنی دەســـەڵاتی سیاسییە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، وتم کە هۆکاری سەرەکی هەموو کێشەکان ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان و نەبوونی دیموکراتیزەکـــردن و نوێنەرایەتییـــە، بۆیە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە زۆرینەی ئایینی و ئیتنی هەیە، دەســـەڵات بەدەست کەمینەیەکی ئایینییەوەیە و ئایین بەکاردەهێندرێت وەك ئامرازێك بۆ سیاســـەت، بابگەڕێینـــەوە بۆ عێراق لە سەردەمی بەعسدا کە کەمینەی سوننە حوکمڕانییان دەکرد و زۆرینەش شیعە بوون، یان لە سووریا کە کەمینەی شیعە فەرمانڕەوایـــی دەکات و ســـوننەش زۆرینەن. واتە زۆرینە هەســـتیان دەکرد پەراوێزخراون و ئایینیان کردە ئامرازێك بۆ گەیاندنی نیگەرانییەکانی خۆیان. ئەوە راســـتە ململانێی شـــیعە و ســـوننە لە ئارادایە، بەڵام لە بنەڕەتدا کێشەکان بە هۆی نەبوونی دیموکراســـی و بوونی دەســـەڵاتخوازی و نەبوونی دەرفەتی یەکســـانی ئابووری و نەبوونی ژیانی سیاسییە. ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت بیکات، ئەوەیە کە پتشگیری حکومەتە ناوخۆییەکان بکات، بۆ نموونە لە حاڵەتی عێراقدا هاوکاری حکومەتی عەبادی بکات بۆ ئەوەی حکومەتەکەی هەموو پێکهاتەکان بگرێتەوە لە سوننە و شیعە و کوردەکان لە حکومەتێکی گشتگیردا، لەبەر ئەوەی دواجار ئەگەر بمانەوێت ئیحتیوای توندڕەوی بکەین، وەك داعش و گرووپە توندڕەوەکانی تر، تەنیا هێزی سەربازی بەس نییە و پێویستمان بە چارەسەرێکی سیاسی و هەروەها ئابووریش دەبێت.

*** ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە کێشەکان، دیارە دەستێوەردانی ئەمریکا لە عێراق سەرکەتوو نەبوو، لە لیبیاش هەر بە هەمان شێوە، بەڵام لە ســـووریا هەرچەندە دەستێوەردان نەبوو، بەڵام ئەویش حاڵی لـــە هەردووکیان خراپترە، ئایا پێتـــوا نییە ئەمریکا توانای گۆڕینی نەماوە، یان نایەوێت بیکات؟**

- تۆ نموونەکانت ســـووریا و لیبیایە، راستە ئەم دووانە دوو نموونەی باشن، بەڵام لە هەمان کاتدا دوو حاڵەتی زۆر جیاوازن، ئەویش لەبەر ئەوەی کە نیزامەکەی قەزافی هیچ پشـــتیوانییەکی دەرەکی و نێودەوڵەتی و ئیقلیمی نەبوو، بە هەمان شێوە چەند هاوپەیمانێکی کەمی هەبوو، بۆ ماوەی چل ســـاڵیش حوکمی دیکتاتۆری کـــرد، پاش رووخانی، بۆشـــاییەکی سیاسی دروســـت بوو، بۆیە ئەو گرووپانەی دەرکەوتن، دەســـتیان کرد بە شـــەڕ لەگەڵ یەکتر و فەوزا لە وڵاتدا دروســـت بوو. سەبارەت بە سووریا شتەکە تۆزێك جیاوازە، لەبەر ئەوەی سووریا زۆر گرنگ بوو بۆ هەمووان لە ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکە، سووریا ئێران و حزبوڵڵای هەیە لە ناوچەکە، هەروەها پشـــتگیری رووســـیای هەیە، هەم ســـەربازی و هەم لە ئەنجوومەنی ئاسایش، هەروەها چینیش لە ئەنجوومەنی ئاسایش پشتگیری لێدەکات، بۆیە ئەمریکا راستەوخۆ دەستی لە سووریا وەرنەدا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکـــەی زۆر ئاڵۆزتر بوو لە لیبیا، هەر بۆیە ئەگەر دەستێوەردانی بکردایە، رووبەڕووی رووسیا دەبووەوە و ئێران زیاتر دەستێوەردانی دەکرد. لە هەمان کاتدا بڕوای تەواوی بە ئۆپۆزســـیۆنی ســـووریا نییە، بۆیە ئیدارەی ئۆباما بە شـــێوەیەکی یەکلاکەرەوە رەفتاری نەکرد، لەسەر سووریا و لە سیاســـەتەکانیدا زۆر ســـارد بوو. ئەگەر لە بیرتان بێت لە ٢٠١٣ کاتێك وترا کە بەنیازە دەســـتێوەردانی سەربازی بکات و هێرشی ئاســـمانی دەکات، بەڵام لە دواساتەکاندا پەشـــیمان بووەوە و ئەوەی رووسیای قبووڵکرد کە سووریا چەکـــە کیمیاوییەکانی لەناو دەبات، بۆیە پێموایە ئیدارەی ئۆباما نەیانتوانیوە کارتەکانی خۆی بە باشی بەکار بهێنێت و سەرنجڕاکێش بێت.

*** وەك دەبینـــی هەرێمـــی کوردســـتان پەرلەمـــان و حکومەتـــی خـــۆی هەیە و پێشـــمەرگەش کە ســـوپای هەرێمی کوردســـتانە تەنیا هێزە کە رێی لە داعش گرتووە و کوردستانی پاراستووە، بەم شێوەیەش کوردستان لە رووی واقیعەوە پێوەنـــدی لەگەڵ بەغدا نەمـــاوە و بە درێژایی ١٥٠٠ کیلۆمەتر هاوسنوورە لەگەڵ داعش، لەلایەکی ترەوە بە هۆی داعشـــەوە ژمارەیەکـــی زۆری خەڵك لە عێراق و ســـووریا ئاوارە بوون و روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە کە دەگاتە نزیکەی ملیۆن و نیوێك، ســـەرەڕای ئەوەش لە ٢٠١٤وە حکومەتی ناوەندی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردســـتانی بڕیوە، ئایا پێتوایـــە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە کە مۆدێلێکی دیموکراتییە لە ناوچەکەدا سەرکەوتوو بێت؟**

- گومانـــی تێدا نییە کە هێزەکانی پێشـــمەرگە زۆر کاریگەرن لە بەرپەرچدانەوەی داعش، هەروەها یارمەتیان وەرگرتووە لە ئەمریکا و ئێران و ئێستاش کێشەتان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەیە و کێشەی ملیۆن و نیوێك ئاوارەی ناوخۆیـــی و پەنابەرتان هەیە. من پێموایە لە ناو عێراقدا گرنگە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی هەوڵبدات بگاتە خۆگونجانێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردســـتاندا و

**راستە ململانێی شیعە و سوننە لە ئارادایە، بەڵام لە بنەڕەتدا کێشەکان بە هۆی نەبوونی دیموکراسی و بوونی دەسەڵاتخوازی و نەبوونی دەرفەتی یەکسانی ئابووری و نەبوونی ژیانی سیاسییە**

**هۆکاری سەرەکی هەموو کێشەکان رژێمە دەسەڵاتخوازەکان و نەبوونی دیموکراتیزەکردن و نوێنەرایەتییە**

**پێدانەوەی دەسەڵات بە عێراقییەکان لە لایەن ئەمریکییەکانەوە پێویست بوو، بەڵام دەبوو سەرەتا رایانبگەیەندایە کە ئێمە تەنیا بۆ ماوەیەک وەک داگیرکار دەمێنینەوە، تاوەکو بارودۆخەکە لە رووی ئەمنی و ئابوورییەوە بەرەوپێش دەچێت**

کێشە و ناکۆکییەکان وەك هێزێك بەکارنەهێنێت بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی کە ڕووبەڕووی کورد و عێراق و ناوچەکە بۆتەوە، ئەویش لە کاتی سەرهەڵدانی داعش، هاوکات پێموایە پێویستە ڕۆژئاوا و هێزە نێودەوڵەتییەکان زیاتر بێنە مەیدان و دەستەبەری یارمەتی مرۆیی و سەربازی بکەن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دڵنیایی بدەنە حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بارگرانییەکی زیاتر لەسەر حکومەت و خەڵکەکە دروست نەبێت و بە تەنیا نەبن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوارەکاندا، پێموایە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین تراژیدییەکان کە بارودۆخەکە بەم شێوەیە لێهاتووە، ئەوە بۆ ماوەی چوارساڵ و نیوە سووریا شەڕ تیایدا بەردەوامە و نیوەی دانیشتووانەکەی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا ئاوارە بوون و زیاتر لە چوار ملیۆن لە عێراق و لوبنان و تورکیا و ئەردەن ئاوارە بوون، ئەمەش بووەتە بارگرانییەك بەتایبەتی بەسەر ئەو وڵاتانەی کە توانایەکی دیاریکراویان هەیە، وەك لوبنان و کوردستان و ئەردەن، بۆیە پێموایە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە مرۆییەکان زیاتر بێنە مەیدان و نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سووریا (دی مستورا) چالاکتر بێت و هەوڵ بدات چارەسەرێکی سیاسی، یان سازانێکی سیاسی بدۆزێتەوە بۆ بارودۆخەکە. وەك وتم، بارودۆخەکە بە ڕەش و سپی نابینم بەوەی کە تەنیا شوێن چارەسەری سیاسی، دیپلۆماسی، یان سەربازی بکەوین. من پێموایە بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بوەستێندرێت، پێویستە ڕۆژئاوا -پێموایە هەر ئەوەشە کە ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت-، هەڕەشەی هێزی سەربازی بەکاربهێنێت، وەك هێرشە ئاسمانییە دیاریکراوەکان، تا وا لە ڕژێمی بەشار ئەسەد بکات، بێتە سەر مێزی گفتوگۆ، یان چەند ئامانجێك بۆردومان بکات وەك هەڕەشە و فشار بۆ بەشار ئەسەد و هەوڵ بدات کێشەکە چارەسەر بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە بارێکە و ناوچەکە بەرەو نائارامی دەبات. ئەوروپا و ڕۆژئاوا هەرایەکی گەورەیان لەسەر پەنابەران دروستکردووە، کە لە عێراق و سوریا و ئەریترییاوە بۆ دەریای ناوەڕاست دێن، بەڵام ئەوانە هیچ نین بە بەراورد بەو پەنابەرانەی کە لە ناوچەکەدا هەن، بۆیە دانیشتووان و خەڵکی ناوخۆیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بارە قورسەکەیان هەڵگرتووە، نەك ڕۆژئاواییەکان.

**مالکی فشارێکی زۆری لەلایەن ئێرانەوە لەسەر بوو، کە نەیاندەویست ئەمریکا بە پاڵەوانی لە عێراق بچێتە دەرەوە**

*** زۆر کەس باس لە بژاردەی سەربازی دەکەن لەلایەن ئەمریکاوە بۆ لەناوبردنی داعش، بەڵام ئایا پێتوایە بەبێ ئاشتکردنەوەی پێکهاتەکان، بەتایبەتی سوونەکان ئەمە چارەسەر بێت؟**

- بەدڵنیاییەوە ڕاست دەکەی، وەك منیش پێشتر وتم، پێویستمان بە وەڵامدانەوەی سەربازی هەیە، بەڵام سەرکەوتنی دوورمەودا پشت دەبەستێت بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی لە ناو عێراقدا بەوەی کە زیاتر حکومەتێکی هەمەلایەنە و گشتگیر و سیستەمێکی سیاسی و ئابووری وا هەبێت کە هەموو خەڵکی عێراق، بە عەرەب و کورد و سوننە وشیعە نوێنەرایەتی بکەن. بەدڵنیاییەوە پێویستە لە ماوەی دووردا ئەوە بکرێت، بەڵام لە ئێستادا بەدڵنیاییەوە پێویستان بە وەڵامدانەوەی سەربازی هەیە. لە هەمان کاتدا من سەرم سوڕماوە و نازانم کە ڕۆژئاوا و ئیدارەی ئەمریکی بۆ ناتوانن بڕیار بدەن، یان بەڕاستی بوونی داعش چارەیەکی کەم مەودایە و لەوانەیە باش بێت بۆیان، چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش، حکومەتی عێراقی پشت بە یارمەتی سەربازی ئەمریکی دەبەستێت و هەروەها لەبەر ئەوەی کە داعش یەکێکە لەو هێزانەی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکات، ئەمەش شتێکە کە لە دوورمەودا دەبێتە هۆی لەناوبردنی ڕژێمی ئەسەد، هەروەها لاوازکردنی ئێران، چونکە ئێران پاڵپشتی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکات. من دڵنیا نیم کە ئایا بەڕاستی ئیدارەی ئەمریکی ناتوانێت بڕیار بدات، یان بۆ خۆی یارییەکی دوو سەرە دەکات.

*** چۆن لە ڕۆڵی تورکیا دەڕوانیت لەم ناوەدا؟**

- کاتێك لە ساڵی ٢٠١١ لە سووریا قەیران دروست بوو، تورکیا داوای لە سووریا کرد کە کراوە بێت و سیستەمی سیاسی لیبراڵیزە بکات، بەڵام کاتێك ڕژێمی ئەسەد ئەمەی نەکرد و خۆپیشاندانەکانی سەرکوت کرد، تورکیا پشتگیری خۆپیشاندانەکانی لە ڕێی ئۆپۆزسیۆنی سووریاوە کرد، پاشان بە تێپەڕبوونی کات ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە ماوەی چوار ساڵ و نیودا ڕادیکاڵتر بوون و بزووتنەوەی توندڕەویان لێدەرچوو، وەك بەرەی نوسرە و داعش و جەیش ئەلفەتح و لە و کاتەوە پشتگیری تورکیا و قەتەر و سعودیەیان بەدەستهێنا. لەو کاتەوە تورکیا بەشداری کردووە لە کێشەکانی ئێستای سوریادا و هەروەها تورکەکان دوودڵ بوون لەوەی ڕێبدەن کوردانی عێراق یارمەتی بە کوردانی کۆبانێ بدەن. پێموایە بەشێك لەمە پێوەندی بەوەوە هەیە کە حکومەتی ئەردۆگان ئەجێندایەکی سیاسی و ناوخۆیی هەبووە، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا پارتە کوردییەکان لە تورکیا شتی باشیان بەدەستهێنا و تورکیا دەیەوێت بە لێدانی پەکەکە لە باکووری عێراق و هەڵگیرسانی شەڕ لە دژی کوردەکان ڕادەی جەماوەریی گرووپە کوردییەکان بێنێتە خوارەوە، بە دڵنیاییەوە تورکیا دەستی کرد بە لێدانی داعشیش، بەڵام پێموایە تورکیا بەشداریکردووە لەو بارودۆخە نالەبارەی لە سووریادا هەیە. ئەگەر سەیری سەرتاپای ڕۆڵی تورکیا بکەین، لەماوەی ئەم چوارساڵ و نیوەدا، دەبینین تورکیا لەڕێی ئامانجەکانییەوە بارودۆخەکەی خراپتر و ئاڵۆزتر کردووە لە جیاتی ئەوەی چارەسەری بکات.

**ئەگەر سەیری سەرتاپای ڕۆڵی تورکیا بکەین، لە ماوەی ئەم چوارساڵ و نیوەدا، دەبینین تورکیا لەڕێی ئامانجەکانیەوە بارودۆخەکەی خراپتر و ئاڵۆزتر کردووە لە جیاتی ئەوەی چارەسەری بکات**

# بە شیعەکردنی حوکمڕانی لە عێراق

ڕاپۆرتی گوڵان – بەغدا



دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند دەیەیەك دەسەڵات لەدەستی سوننەكانی عێراقدا بوو، لە ساڵی ٢٠٠٣وە شیعەكان حوكمڕانیی ئەم وڵاتە دەكەن، هەردوولاش سەلماندیان كە لەم بوارەدا شكستیان هێناوە، یەكەمیان لەبەر ئەوە سەرنەكەوت، چونكە هەڵەیەكی زۆری سیاسی و هەرەمەكی گرتەبەر لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەمە وێڕای تاكڕەویكردن لە بەڕێوەبردنی حوكمڕانیی بۆ بەرژەوەندیی یەك مەزهەب، كە توانی حوكمڕانیی وڵات بۆ چەندین دەیە كۆنترۆڵ بكات، ئەویش بە سەپاندنی بەلاوەنان و پەراوێزخستن و تەعریب كردن و پشتگوێخستنی مەزهەب و نەتەوە و ئایینەكانی دیكە، دووەمیان دەوڵەتی زۆرینەی شیعەیە كە لە دوای رووخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ هەمان سیاسەتی پشتگوێخستنی مەزهەب و نەتەوە و ئایینەكانی دیكەی گرتۆتەبەر. ئایا ئومێدی ئەوە هەیە كە عێراق دۆخێكی ئارامی پێكەوەژیانی هەبێت، یان شیعەكان هەر بەم رەفتار و شێوازەی خۆیان لە بەڕێوەبردنی حوكمڕانیی عێراق بەردەوام دەبن؟

**● ئەو مەینەتی و كارەساتەی بەرۆكی عێراقیان گرتووە**

عێراق وڵاتێكە ئەوەی كە هەیەتی كەم دەوڵەتی دیكەی جیهان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەیەتی، عێراق خاوەنی سامانی نەوتە، دووەم وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان لە هەناردەكردنی نەوت، ئەمە وێڕای سامانی سروشتی و كانزاكان، بەڵام ئەوەی ئێستا لەو مەینەتییەی پێوەی دەناڵێنێت، هەرگیز كۆتایی نایەت مادام ئەو حوكمڕانییە تاكڕەوییە بەردەوام بێت كە لەوەتەی ٢٠٠٣وە وڵات بەڕێوە دەبات. نامانەوێت بگەڕێینەوە دواوە و باس لە كارەسات و ماڵوێرانی و ستەم و گەندەڵی بكەین، بەڵكو دەمانەوێت سەردەمێكی تازە دەست پێبكەین، ئەوەی هاووڵاتیان دەیانەویست بە یەكجاری تێكچوو و نەهاتەدی، لەلایەك شكستی سیاسی و رەفتاری تاكڕەویانە و هیواپێدانی وەهمی و خەیاڵی، لەلایەكی دیكەشەوە تێكچوونی شیرازەی دۆخی ئەمنی و سەقامگیری و بەهەدەردانی ئابووریی وڵات.

«حكومەتی عێراق بە پشتیوانیی ئەمریكا و ئێران پێكهات، دوای ئەوەی لە حوكمڕانیی سوننەكان بۆ چەند دەیە نائومێد بوون، بەڵام تای تەرازووەكە بەلایەكی دیكەدا كەوتەوە، شیعەكان بە درێژایی ١٢ ساڵی حوكمڕانییان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، فەرمان لە شاری قومی ئێرانی وەردەگرن». ئەمە قسەی عادل زوبەیدی توێژەری سیاسی بوو لە بەغدا كە بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند.

زوبەیدی هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە سیاسەتی باڵای عێراق بێ لایەن و سەربەخۆ نییە، ئەوەوی حوكم دەكات فەرمان لە ئێران و مەرجەعە ئایینییەكان وەردەگرێت، بۆیە عێراق بۆتە سوپایەكی شیعە، بەتایبەتیش دوای ئەو گۆڕانكارییەی لە سوپاو رەوشی نالەباری ئەمنی رووی دا، دوای ئەوەی داعشی تیرۆریست هاتنە عێراق، كە دواتر حەشدی شەعبی پێكهێندرا كە هەموویان لە مەزهەبی شیعەن، ئەمە سەرباری پێكهێنانی دەیان فەوجی دیكە لەژێر ناو و ناونیشانی جیاوازدا، وەك سوپای نیشتمانی، یان پاسەوانی نیشتمانی و . تاد، دامەزراون.

**● سیاسەتی شیعەو سوننە لە عێراق هۆكاری دەربەدەریی ملیۆنەها هاووڵاتی بوون**

هەرچەندە شێوازی حوكمڕانیی سوننەو شیعە لە عێراق جیاوازیی زۆریان هەیە، بەڵام هەردووكیان تەنیا لەیەك بابەتدا یەكدەگرنەوە ئەویش دەربەدەركردن و بێبەش كردنی ملیۆنان كەسی ئەم وڵاتەیە لە مافەكانیان، ئەوەی لەسەردەمی سوننە دەگوزەرا تەنیا دژایەتیكردنی شیعەو كورد بوو، ئەوان پرۆسەی ئاوارەكردن و دەربەدەركردنی زۆرەملێیان پەیڕەو دەكرد، بە هەزاران گوندی كوردیان خاپووركرد و بە هەزارانی هاووڵاتی كوردیشیان قەتلوعام كرد، لەسەردەمی حوكمڕانیی شیعەش لە عێراق ملیۆنەها هاووڵاتی ناچاربوون وڵات بەجێ بێڵن یاخود ئاوارەو دەربەدەر بن، ئەویش بە هۆی سیاسەتی سەربازی و ئەمنیی حكومەت، كە رێگەی بەوەدا داعش بێتە ناو خاكی عێراقەوە بە تایبەتیش شارەكانی ناوچەی رۆژئاوا، ئەمە سەرباری پرۆسەكانی تێكدان و راوەدونان بە درێژایی ١٢ ساڵ كە بە ملیۆنەها هاووڵاتی سڤیل و بێ تاوان بوونە قوربانی.

**● كۆتایی عێراق تەنیا بە قسە نییە بەڵكو واقیع حاڵە**

رافع حەسەنی كە توێژەرێكی سیاسییە بە گوڵانی وت: «هەموو ئامار و داتا و راپۆرتە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەكان و شرۆڤەكردنە سیاسییەكانی دەرەوە و ناوخۆ، سەلماندوویانە كە عێراق لە رووی ئەمنی و سیاسی و سەربازی و ئابووری و تەندروستی و ژینگەو كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و تەكنەلۆجیا بە رێژەی ٧٠٪ پاشەكشەی كردووە، بۆیە لە ئێستادا عێراق لە دۆخێكی رووخاوو هەرەسهێناوی ئابووری و سەربازی

**هەرچەندە شێوازی حوكمڕانیی سوننە و شیعە لە عێراق جیاوازیی زۆریان هەیە، بەڵام هەردووكیان تەنیا لەیەك بابەتدا یەكدەگرنەوە، ئەویش دەربەدەركردن و بێبەشكردنی ملیۆنان كەسی ئەم وڵاتەیە لە مافەكانیان**

و ئەمنی و پاشکەوتووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییدا دەژی، لە سایەی بودجەیەکدا کە دەوڵەت بۆ چەند ساڵێکە پەیڕەوی دەکات، لە ئەنجامی سیاسەتێکی چەوت کە بەرپرسان لە عێراق گرتوویانەتەبەر».
حەسەنی زیاتر دەڵێت: «حکومەتی عێراق ناوچەی رۆژئاوای لەدەست چوو، هاوکات ناوچەی رۆژهەڵات و بەتایبەتیش ناوچەکانی باشووری عێراق، لە ئێستاشدا زیاتر بیر لە پاراستنی تەنیا بەغداو دەوروبەری دەکاتەوە لە رێی ئەو میلیشیایانەی کە بڵاوی کردوونەتەوە». هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە «زۆربەی سیاسەتوانان دوای ئەوەی لە بنیادنانەوەی ماڵی عێراقدا شکستیان هێنا، لە هەڵوێستەکانیان و ئەدای سیاسی و لێدوانە بریقەدارەکانیان پاشگەزبوونەتەوە.»

**● سیاسەت شەڕی بەرژەوەندییەکانە**

سیاسەت هونەری هەموو ئەگەرەکانە و چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکیش پێویستە دیاری بکرێت، بەڵام عێراق بە هەزاران کێشە و هەڵە و سیاسەتی ستەمکاریی تێدایە کە ژیانی ملیۆنەها کەسی کردۆتە قوربانی، کاتێ لە دەیەکانی رابردوودا گوێمان لەوە دەبوو کە جەزائیر وڵاتی ملیۆن شەهیدە، بەڵام لەئێستادا عێراق بۆتە وڵاتی ملیۆن شەهید ئەگەر بە راستی شەهیدیش بن، مستەفا ئیسماعیل چاودێری سیاسی رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو بەوەی کە ئەو سازش لەسەر سیاسەتی کوردی ناکات و رقیشی لێ نابێتەوە، بۆیە گوتی: دان بەوەدا دەنێم کە کورد توانیویانە وێنای سیاسەتێکی واقیعییانە بکێشن کە زۆر لەوەی عێراق جیاوازە، ئەوان توانیویانە بەلای کەم ئاسایش و سەقامگیری بۆ هاووڵاتیان دابین بکەن، سیاسەتێکی سەقامگیریی ئابووری بگرنەبەر، بە چاوپۆشی لەو بارودۆخەی ئێستا لەئارادایە لە ئەنجامی شەڕ دژی تیرۆریستانی داعش، وێڕای ئەوەی توانیویانە قەوارەیەك دروست بکەن کە دەتوانم بڵێم دیموکراسییە، هاوکات توانیویانە پشتیوانی لە هەموو نەتەوەییەکان بکەن و داکۆکیش لە سوننەو شیعەی ئاوارەی کوردستان بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی لە عێراق حوکمڕانیی دەکەن تەنیا بۆ خۆیان و حزب و مەزهەب و خزم و نزیکەکانیان کاردەکەن ناتوانن سیاسەتی داهاتووی وڵات بۆ نەوەکانی داهاتوو بنیادبنێن، هیچ چارەسەرێك بۆ عێراق نییە تەنیا گۆڕینی رووی سیاسی نەبێت، هەروەها پاراستنی هموو عێراقییەکان و جیاوازیی نەکردن لە نێوان ئایین و ئایینزاو نەتەوەکان و کەمە نەتەوەییەکاندا، لە چوارچێوەی سەقامگیریی ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و مافی هاووڵاتیدا.

**● عەبادی لە وەڵامی خۆپیشاندانەکاندا بەڵێنی پلانێکی چاکسازیی سەرتاسەری دەدات**

حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق پەیمانی داوە کە پلانێکی سەرتاسەریی چاکسازیی رابگەیەنێت، پابەندبوونی خۆیشی بە رێنماییەکانی مەرجەعە ئاینییەکان دووپاتکردەوە، کە داوایان لێکرد زیاتر ئازاو چاونەترس بێت لە هەنگاوەکانی چاکسازیدا، بەڵام رایگەیاند کە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی پێویستی بە هاوکاریی هێزە سیاسییەکان هەیە.
پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دەوڵەتی دعوە دەوڵەتی ئەنجومەنی باڵا و دەوڵەتی ئیئتلافی هێزەکان و تۆڕەکانی بەرژەوەندییە حزبییەکان و سازانی گەندەڵکاران و پەرلەمان و حکومەت رێگە بە عەبادی دەدەن هیچ پلانێکی چاکسازی جێبەجێ بکات؟
رۆژی هەینی رابردووش مەرجەعییەتی ئایینی و بەر لە چەند سەعاتێك لە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان کە چەندین شاری عێراقی گرتەوە، داوای لە عەبادی کردبوو کە لە هەنگاوەکانی چاکسازیدا ئازاو نەترس بێت و بە دەستی ئاسنین لە هەر یەکێك بدات کە گاڵتە بە سامانی میللەت دەکەن، داواشی لێکرد دوودڵ نەبێت لە لابردنی بەرپرسانی گەندەڵ هەتا ئەگەر لەلایەن هێزی سیاسیشەوە پشتیوانی لێبکرێت، هاوکات سڵ لە رەتکردنەوە و پەڵپ گرتنیان نەکاتەوە.
شێخ ئەحمەد سافی نوێنەری مەرجەعییە لە کەربەلا لە میانی وتاری رۆژی هەینیدا لە نێو مەرقەدی ئیمام حوسێن (ر.خ) رایگەیاند کە پێویستە سەرۆك وەزیران زیاتر ئازاو چاونەترس بێت لە هەنگاوەکانی چاکسازیدا، پێویستە هەنگاوی توند بگرێتەبەر لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا، داواشی لێکرد کە هەموو دەستکەوت و دەرماڵە ناپەسندەکان کە دراونەتە بەرپرسانی ئێستای دەوڵەت و ئەوانی پێشتریش هەڵوەشێنێتەوە. مەرجەعییەت داوای لە عەبادی کرد کە لە لابردنی بەرپرسە گەندەڵەکان دوودڵ و نیگەران نەبێت، هەتا ئەگەر پشتیوانیشی لێبکرێت، داواشی کرد کە ئەو کەسانە ئاشکرا بکات کە تەگەرە و ئاستەنگ دەخەنە بەردەم هەنگاوەکانی چاکسازیی پێویست، بۆیە دەبێ سەرۆك وەزیران هێزە سیاسییەکان بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی و ئاماژەش بەو کەسە بکات کە تەگەرەی بۆ دروست دەکات و پێویستیشە هەموو پشکایەتیی حزبی و تایفەگەری وەلاوەبنێت.

**مەرجەعییەتی ئایینی و بەر لە چەند سەعاتێک لە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان داوای لە عەبادی کردبوو کە لە هەنگاوەکانی چاکسازیدا ئازا بێت و بە دەستی ئاسنین لە هەر یەکێک بدات کە گاڵتە بە سامانی میللەت دەکەن**